# ئەستێڵکە مەزنەکە



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

پیتەر تێرسن

# ئەستێڵکە مەزنەکە

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:

فاروق هۆمەر



سەرپەرشتیاری زنجیرەی شانۆی بیانی

**دانا ڕەئووف**

ناوی کتێب: ئەستێڵکە مەزنەکە – شانۆنامە
نووسینی: پیتەر تێرسن
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: فاروق هۆمەر
خوێندنەوەی: ئیسماعیل حەمە ئەمین
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٨٥٢
هەڵەگری: بۆکان نووری + شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، ٢٠٠٩
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ٢١٦ی ساڵی ٢٠٠٩ی دراوەتێ

## پێشەکی و ناساندن

هەروەکو ئارنۆڵد وێسکەر و جۆن ئۆزبۆرن و هارۆڵد پنتەر و ئەوانی تر، پیتەر تێرسنیش بەیەکێک لەو نووسەرە شانۆییانە دادەنرێت کە لەو کێڵگە فراوانەی شانۆی بەریتانییەوە هاتووەتە دنیای نووسینەوە، بەڵام بەپێچەوانەی هەندێک لە شانۆییەکانی ئەو نووسەرانە، شانۆییەکانی تێرسن زیاتر وێنە و ڕەنگدانەوەی کەلەپووری بەریتانییە و لە ڕێی زمان و کارەکتەری شانۆییەکانییەوە گوزارشتی لەو تەنیاییەی مرۆڤ کردووە کە بەدەست خاک و کارەکەیەوە دووچاری دێ. هەروەک چۆن لە شانۆیی " موونی و کارەڤانەکەی " وێنەی کەسێتی موونی کێشاوە، ئەو کرێکارە بەدبەختەی کە هەوڵ دەدات لە گوندەکەیدا ژیانێکی باشی هەبێت، هەر بەهەمان شێوەش وێنەی چێرچی لە شانۆیی " ئەستێڵکە مەزنەکە " دا کێشاوە، ئەو پیاوەی لەگەڵ کۆمەڵێک پەیکەری پلاستیکیدا کە لە باخچە پچکۆلەکەیدا دایناون، لە نووسینگەیەکدا کار دەکا و شوێن ئەو دەنگە ڕوحییەی ئەستێڵکێک دەکەوێت کە کەوتووەتە لادێیەکی لا تەریکەوە.

لە شانۆیی "ئەو شەوەی فریشتەکان دەگرین" کەسێتی "هێربۆ"شی بەهەمان شێوە کێشاوە، ئەو پیاوەی دەکەوێتە شوێن "دیزیڵ" ئەو کەسێتییەی کە خۆی بەپاڵەوان دەزانێ و لەسەر گیرفانی خەڵکی دەخواتەوە. دیزیڵ هێربۆی نەگبەت و هەڵەتە بوو دەباتە هەڵەموتی شاخێک و لەوێوە بەردەبێتەوە خوارێ.



تێرسن هەمیشە بەشێوازی " وتوێژێکی سادەی سەر زمانی خەڵکی" کەسایەتییەکانی خۆی دادەڕێژێت، لەسەر شێوازی چێژبەخشینی دوور لە بنەما کە بەردەوام دەمانگەڕێنێتەوە بۆ سەرچاوەکانی کار و ژیانی ڕۆژانە و ئەو ناوەندە کۆمەڵایەتییەی کە خۆی فامی تێدا کردووەتەوە و تێیدا پەروەردە بووە. دەکرێ بگوترێ وزە و سەرچاوەی نووسینەکانی تێرسن لەو توانایەوە هەناسەیان وەرگرتووە.

لە ساڵی ١٩٦٣ وە تێرسن زیاد لە شەست و پێنج دەقی شانۆی نووسیوە کە لە نێوانیاندا درامای ڕادیۆیی و تەلەفیزۆنیشی تێدا بوون، کە زۆربەیان " پیتەر چیسمەن" لەسەر شانۆی ڤکتۆریا بۆ شانۆی دەرهێناون. ئەگەرچی ماڵی ڤکتۆریا کۆمەڵێک ماڵی گچکە گچکەن بەڵام کۆمپانیایەکی ناوچەیی گرینگن کە ڕۆڵێکی گەورەیان لەسەر ئاستی داهێنان وەک شانۆیەکی بەردەوام لە ناوخۆی بەریتانیادا گێڕاوە و بەشێوەیەکی بنچینەییش بەوە ناسراوە کە دەستگیرۆیی شانۆنووسە گەنجەکان دەکات و گەشە بەو دۆکۆمێنت و سەرچاوانە دەدات کە لەسەر کەسایەتی و پیشەگەری ناوەخۆ دامەزراون. تێرسن بۆ خۆشی یەکێک بووە لەو نووسەرە گەنجانەی کە بەوە ناسراوە کە دەستگیرۆیی ئەو نووسەرە گەنجانەی کردووە و گەشەی بەگەلێک کەرەسە و کەسایەتی ناوچەیی داوە. تێرسن کۆمەڵێک شانۆیشی بۆ مایکڵ کرافت نووسیوە کە دامەزرێنەری شانۆی نەتەوەیی لاوانە و دواتر لە ڕێی مایکڵەوە ناوبانگێکی جیهانی بەدەست هێناوە. بەلایەنی کەمەوە ١٠ دەقی شانۆیی تێرسن وەک بەرهەمەکانی "وێست ئێند" وەرگێراوە و لە ساڵی ١٩٦٧ دا بەهاوبەشی لەگەڵ "پیتەر نیکلس"

پاداشتێکی زۆر باڵای جان وایتنگی لە ئەنجوومەنی هونەری بەریتانی بەدەست هێناوە.

بەشانۆیی " ئاهەنگی ڕاوە ماسی" یش لە ساڵی ١٩٧٢ دا پاداشتی یەکێتی نووسەرانی بەریتانیای بۆ باشترین دەقی شانۆیی ڕادیۆیی وەرگرتووە.

پیتەر پاترسن تێرسن لە ١٦ی جۆزەردانی ١٩٣٢ دا لە "نیو کاسڵ" لە دایک بووە.

دەربارەی ژیانی خۆی دەڵێت «من کوڕی دارتاشێک بووم کە هەموو شارەزایی ئەو لەسەر کولتوور و ڕۆشنبیری ڕۆژنامەی هێرڵدی چاپەکەی بەرنارد شۆ بووە لەگەڵ کۆمەڵێک لە شانۆییەکانی شەکسپیر کە هەرگیز پەڕەکانی هەڵنەدرابوونەوە»

لە جەنگی جیهانی دووەمدا لە نیوکاسڵ ڕۆژگاری منداڵی لەوپەڕی نەبوونی و کەساسیدا بردووەتە سەر، دواتر ئەو ڕووداوانە بوونەتە بابەتی درێژترین دەقی شانۆیی تا ئێستا بڵاونەکراوەی بەناوی "دیلەکانی جەنگ " کە لە ساڵی ١٩٧١ دا لەلایەن " کۆمپانیای تاینسایتی شانۆیی" لە نیوکاسڵ نمایش کراوە. نۆستالۆجیا و هێواش تێپەڕینی سەقامگیربوونی ئاشتی، هەموو ئەو قۆناغانە دادەپۆشی کە لە هەڵگیرسانی جەنگەوە دەست پێ دەکەن تا بەساڵە بەراییەکانی ئاشتی دەگەن و ئەو دیمەنانەی جەنگ کە تێکەڵ بەخەیاڵ و فەنتازیای ئەو منالانە بوون کە لە حەوشەی پشتەوەی ماڵەکانی تاینسایتا کاتە ساردەکانی ژیانیان بردووەتە سەر.

ئەو ڕەشایی و تەمومژە پیشەسازییەش کە باڵی بەسەر دنیای نیوکاسلا کێشابوو بووبوونە باکگراوندی گەلێک لەو شانۆییە



هاوچەرخانەی کە لەسەر شانۆی نیشتمانی لاوان نمایش دەکران.

تێرسن، قوتابی دواناوەندی هیتنی بووە و هەر لە سەرەتاوە گرینگی بەهونەری شێوەکاری داوە، لە تەمەنی پانزە ساڵیدا دواناوەندی بەجێ هێشتووە و وەک نەخشەکێش کاری کردووە. پاشی ماوەیەک پێوەندی کردووە بەهێزی ئاسمانی پاشاییەوە و لە ساڵی ١٩٥٠ وە بۆ ماوەی دوو ساڵ خزمەتی نیشتمانی خۆی بەجێ هێناوە و پاش تەواوبوونیشی، دوو ساڵ مامۆستا بووە لە کۆلیجی " ڕێد لاند " لە شاری "برستڵ " دواتر لە گەلێک شوێنی جیاواز مامۆستایی کردووە، لە نیوکاسڵ، نۆرز ئەمبەرلاند، وستر، بەڵام تێرسن هەرگیز خۆی لەو کارەدا بەسەرکەوتوو نەبینیوە.

بۆ خۆی دەڵێ «هەرگیز گومانم لەوە نییە کە کاتێ قوتابخانەم بەجێ هێشت دەبوو کارێک بەتەواوی فێربوومایە. چینی کرێکار هەندێ جار هونەرمەندی ڕاستەقینە دەخوڵقێنێ بەڵام پێم وا نییە ئەمە لەگەڵ منا وا بێت. پێم وایە بەهەڵە هەندێ لە پریشکی ئەو بارانەم بەرکەوتبێت، ئەوە دەزانیت کە من هەرگیز بۆ پیشەی مامۆستایی نەگونجاوم؟ بۆیە دەبێت لە بارەی ئەوەوە بنووسم»

لەو وشانەدا ئەو گوشارە سەرەکییە دەبینینەوە کە لە نێوان کاری ڕۆژانەی تێرسن و کاری داهێنەرانەی ئەودا هەستی پێ دەکەین، وەک لاوێکی کرێکار ئەوەی دەزانی کە چۆن کاری سروشتی هەڵبسەنگێنێ و لەوەش دەچێ کە ویستبێتی لە کارەکتەری شانۆییەکانی خۆی بچێت. بەشێوەیەکی سروشتی سەرسام بووە بەو کارەکتەرە ناوخۆیانەی کە بەئارەقی ناوچەوان نانیان پەیدا کردووە و بەشێوەیەکی سادە ژیاون، سەرەڕای ئەوەش کاتێ کە کاری

داهێنەرانەی خولْقاندووە خۆی دوور خستووەتەوە لە سەرچاوەی ئیلهامەکانی و بۆ پێوەندییە واقعییەکانی خۆی گەڕاوەتەوە.

لە ساڵی ١٩٥٥ دا تێرسن ژیانی هاوسەری لەگەڵ " شیلا بێلی " پێک دێنێ و لە " دۆڵی ئیڤە شەم " کە ناوچەیەکی کشتوکاڵی بەناوبانگی " وستر " ە سەرقاڵی مامۆستایی دەبێ و هەر لەوێشەوە دەست بەکاری نووسین دەکات. ئەنگێزەی نووسین لە کاتی لەدایکبوونی یەکەم منداڵیانەوە دەست پێ دەکات، زۆر لە ئێواران کاتێ کە خەریکی بەخێوکردنی منداڵەکەی دەبێت دەست دەکات بەنووسینی یەکەم ڕۆمانی درێژی کە دواجار تەواوی ناکات و لە جیاتی ئەوە دەست دەکات بەنووسینەوەی گفتوگۆکانی کەسایەتییەکانی ناو ڕۆمانەکە و لە لای دەبێتە شانۆییەکی یەک پەردەیی بەناوی " هەڵاتن " کە نیشانی پیتەر چیسمەنی دەدات و ئەوەش دەبێتە سەرەتایەک بۆ هاوڕێیەتییەکی درێژخایەن لە نێوان تێرسن و چیسمەن دا و دەرگە لەسەر پاشەڕۆژێکی بەپیت والا دەکات. دواتر چیسمەن داوەتی تێرسن دەکات بۆ شانۆ و ئەوەش دەبێتە سەرەتایەکی گرینگ بۆ تێرسن و بۆ تەقینەوەی تواناکانی.

تێرسن سێ کاری شانۆیی بۆ شانۆی ڤکتۆریا دەنووسێت و دواتر لە ئەنجوومەنی هونەر وەک نووسەرێکی شانۆیی دادەمەزرێت، بەم دامەزراندنەش تێرسن سێیەم نووسەری شانۆیی بوو کە لەلایەن ئەم ئەنجوومەنەوە دەستنیشان بکرێت. ئەم سەرکەوتنەی تێرسن ڕێگە خۆشکەر بوو کە گەلێک ناوەندی شانۆیی تر بیر لەوە بکەنەوە کە نووسەرانی لاوی شانۆ هان بدەن و وەک نووسەرانی شانۆ دایان بمەزرێنن.



ئەو ماوەیەی کارکردنی لە شانۆی ڤکتۆریا ڕۆڵێکی گرینگی لە پەروەردەکردنی تێرسنا بینی وەک نووسەرێکی شانۆیی. چیسمەنیش روحێکی جوانی بەشانۆییەکانی بەخشی تەنانەت بەو دەقانەشی کە هێشتا تەواو کامڵ نەبووبوون. هەروەها تێرسن ڕاسپێررا کە گەلێک دۆکۆمێنت و لێکۆڵینەوە بۆ ئەو کۆمپانیایە بنووسێت و گەلێک دەقی شانۆییش لە چیرۆک و ڕۆمانە ناوەخۆییەکانەوە بۆ شانۆ ئامادە بکات. ئەم کارانە گەلێک یاریدەی تواناکانی نووسینی دا کە مامەڵە لەگەڵ بابەت گەلێک بکات کە لە گەوهەردا بابەتی سەرنجڕاکێش نەبوون، بەڵام بوون بە سەرچاوەیەکی گرینگ تا وەکو نووسەرێکی شانۆیی کارامە لە نووسین ئازادی بکات.

بۆ خۆی دەربارەی ئەو قۆناغە دەڵێت «بەرلەوەی ببمە نووسەرێکی کارامە، مەبەستم ئەو کاتانەیە کە مامۆستا بووم یان خەریکی نووسین بووم، هەوڵم دەدا پێشبینی سەرتەختەی شانۆ یان پەردە و دیمەنەکان و ئەکتەرەکان و هەموو پێکهێنەرەکانی تری شانۆ بکەم، بەڵام هەمیشە دەگەیشتم بەتاریکی و هیچم بۆ نەدەهاتە بەرهەم و بۆم نەدەکرا هەموو ئەو شتانە بەتەواوی ئەنجام بدەم. کاتێک کە بۆ یەکەم جار چیسمەنم ناسی و داوەتی کردم بۆ بینینی شانۆ. بەدەنگ داواکەیەوە هاتم و شانۆم بینی. ئیدی هاتەوە یادم کە ئەو پانتاییە خڕە هەر هەمان ئەو پانتاییەیە کە ڕۆژگارێ بۆ خۆی لە یادەوەریمدا هەبوو. ئێستا ئیدی هەموو شتەکان بەڕوونتر دەبینم. ئێستا دەتوانم دڵنیا بم کە ئەو پانتاییە خڕە لە مێشکمدا بەرجەستە بووە و هەر ئەوەندەیە کە مێشکم ببێتە شانۆ، کەم و زۆر هەر هەمان شتە»

شانۆییەکانی تێرسن بەسەر سێ قۆناغدا دابەش دەبن، ئەو

شانۆییانەی کە لە " دۆڵی ئیڤە شەم " نووسیونی کە دەربارەی هاوڕێکانی و ئەو شارەزاییەی لەسەر دنیای کشتوکاڵ هەیبووە لە "وستر ". ئەو شانۆییانەی دەکەونە ئەم قۆناغەوە تێکەڵن لە هەستێکی قووڵی شاعیرانە، خوێنەر لە دوای خوێندنەوەی بەرهەمە شانۆییەکانی هەست دەکات ئەزموونی شاعیرێکی وەک دیلان تۆماسی خوێندووەتەوە.

تێرسن زۆر بەقووڵی وێنەی دنیایەکمان بۆ دەکێشێ کە چۆن جەنگ سروشت و مرۆڤی پێکەوە ناشرین کردووە.

ئەو شانۆییانەی کاتێک لەگەڵ شانۆی ڤکتۆریا کاری کردووە لە کورتە چیرۆک و ڕۆمانگەلێکەوە بۆ شانۆی ئامادە کردوون، ئەم قوناغەی تێرسن کەمتر داهێنان و جوانکاری پێوە دیارە، دەکرێ تەنیا وەک مەشق و ڕاهێنانێک تەماشای بکەین کە دواتر تواناکانی لە بەرهەمەکانی دیدا و لە قۆناغێکی دواترا دەگاتە دوا پلەی جوانکاری.

ئەو شانۆییانەی کە بۆ " شانۆی نەتەوەیی لاوان " نووسیونی، لەم قۆناغەدا تێرسن وەک نووسەرێکی قاڵبوو دەگاتە دوا پلەی کەماڵی خۆی و زیاتر وەک نووسەرێکی جیهانی دەناسرێت کە دواتر لەلایەن ڕەخنەگرانێکی وەک " جان راسل تێلەر " و " دان ریبالاتۆ " وە لە ڕیزی ئەو نووسەرانە پۆلێن دەکرێ کە وەک پێکهێنەرانی شانۆی هەفتاکانی بەریتانیا ناویان دێ، کە بەشەپۆلی دووەم دەناسرێتەوە یان بەنووسەرانی تووڕە. ئەم شەپۆلە زیاتر لە دوای نمایشکردنی "بەتووڕەیی ئاوڕێک لە ڕابردوو بدەرەوە"ی جون ئۆزبۆرن دەناسرێتەوە.

یەکێک لەو سیفاتە گرینگانەی کە دەکرێ لە زۆربەی شانۆییەکانی تێرسندا بەدی بکەین، ئەو بێهودەییە کە جیهان لە دوای هەردوو



جەنگی جیهانگیرییەوە بەخۆیەوە بینی. کە دواجار ئەو روحە بێهودەییە لە زۆربەی نووسەرانی شەستەکان و هەفتاکانی شانۆی بەریتانیدا بەدی دەکەین، کە دیارترینیان هارۆڵد پنتەرە. ڕەنگە لە ئەستێڵکە مەزنەکەدا زۆر بەڕوونی ئەو بێهودەییە هەست پێ بکەین، کە هەندێ جار تا دوا ڕادەی بێزاربوون کێشمان دەکات، بەڵام تێرسن بەزیرەکی و شارەزاییی خۆی لە چۆنیەتی داڕشتنی دیالۆگەکاندا ئەو بێزاربوونە تێکەڵ بەئیستاتیکایەکی وێنەیی و شیعری دەکات کە خوێنەر دەگەیەنێتە ئاستی سەرسامبوون.

تێرسن بۆ خۆی دەربارەی ئیشەکانی دەڵێ: «پێم وایە هەرکەسێک بیەوێ لەسەر شانۆییەکانم بنووسێ دەبێ ئەو تابلۆیانە ببینێ کە بەوپەڕی بوێری و سادەییەوە  تا ئەوەندەی دڵت دەیگرێت ڕەنگم لەسەر ڕشتوون و بابەتەکانیشی گەلێک سادە و ڕۆشنن، ڕوخساری پیاوێک، شەقامێک و دەوروبەرەکەی. من نازانم بۆچی ئەو تابلۆیانە دەکێشم، کاتێکیش کە تەواویان دەکەم زۆربەیان فڕێ دەدەم. پێم وایە شانۆییەکانیشم تا ڕادەیەک لە تابلۆکانم بچن. من گریمانەی ئەوە دەکەم کە لە کەسێکی سەرەتایی شێت دەچم» ئێمە ئێستا هیچ یەکێک لەو تابلۆیانەمان لەبەر دەستدا نییە کە تێرسن لە کاتی نووسینا کێشاونی، بەڵام ئەگەر بەوردی سەرنج لەو دیالۆگانە بدەین کە لە نێوان دران و چێرچا دەگوترێن دەکرێ زۆر بەئاسانی هەست بەو روحە هونەرییە بکەین کە تێرسن هەیبووە. چ لە ئەستێڵکە مەزنەکە و چ لە سەرجەم شانۆییەکانی تردا دنیایەک ئاماژە و دیمەن هەن کە خوێنەر لە بەردەم پێشانگەیەکی هونەری بەرز و باڵادا سەراسیمە ڕادەگرێت.

تووڕەییش بەیەکێکی تر لە سیفاتەکانی شانۆی تێرسن دادەنرێ و ئەوەش بۆ سایکۆلۆجیەتی منداڵی خۆی دەگەڕێتەوە، کاتێ کە منداڵ بووە و لە حەوشەی ماڵەکەیانەوە دیمەنە ترسناکەکانی جەنگ هێواش هێواش کاری تێ کردووە، ڕەنگە بەشێوەیەک لە شێوەکان ئەو هەڵچوون و تووڕەییەی ئەستێڵەکە، هەمان ئەو تووڕەیی و هەڵچوونەی نێو ناخی تێرسن بێ بەرانبەر بەدنیایەک کە جەنگ هیچ جوانییەکی تێدا نەهێشتووەتەوە.

تێرسن بۆ خۆی ئەو شانۆییانەی کە لە " دۆڵی ئیڤە شەم " بەرهەمی هێناون لە هەموو کارەکانی تری زیاتر بەلای خۆیەوە گرینگترن و بەڕەنگدانەوەی هەستی هەقیقی ژیان و بەهەڵگری ڕوانینی فەلسەفی قووڵی خۆی بۆ دنیا دەبینێ کە لە نێوان ساڵانی ١٩٦٣ تا ١٩٦٦ نووسیونی و گوزارشتی لە هەست و سۆزی خۆی کردووە لەو پێوەندییەی کە هەیبووە لەگەڵ خاک و لەگەڵ ئەو خەڵکە سادە و گوندییانەی کە لە نێویان ژیاوە، هەروەها گوزارشت لەو ترس و توندوتیژییەش کە خۆیان لە نێو ژینی لادێدا حەشار داوە. ئەوانیش شانۆیی " ئەو شەوەی فریشتەکان دەگرین ١٩٦٤ "

" ئەستێڵکە مەزنەکە ١٩٦٤ " " مشکەکە هەڵدێ ١٩٦٥ " " بەڕێز تادی شەرافەتمەند ١٩٦٦ " " موونی و کەرەڤانەکەی ١٩٦٨ " " کێشەیەک لە گردی بەنێت ١٩٧٠ "

کە ڕووداوەکانی لە دەوروپشتی " دۆڵی ئیڤە شەم " ڕوو دەدەن. گەلێک شانۆیی تر کە لە ساڵەکانی دواترا نووسیونی وەک " من بەرپرسیارم لە هەموو ئەو وێرانییە ١٩٦٦"

" سامرییەکان ١٩٧١ " " بەڵام فرۆید، فرۆید مرد ١٩٧٢ " کە لە



ژینگە و شوێنەوارێکی جیاوازترا ڕوو دەدەن، بەڵام لە ڕووی بابەت و دیمەنەوە یان لە ڕووی مانا و ڕوانینەوە دەچنەوە نێو هەمان ڕۆژگاری ئیڤە شەمەوە. ئەو شوێنەوارە کشتوکاڵییە دابڕاوە لە دنیا بووە سەرچاوەی گەلێک شانۆیی و کەسایەتی گرینگ کە لە مێشک و زیرەکی تێرسنەوە لە دایک بوون و شانۆی بەریتانی تا ئەمڕۆ شانازییان پێوە دەکات. دەکرێ خوێنەری کورد لە دوای خوێندنەوەی " ئەستێڵکە مەزنەکە " پەی بەو نهێنییانە بەرێ کە لەو دەقە سادە و قووڵەدا خۆی نیشان دەدات.

دیمەنی سەرەکی لە ئەستێڵکە مەزنەکەدا ئەو ئەستێڵکە زەبەلاحەیە کە ڕۆژێک تووڕە دەبێ و هەموو باخچە و زەوییە پڕ خێر و بەرەکەتەکانی ئیڤە شەم دەخاتە سەر ئاو.

ڕووداوەکانی ئەم شانۆییە لە سەربانی ئەستێڵکەکە و لە ناو ساباتێکدا ڕوو دەدەن کە ساباتی درانە، ئەو پیاوەی سەرپەرشتی ئەستێڵکەکە دەکات. چێرچ دانیشتوویەکی ئەو دۆڵەیە و سەردەکەوێتە سەر ئەستێڵکەکە تا تەماشای دیمەنە سروشتییەکان بکات.

ئەو پیاوەی کە کارمەندێکی میرییە و ڕۆژانە لە خانووەکەی خۆیەوە کە دەکەوێتە نزیک گوندێکەوە دەچێتە چێڵتنهام بۆ شوێن کارەکەی، باخچەیەکی چکۆڵەی هەیە کە کۆمەڵێک پەیکەری پلاستیکی لە دەوروپشتی حەوزێکی پلاستیکی خڕ کردووەتەوە و پڕی کردووە لە بەردی رەنگاوڕەنگ. لە یەکێک لە گفتوگۆکانیدا دەڵێ:

"بەڵام من.. کە هەندێک جار.. من کە تەماشای دەوروپشتی خۆم دەکەم هەموو پیاوەکانی تر سەرگەرمن بە شتێکەوە... بە کێڵان و بژارکردن و چاندن و دروێنەوە... لە کێڵگەکانیاندا کار دەکەن تا خۆر

ئاوابوون. ڕەنج دەدەن تا تینوێتی زۆریان بۆ دێنێ و دواجار ڕوو دەکەنە یانەیەک و تا تاریکبوون شەرابی سێو دەخۆنەوە. بەڵام لە کاتێکا.. تۆ دەزانیت.. من هەرگیز لە باخەکەدا بێجگە لە تەنکە ئارەقێک کە کاکاوێک دەتوانێت تینوێتییەکەم بشکێنێت ئارەقم نەکردووەتەوە"

چێرچ و دران سەرگەرمی خواردنەوەی شەرابی قۆخ و هەڵووژەن و ئەستێڵەکە دەبێتە هێمایەکی ترسناک کە سەرچاوەی لەو ترسە ناوەکییەوە گرتووە کە لە ناخیاندا خۆی حەشارداوە و تا دێت ترسناک و ترسناکتر دەبێت و ئیدی بەئاسانی بەری پێ ناگیرێت. تێرسن دەیەوێت گوزارشت لە ترسناکی ئەو نهێنییانە بکات کە لە ناخی مرۆڤا خۆیان حەشار داوە و لە ڕووی ترسناکییەوە بەهاوتای کارەساتە سروشتییەکانی دەشوبهێنێت.

**دران:** تۆ دەزانیت، کە دەتوانیت گوێ لە قسەکانی بگریت. شەوانە ئەگەر بەوردی گوێی بۆ شل بکەیت دەتوانیت گوێت لە قسەکانی بێت.

**چێرچ:** بەڵێ، تێگەیشتم. باوکم دەیگووت چینە خەڵووزەکان قسە دەکەن.

**دران:** دەتەوێت تێ بگەیت لەوەی کە چی دەڵێت؟

**چێرچ:** پێم بڵێ، باسی چی دەکات؟ داوای چی دەکات؟

**دران:** دەربارەی پێویستییەکانی خۆی قسە دەکات، ورتە ورتێتی و لەبەر خۆیەوە دەدوێت. دەزانی بۆچی هاوارێتی؟

**چێرچ:** پێم بڵێ؟



**دران:** تۆ قەت نەتبیستووە لە ئەستێڵەکەی بلۆکلی چی قەوماوە.

دران باسی ئەوەی بۆ دەکات کە چۆن لە بلۆکلی ئەستێڵکێک پیاوێکی خنکاندووە. دواجار چێرچیش بەهەمان چارەنووسی ئەو پیاوە شوێن بانگەوازی ئەستێڵەکە دەکەوێت و لە نێو ئەستێڵەکە بەهەڵواسراوی دەدۆزرێتەوە.

سەرچاوەکان:

1- Penguin plays, New English Dramatists 11 A Night Make The Angels Weep, By Peter Terson

2- Penguin plays, New English Dramatists 14. The Mighty Reservoy, By peter Terson

# ڕۆشنبیر وەک فیگورێکی نادیار

من لە ئاسۆگەدا چەندەها دەوڵەتی بەڕەونەق دەبینم، کە
ڕۆشنبیریان لە زیندانەکانیاندا بەندکردووە.

"میشێل فۆکۆ"

١

ڕۆشنبیر لەم دنیایەدا قەدەرێتی کە چەندەها پێناسەی جۆراوجۆری بۆ بکرێت، هەر لە ڕۆشنبیری تەقلیدییەوە بیگرە تاوەکو دەگاتە ڕۆشنبیری مەسلەکی و وەزیفی، ڕۆشنبیری شۆڕشگێڕ، ڕۆشنبیری چالاک و ئۆرگانی و زۆر پێناسەی تر. هەمیشە ڕۆشنبیر ئەو فیگورە، ئەو کەسە، ئەو پاڵەوانە بووە، کە جێگەی سەرسوڕمان و پرسیار و گومان بووە. هەر لە سەرەتای لەدایکبوونی ناوی "ڕۆشنبیر" لە سەدەی نۆزدەیەمەوە، ئەم فیگورە کەوتووەتە بەردەم چەندەها ڕاڤەکردن و لە زۆربەی جاردا هەڵە لێکدانەوە، لە زۆر کاتیشدا هێرشکردنە سەر. لەلایەن ناسیونالیەتی کولتوورییەوە مۆرکی " نامۆ بەنیشتمان " و خائین بەنەتەوەی پێوە لکێنراوە، مارکسییەکان ڕۆشنبیر " بەبۆرژوازی بچووک " و توێژێکی لاواز و ڕاڕای لە قەڵەم دەدەن، کە پێویستە لە نێو ئەڵقە ڕۆشنبیرەکانی مارکسی- لینینییەتدا قاڵ بێتەوە، دەنا وەک خۆی بوودەڵە و لاواز و هەلپەرست دەمێنێتەوە. لەلایەن گرووپە ئاینییەکانی دنیایەوە لە کریستومەوە بیگرە تاوەکو ئیسلامەوییەکان





بەکەسێکی " نامۆ و کافر " و بێ ئەخلاقی بەئاین و بەها ڕوحییەکانی تێ دەگەن. لەلایەن فەیلەسووفەکانیشەوە هەمیشە فیگورێکی سەرنجڕاکێش بووە.

*(میشیل فۆکۆ) ئینکاری لە بوونی شتێک کردووە کە ناوی ڕۆشنبیر بێت، بەڕای فۆکۆ هەمیشە ڕۆشنبیر فیگورێکی نەناسراو، نادیار، ئانانۆم Anonym بووە، کە شوناسێکی شاراوە و نادیاری هەبووە.* ڕۆشنبیر خۆیشی کە سەیری جێگەی خۆی کردووە لە ژیاندا هەوڵی داوە ئەو پێناسە نادیارە قووڵتر بکاتەوە، هەمیشە حەزی کردووە لە نێو چەقی گوتراوەکاندا بێت. لەوانەیە ئەمە زیاتر ڕۆشنبیر بکاتە پاڵەوانێکی سەرنجڕاکێش کە هێزێکی سێکسواڵی لەخۆیدا شاردبێتەوە، هەمیشە ئافرەت و پیاوەکان دەیانەوێت بزانن، ڕۆشنبیر چۆن دەژی؟ چۆن بیر دەکاتەوە و تا چ ڕادەیەک مەترسیدارە بۆ سەر ژیانیان؟!. هەمیشە ناوی ڕۆشنبیر جێگەی سەرنجڕاکێشانی پیاو و ژنەکانی ئەم دنیایە بووە، لە هەمان کاتیشدا جووڵێنەری زۆر ڕق و دژایەتیکردنە لەلایەن دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی و سیاسی باو. ڕۆشنبیر هەمیشە لە نێو پارتی سیاسیدا کەسێکە جێگەی گومانە و ترسێکی ئەبەدی دەسەڵات هەیە، لە بەخشینی دەسەڵات بەیەکێک بەتەواوەتی بەڕۆشنبیر پێناسە بکرێت. دەبێت سیاسییەکان خاوەن ڕۆشنبیرییەکی دیاریکراوی سیاسی بن، بۆ ئەوەی بتوانن دەسەڵات هەڵسووڕێنن، دەنا ئەگەر فیگورێکی پڕاوپڕی ڕۆشنبیری بن لە نێو سیاسەتدا، ئەوا ڕۆشنبیریان هاوکێشەکانی دەسەڵات و سیاسەت ئاوەژوو دەکاتەوە. ڕۆشنبیر لە نێو مێگەڵی کۆمەڵایەتیشدا هەمان ئیشکالیەتی هەیە، کرێکارێکی ڕۆشنبیر، مامۆستایەکی ڕۆشنبیر،

فەرمانبەرێکی ڕۆشنبیر، مەلایەکی ڕۆشنبیر، قەشەیەکی ڕۆشنبیر، بەردەوام لەلایەن هاوەڵەکانیانەوە چاودێری دەکرێن، هەڵەکانیان دووقات لەسەر دەژمێردرێت. ڕۆشنبیر بوونەوەرێکی نەناسراوە و ئەوانی تر هەمیشە بەئارەزووی خۆیان هەوڵی پێناسەکردن و کارەکتەریزەکردنی دەدەن. بەم شێوەیە چەندە ڕۆشنبیر هەوڵ بدات شوێنای خۆی لە دنیادا ڕوون بکاتەوە، خۆی لە نادیارەوە بکاتە دیار، ئەوا هێزێکی گەورە هەیە لە دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی و ئاینی کە حەزی بەوە هەیە ئەم فیگورە بەنەناسراوی و بەنادیاری بمێنێتەوە، بۆ هیچ نا، تەنیا بۆ ئەوەی بەئارەزووی خۆی، خودی خۆی سەرلەنوێ پێناسە بکاتەوە، دەستەمۆی بکات لە نێو خۆیدا.

میشێل فۆکۆ لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی" لۆمۆند " ڕۆشنبیر بەو کەسە تێ دەگات کە تاوانبار کراوە لە بەرامبەر هەموو شتێک لەم ژیانەدا "*تاوانبارە بەقسەکردن، گوناهبارە بەوەی بێدەنگ بووە، تاوانبارە بەوەی خۆی لە هەموو شتێک هەڵدەقورتێنێت.. لۆمۆند* ١٩٨٠ " ئەمەش زیاتر وێنەی ڕۆشنبیر کێشەبەندتر دەکاتەوە وەک لە هەقیقەتی خۆی. دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئاینی زیاتر یاری لەسەر ئەم فیگورە دەکەن، بەنادیارێک، بەنەناسراوێک، دەیهێڵنەوە. هێشتنەوەی ڕۆشنبیر بەنادیار و نەناسراو و نامۆ تاکتیکێکی دەسەڵاتە بۆ ئەوەی لە کاریگەری ڕۆشنبیر کەم بکاتەوە، مادامەکی نادیارە، یاخۆ نیمچە دیارە، کەواتە پێناسە و هیپۆتێزەکانی دەسەڵات لەم کەلێنەدا دەتوانێت یاری خۆی بکات، دەتوانێت وەهمەکانی خۆی بخاتە سەر شانی ڕۆشنبیر، ڕەخنەکانی بەمەترسی و حوکمی پێشینە گەمارۆ بدات، فۆکۆ گوتەنی: وشەکانیان دەگەڕێنەوە بۆ



سەرچاوەکانیان، بۆ ئەوەی گۆڕەوشار بکرێت، بشاردرێتەوە، بڵاوەی پێ بکرێت و لە جەوهەری بەتاڵ بکرێتەوە.

لەم زۆرانبازییەی لە نێوان دەسەڵات و ڕۆشنبیردا پێویستە ڕۆشنبیر بەنەناسراوی بمێنێتەوە، بەڵام بەپێچەوانەی ئەم کارکردنەی دەسەڵاتەوە ڕۆشنبیر هەمیشە هەوڵ دەدات خۆی پێناسە بکات، لە نێو کتێبەوە بێتەوە نێو ژیان، لە نێو ئەبستراکتەوە " تەجریدەوە " بۆ نێو گۆمی لێخنی ڕیاڵ، لە نێو بیرکردنەوەی زۆر و گۆشەگیرییەوە هەڵوێستی خۆی نمایش بکات. ڕۆشنبیر لەسەر زۆربەی لایەنەکانی ژیانی خۆی قسە دەکات، دەنووسێت و بیرکردنەوەی خۆی دەگەیەنێت، ڕەخنە دەگرێت و دنیا تەفسیر دەکات، کەچی ئەم هەمەلایەنە قسەکردنەی ڕۆشنبیر، چەندە تیشک دەخاتە سەر ئاڵۆزییەکانی ژیان، ئەوەندەش وێناکردنی خۆی ئاڵۆزتر دەکاتەوە، ئاوەها دەکات کە شوناسێکی دیاریکراو وەرنەگرێت، چەپ یان ڕاست یان خاوەن بیروڕایەکی جێگیر، ڕۆشنبیر لە نێو ئەم ناجێگیرییەدا شوناسی خۆی وەک فیگورێکی نادیار و ئاڵۆز و نامۆ و ناواز قووڵتر دەکاتەوە. دەسەڵات پێویستی بەوەیە کە ڕۆشنبیر پێناسە بکاتەوە، وەک هەویر بیشێلێت و فۆرمی پێ بەخشێت، پێویستی بەوە هەیە بەنادیاری بهێڵێتەوە و نەناسراو بێت. بەمانای بۆ *ئەوەی کۆمەڵگە بتوانێت بەئاسوودەگی بخەوێت*، پێویستە ڕۆشنبیر *لە سووچەکاندا بەنادیاری* بمێنێتەوە.

## ٢

یەکێک لەو کێشەبەندییە سەرەکییانەی شانۆگەری "*ئەستێڵکە مەزنەکە*"ی "*پیتەر تێرسن*" کە سەرنجی ڕاکێشام، وێناکردنی

ڕۆشنبیره له نێو ژیاندا . ژیان بههەموو پانوپۆڕی و ئاسۆگه فراوانهکانییهوه و ڕۆشنبیرش وهک بوونهوهرێکی نهناسراو له نێو ئهم دنیایهدا . ئهم کێشهبهندییه گرفتی نێوان دوو کهسی سهرهکی ئهم شانۆگهرییهن چێرچ و دران که له بهرامبهریاندا ئهستێرکێکی فراوان خۆی ڕاکێشاوه، ئهو ئهستێرکه له ڕهههنده ڕهمزییهکهوه لێی بڕوانین ژیانه بههەموو دوورییهکانییهوه. چێرچ لهم شانۆگهرییهدا ڕۆشنبیره، یاخۆ لهسهر زمانی دران، پاسهوانی بهنداوهکه، بهڕۆشنبیرێک له قهڵهم دهدرێت. دران کۆنه جووتیاره و زهوییهکهی فرۆشتووهتهوه و پاسهوانی بهنداوهکهیه، نهێنگری ئهستێرکه گهورهکهیه. دران دهزانێت له کوێدا درزهکان ڕۆژ بهڕۆژ خۆیان ڕادهکێشن. له نێوان ئهم دوو فیگوره یهکێک له پهڕاوێزی بیرۆ و ئۆفیسه تهریکهکانی بیروکراتیهته و یهکێکیش له نێوهڕاستی ژیاندا ، گفتوگۆیهکی ههمه لایهن و پڕ ئازار و خۆشنوود دهست پێ دهکات. ئهوهی لهم شانۆگهرییهی "تێرسن" دا تێبینی دهکهین، سهرکهوتنی پله بهپلهی گفتوگۆکانه بهنهرمی له سفرهوه بۆ پلهیهکی باڵا، له ئاسانهوه بۆ ئاڵۆزی، له لهسهرخۆیهوه بۆ شێتایهتی، له دواجاردا له ژیانهوه بۆ مردن. ئهم جۆره *شێوازی گێڕانهوهیه پابهنده بهو زمانه هێمنهی نووسهری شانۆگهرییهکه و له ههمان کاتیشدا پابهنده بهوهرگێڕانی بهسهلیقه و هێمنی برای ئازیزمان "فاروق هۆمهر"ی چیرۆکنووس و شانۆکار*. خوێنهری ئهم شانۆگهرییه له سهرهتادا ههست بهبێزارییهکی کهم دهکات، ههست بهناڕهحهتییهک دهکات، لهوهی چهند لاپهڕهیهک سهبری پێویسته بۆ ئهوهی ورده ورده و لهسهرخۆ بخلیسکێته نێو ڕووداوهکانهوه. ڕووداوی نێوان دوو کهس بهدوو جۆر شێوازی ژیانی جیاوازهوه، ژیانی



ڕۆشنبیرێکی مهسلهکی و تهقلیدی و ژیانی " زۆربا " ئاسایانهی مرۆڤێک که لهگهڵ ژیاندا دهجهنگێ. یهکێک وهستاوه و سهیر دهکات و تهماشاکاره و بیرکهرهوهیه که ڕۆشنبیره. یهکێکیش بکهرهو جهنگاوهره و شهڕکهرێکی شێتی نێو جهنگهکانی ژیانه. یهکێک له پهڕاوێزێکی هێمندایه و یهکێکیش له نێو چهقێکی پڕ ئاشووب و سهرکێشیدایه. یهکێک بههێمنی ئێواران سهیری بهرنامه کولتوورییهکان دهکات و کێک دهخوات، یهکێکیش ئێواران پاسهوانی بهنداوهکه دهکات نهبادا درزهکانی گهوره بن و بتهقێت و گوندهکه ئاو بیبات. یهکێک سهیری شهپۆلهکان دهکات و یهکێکیش له بهردهمی ئهگهری ڕاماڵینێتی لهگهڵ داروپهردوودا . یهکێکیان ڕۆشنبیره که سهیر دهکات و یهکێکیش شهڕ دهکات.

٣

ئهم هاوکێشهیهی نێوان ڕۆشنبیر و ژیان بابهتێکی دیاره له ئهدهبیاتی دنیادا " نیکۆس کازانتزاکی" له ڕۆمانه بهناوبانگهکهیدا "زۆربا" ههمان بابهت له گۆشهنیگایهکی ترهوه تاوتوێ دهکات. زۆربا کرێکارێکی سهرکێشه و لهگهڵ پاڵهوانی ڕۆمانهکهدا یهکتر دهناسن، ڕۆمانی زۆربا بهکهسی یهکهمی تاک نووسراوه و تهعبیره له منی نووسهرێک که ڕۆمان و چیرۆک و ڕهخنهی ئهدهبی دهنووسێت و بڕیاری داوه کانه خهڵووزێکی باپیرانی زیندوو بکاتهوه. لهم خاڵهوه دوو جیهانبینی جیاواز و سهرنجڕاکێش بهریهکتری دهکهون. جیهانی ڕۆشنبیرێک که له نێو کتێبدا دهژی و جیهانی زۆربا که له جهنگدا بهشداری کردووه و ههموو ژیانی لهم شار بۆ ئهو شار و لهم ئیش بۆ ئهوی تر بهسهربردووه. بهریهککهوتن لهگهڵ کێشمهکێشی ژیاندا یهکهم

ئەزموونی نووسەرە لە مامەڵەیدا لەگەڵ خەڵکی گوند و زۆربادا. ئەوەی نووسەر یان بەدەربڕینێکی تر ڕۆشنبیر تێ دەکەوێت، تووشبوونێتی لە نێو ژیاندا، تووشبوونێک بەرەو ناسینی دوورییەکانی تری ژیان ڕاپێچی دەکات. فیگوری ڕۆشنبیر لە دیدی کازانتزاکییەوە، فیگورێکە جارێکی تر خۆی بەژیان دەناسێنێتەوە، هەر وەک ئەوەی لەوەوپێش بوونی نەبووبێت، هەر وەک ئەوەی لەوەو پێش لە بەرامبەر ژیاندا نەناسراو بووبێت. ڕۆشنبیر لە نادیارەوە دێتەوە نێو دیار، لە پشتەوێنەکانەوە باز هەڵدەداتە نێو ژیانەوە، لە نێو کتێبەوە بۆ نێو هەراوزەنا و قەرەباڵغی، لە وەستانەوە بۆ سەماکردن لەگەڵ زۆربای سەرکێشدا. لە دیدی ڕۆمانی زۆربای کازانتزاکی، فیگوری ڕۆشنبیر لە کتێبەوە جارێکی تر دەچێتەوە نێو ژیان و سەما دەکات لەگەڵ واقیعدا، شەڕ دەکات و دەجەنگێت و تێکەڵی کۆڕاڵی کێشمەکێشەکانی ژیان دەبێت، فیگورێکە لە ژیانەوە فێر دەبێت و ژیان دەبێتە گەنجینەیەکی تر بۆ فراوانکردنی ئەزموونی ڕۆشنبیریی. لەم دیدە گەشبینەوە ڕۆمانی زۆربا ڕۆمانی فیگوری ڕۆشنبیرە لە نەناسراوە بۆ ناسراو، لە پشتەوێنەوە بۆ نێو چەقی وێنە، لە سێبەرەوە بۆ بەر خۆری ژیان. ڕۆشنبیر لەم گۆشەنیگایەوە لە نەناسراوەوە دەبێتە جەنگاوەر و شەڕکەرێک لە پێناو جیهاندا.

٤

لە ڕۆمانی "مندالانی نیوەشەو"ی "سەلمان ڕوشدی" ڕۆشنبیر بەریەککەوتنێکی سەختی هەیە لەگەڵ ژیاندا، بەریەککەوتنێک فیگوری ڕۆشنبیر لە فیگورێکی نەناسراوەوە بۆ فیگورێکی جەنگاوەر و لە دواجاریشدا بەنادیار وێنای دەکاتەوە. جووڵەی ڕۆشنبیر لە فیگوری



سەرەکی ڕۆمانەکەدا خۆی بەرجەستە دەکات، جووڵەی ئەم فیگورە لەم ڕۆمانەدا لە" هایدلبێرگ " دەست پێ دەکات، کاتێک خوێندکارێکی هیندی ڕەچەڵەک و موسوڵمان لە زانکۆی هایدلبێرگ لە کۆلیژی پزیشکی دەخوێنێت. لەوێ خەون بەوە دەبینێت لە گەڕانەوەیدا هەموو توانایەکی زانستی خۆی بۆ چارەسەری نەخۆشەکانی ناوچەکەی تەرخان بکات، لەسەر زەوی ئەورووپاوە خەون بەگۆڕینی پارچەیەک لە دنیایەکی تر دەبینێت، کە لەسەر کیشوەرێکی تر خۆی ڕاکێشاوە. تەنانەت پێوەندی خۆشەویستی لەگەڵ هاوڕێ کیژە ئەڵمانەکەیدا ئەوەندە بەهەند وەرناگرێت، بەڕای ئەم ئەکادیمییە ڕۆشنبیرە، هەموو زانستەکان دەبێت بگەڕێنەوە بۆ ئەوێ، هەموو پێوەندییەکان و تواناکانیش دەبێت لەوێ ڕایەڵ بکرێن و پەرەی پێ بدرێن. هەر شتێک بەئەڵمانیاوە پابەندی بکات بۆ ئەو جێگەی سەرنج نییە، هەموو شتێک دەبێت لەسەر زەوی خەیاڵەکانی ئەوێدا، لە هندستان ڕوو بدەن. ڕۆشنبیر لەم ڕۆمانەدا کەسێکی خەوبینە، خاوەن یۆتۆبیایەکی تایبەتە لەسەر شوێن و کەس و پێوەندییەکان، وا مەزندە دەکات لەو ناوچە هەژار و دواکەوتووانەی زێدی لەدایکبوونی، لە داهاتوودا وەک دکتۆرێک پێشوازی گەرمی لێ دەکرێت، دەتوانێت وەک پاڵەوانێکی ئەفسانەیی بەسەر نەخۆشییەکانی ناوچەکەیدا سەرکەوێت *"سەلیم سینایی" ناوی ئەو خەوبینە، ئەکادیمییە، پرۆتاگۆنیستە، یۆتۆبیستەیە، کە لە نێو جیهانی زانستەوە لە دنیای ڕیاڵ دەڕوانێت.* ئەو کەسێکە سەرقاڵە بەزانستە پزیشکییەکان، دەزانێت کە خەڵکی ئەوێ بەدەست نەخۆشیی جۆراوجۆرەوە دەناڵێنن، ئەوەی ئەو بیری لێ دەکاتەوە دەرمان و میتۆدی پزیشکییە، نەک بیروباوەڕەکان، هەرگیز

لەو بڕوایەدا نییە کە ئەوەی ڕێگرە لە بەردەم چارەسەری نەخۆشە جەستەییەکان خورافەکانی ئاینە کە لە هەموو کون و کەلەبەرێکەوە پەلاماری زانست دەدات. ئەوە خورافەیە کە نایەڵێت ڕۆشنبیرێکی وەک سەلیم سینایی لە نادیارەوە ببێت بەدیار، ئەوە خورافەی ئاینییە کە ڕۆشنبیر دەکاتەوە بەنەبینراوێکی لاتەریک و پەڕاوێزخراوی ژیان.

لە دوای ساڵانێکی دوورودرێژ دوکتۆر سەلیم سینایی دەگەڕێتەوە بۆ ناوچەکەی، هەر لە کاتی پەڕینەوەیدا لەسەر قەیاغەکە بەرامبەر خورافە دەبێتەوە وەک واقیعێکی بینراوو دیار و هەستپێکراوو هەڵسووڕاو. قەیاغەوان پیاوێکی پیرە و حەکیمێکە ساڵانێکە خۆی نەشوشتووە، خۆشتن و پاک و خاوێنی لە دیدی قەیاغەوانەوە جۆرێکە لە پیسبوونی ڕوح، خۆشوشتن ڕوحیانەتی پیاوچاکان و جادووی ڕوحەکان تەرە دەکات، دەبێت جەستەی چڵکی ساڵانەی لێ بنیشێت، لە بەرامبەر ئەم پیسبوونەی جەستە، ڕوح پاک دەبێتەوە، پاکبوونەوەی جەستەش مانای پیسبوونی ڕوح دەگەیەنێت، لە پیسبوونی جەستەشەوە ڕوحە دێرینەکان هێمنی خۆیان دەدۆزنەوە. هەموو ڕوونکردنەوەیەکی سەلیم سینایی دوکتۆری تازە دەرچوو لە زانکۆکانی ئەڵمانیا بەر دیواری ڕق و بەدگومانی حەکیمی دێرین دەکەوێت. لەو ساتە وەختەوە لە نێوان قەیاغەوانی حەکیم و حەکیمی زانکۆی هایدلبێرگ " سەلیم سینایی " دوژمنایەتییەکی ئەزەلی هەڵدەگیرسێت. ئەم خورافەیە درێژ دەبێتەوە بەجۆرێک لە نەفامی کۆمەڵایەتی و دواکەوتووییدا خۆی ئاوێنەیی دەکاتەوە. سەلیم سینایی ناتوانێت وەک دوکتۆرێک مێینەکان بپشکنێت، تەنیا ئەو شوێنەی پێویستی پێیەتی ڕووت دەبێتەوە بۆ زانست، تەنیا ئەو شوێنە دەور دراوە بەپەردەی



ئەستوور، بەجۆرێک دوکتۆر سەلیم تەنیا بەشێک لە جەستە دەپشکنێت و توانای بینینی هەموو جەستەی نییە، ئەمەش کاری پشکنینی سەخت و دژوارتر دەکات. سەلیمی زاخاودراو بەبیروڕای ئازادی تاک و جەستە، لەو بڕوایەدایە وەک ڕۆشنبیرێک دەتوانێت ئەو ئافرەتەی کە لە ماڵی ئاغای باوکیدا وەک کۆیلە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت و لەو دیو پەردە ئەستوورەکانەوە شاردراوەتەوە، ئەو دەتوانێت لە ڕێگەی هاوسەرگیرییەوە ئازادی بکات، لە هەمان کاتیشدا وەک هاوەڵێکی مێینە لە جەنگی خۆیدا دژی جەهل و دواکەوتوویی و خورافە، پشتیوانێکە و سەنگەرێکی ترە. لێرەوە خاڵی بەریەککەوتنی ڕۆشنبیر و ژیان دەست پێ دەکات، خاڵی شۆکی گەورەی ڕۆشنبیر لە نێو ڕیاڵدا، ڕیاڵێکی سیخناخ بەخورافە و سەدەکانی تەقلیدییەت و کۆنەخوازی و خێڵەکییەت و مەلاخوازییەت. سەلیم سینایی ڕۆشنبیر و پزیشک، بەسەر وەهمی ڕۆشنبیری خۆیدا دەکەوێت، بەسەر تراژیدیای خۆی وەک ڕۆشنبیرێک. لەو سووچەوە لێی دەدرێت کە چاوەڕوانی ناکات، لە سووچی قوربانییەکانەوە لێی دەدرێت، لە سووچی چەوساوەکانەوە لوول دەرێت و چەک دەکرێت، لە سووچی دیلەکانەوە کەلەپچە دەکرێت، نەک لە سووچی ئاغا و دەسەڵاتدارانەوە، نەک لە سووچی حەکیمە پیسە خۆ نەشۆرەکانی کۆنزەرڤاتیڤییەتەوە.

هاوسەرەکەی ئەو کیژە چەوساوەیە لە ماڵی سەلیم سینایی دوکتۆردا وێنەکانی باوکی و پێوەندییە فیودالی و خێڵەکی و کۆنەخوازییەکان بینا دەکاتەوە، هاوسەرەکەی نوێنەری خورافاتی حەکیمی خۆنەشۆر و چڵکنە. یەکەم بەریەککەوتنی ڕۆشنبیر لەگەڵ واقیعی دواکەوتووی ژیاندا دێتە نێو هەموو وردەکارییەکی ژیانی

سەلیم سینایی، ئیدی *لە خەونی گۆڕینی دنیایەکی گەورەوە، ژیانی سەلیم دەبێت بەخەونی گۆڕینی چەند سەدمەترێکیماڵەکەی، لەجیاتی شەڕ لەگەڵ هێزە گەورەکاندا* بکات وەک *ئەوەی لە ئەڵمانیادا بەزانست* خۆی پڕچەک دەکرد، دەبێتە *شەڕی لەگەڵ ئافرەتێکی نیمچە نەخوێندەوار* کە *هاوسەری* خۆیەتی. لە جیاتی شەڕ لەگەڵ دەسەڵاتی گەورەی خێڵەکی و خورافەکانی، دەبێت شەڕ لەگەڵ خورافە بچووکەکان بکات کە وەک مێرووی هەراش لێرەو لەوێ لە هەموو کون و کەلەبەرێکەوە دێنە نێو ماڵەکەیەوە. تەنانەت خورافە و دواکەوتوویی دێنە نێو جێگەی هاوسەری، لە کاتی سێکسدا دەیەوێت هاوسەرەکەی سەربەست بێت، ئازاد بێت و مێینەیی خۆی بدۆزێتەوە. وەک هاوڕێ ئەڵمانەکەی هاواری چێژ بکات و چێژ وەرگرێت. ئەو بۆ هاوسەرەکەی ڕوون دەکاتەوە، کە سێکس بۆ هەردوو لایە و دەبێت هەردوو لا چێژی لێ وەربگرن، چێژ ئەرکێک نییە، ئاین لە نێوان ژن و پیاودا کردوویەتی بەمەرج، بەڵکو درێژبوونەوەی خۆشەویستییە، چێژ ئازادی ڕوحە لە جەستەدا خۆی نمایش دەکات، سێکس ئەو ڕووبەرەیە لە ئازادی کە لە نێوان دوو کەسدا پەروەردە دەبێت، سێکس سەربەستییەکە لەسەر لەپی دەستی خۆمان. سەلیم دەیەوێت ئەو پێوەندییە جەبرییەی سەر پێخەفی پیاوەکان بشکێنێت، ئەو پێوەندییە جەبرییەی پیاوسالارییە تێک بشکێنێت، لە شەوێکدا دەڵێت: *هاوار بکە، هاوار بکە.. هاوسەرەکەی لێی دەپرسێت بۆچی هاوار بکات، ئەویش دەڵێت،* وەک مێینەیەک *هاوار* بکە وەک مێینەیەکی *سەربەست*.. کەچی کیژەکە جەستەیەکی خامۆش و بێدەنگ و ڕەقە، وەک جاڵجاڵۆکەیەک ماڵی هاوسەرە دوکتۆرەکەی پڕ دەکات لە خورافە، بەجۆرێک کە مەلایەکان



خۆیان دەکەن بەژووری میواندا بۆ ئەوەی مناڵەکانی سەلیم بەدار و زۆر فێری نوێژ و خەتم بکەن. جوانترین بەش بەڕای من لەم ڕۆمانەدا، تووڕەبوونی سەلیم سینایی هێمنە، کە بەسەر ئەوەدا دەکەوێت هێمنی و لەسەرخۆیی و نەرمی ئەو بەجۆرێک لەلایەن هاوسەرەکەیەوە بەکاربراوە، کە مەلایەکی ڕیش سوور مناڵەکانی ئەوی کردووەتە ئامرازی تووڕەیی خۆی، سەلیم چیتر ئەو ڕۆشنبیرە بەئەتەکێتە نامێنێت و زۆر ڕۆژهەلاتییانە پەلاماری دەدات و بەڕیش ڕای دەکێشێتە نێو حەوشە و کۆڵانە بەڵغەماوییەکەی بەردەمی ماڵەکەیان. سەلیم لە دوای ئەم هەڵچوونەوە وا هەست دەکات کە هەموو میتۆدەکانی ڕۆشنبیری لە دەست داوە، لە بەرامبەر تووڕەبوونی کوێر و هەمەجییەتی بازاڕییەتدا خۆی بینیوەتەوە. هیلاک و بێزار وەک ڕۆشنبیرێکی دۆڕاو بەرەو نادیاری پەل دەهاوێت، ئیدی بەنادیاری، بەپەڕاوێزکراوی پاشماوەکانی ژیانی بەدووی خۆیدا ڕادەکێشێت. *سەلیم سینایی لە فیگوری ڕۆشنبیرێکی جەنگاوەرەوە* کە *خەونی گۆڕینی ناوچەیەکی گەورە بوو، دەبێتە فیگورێکی پەڕاوێزخراو و دۆڕاو و بێ پرەنسیپ و لە سووچەکانی بێ دەسەڵاتیدا* دەمێنێتەوە، *لە دیارەوە جارێکی دیکە دەخرێتەوە سووچی نادیار. لە جەنگاوەرەوە بۆ کوێلە و لە ناسراوەوە بۆ نەناسراو، لە یەکگرتوویی بیروباوەڕەوە بۆ پەرتبوون و پەرتەوازەیی، لە شوێنای جەنگەوە بۆ شوێنای دیلەکان. لە نێوەندەوە بۆ کەنار و لە چەقەوە بۆ پەڕاوێزبوون.* ئیدی سەلیم تاوەکو مردنی ئاوەها خۆی دەداتە دەست دیکتاتۆریەتی هاوسەرەکەی کە ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر نوێنەرایەتی ڕیاڵێک دەکات، کە مێردەکەی بەردێکی لە واقیعی ژیان پێ نەجووڵێنراوە. بەم شێوەیە ڕۆشنبیر لەم ڕۆمانەی

سەلمان ڕوشدیدا تەسلیمی قەدەری خۆی دەبێت، ژیانی ڕاستەقینە بۆ ڕۆشنبیر جەهەنەمێکە، فرێدانێتی لە یۆتۆبیاکانیەوە بۆ نێو ئاگر. ژیانی ڕاستەقینە پەڕوباڵی ڕۆشنبیر دەکات و ڕێگە لە فرینی دەگرێت. وێنەی ڕۆشنبیر و ژیان لەم ڕۆمانەدا ئەو تراژیدیا دووبارەیەی ڕۆشنبیرانی نێو وڵاتە دواکەوتووەکانی دنیایە کە ئیسلام تێدا بەهەموو نوێنەرە خورافییەکانییەوە هەوڵی لێدانی ئەو فیگورە دەدات کە ناوی ڕۆشنبیرە، ئەو فیگورەی نایەڵێت مەلا و شێخە ئەبەدییەکان بەهێمنی سەر بخەنە سەر سەرین. ئەم جەنگە لێرە و لەوێ بەردەوامە، لە هەموو کون و کەلەبەرێکی دنیادا لە نێوان هێزە ئاینی و سیاسییەکان و ڕۆشنبیردا درێژە بەخۆی دەدات.

٥

لە شانۆگەری ئەستێڵکە مەزنەکەدا کێشەی نێوان ڕۆشنبیر وەک نەناسراوێک، وەک نادیارێک لەسەر زەوییەکی تر و کۆمەڵگەیەکی تر خۆی نمایش دەکات. ئەمجارەیان ڕۆشنبیر زۆربایانە خۆی هەڵناداتە نێو ژیانەوە، نایەوێت وەک جەنگاوەرێک، یاخۆ گرامشی گوتەنی ڕۆشنبیرێکی ئۆرگانی و ئەکتیڤ بێت. نایەوێت چارەنووسی وەک سەلیم سینایی پاڵەوانی ڕۆمانەکەی سەلمان ڕوشدی بێت، کە خۆی تەسلیمی یاری بەڵغەم هاویشتنی کوڕگەل و پیرەکانی خورافە بکات. ئەمجارەیان ڕۆشنبیر لە نێو جەرگەی ڕۆتینەوە دێتە دەرەوە و دەیەوێت لە مانای ژیان تێ بگات، وەک هەردوو پاڵەوانەکەی زۆربا و منداڵانی نیوەشەو لەگەڵ جیهانی دواکەوتوودا ناجەنگێت. ئەمجارەیان ڕۆشنبیر لەگەڵ خۆیدا بەشەڕ دێت، خۆی وەک نادیارێک لە نێو ژیاندا نمایش دەکات، نادیارێک کە هەڵەی خۆیەتی نەک چوار دەوروبەر. فۆکۆ



گوتەنی "*خۆی گوناهباری بێدەنگی خۆیەتی*" ئەمجارەیان ڕۆشنبیر بەسەر تراژیدیای وێنای خۆیدا دەکەوێت، خۆی بۆ دەردەکەوێت وەک کەسێک لە پەڕاوێزدا ژیاوە و دەیەوێت خۆی هەڵداتە نێو ئەستێڵکێکی ژیانەوە.

نوێنەری ئەستێڵکەکە "دران"ی کۆنە جووتیارە، ئەستێڵکەکە بەنداوێکە مەترسی ئەوەی لێ دەکرێت لە هەر کاتێکدا بێت بتەقێت و ناوچەکە لەگەڵ خۆیدا ڕامالێت. ئەستێڵکەکە دوورییەکی ڕەمزی هەڵدەگرێت وەک لەوەی تەنیا دوورییەکی ڕیالی هەبێت. ئەستێڵکەکە مەنگ و خامۆش و جوانە. ئەوانەی کە دەیانەوێت بچنە سەر گومەزی ئەستێڵکەکە دەبێت پێڵاوەکانیان پاک بکەنەوە دران داوا لە چێرچی ڕۆشنبیر دەکات کە قاچی پاک بکاتەوە..

**دران:** *کە دێیتە سەرەوە بۆ سەر ئەم ئەستێڵکە دەبێت گەند و پیسی لە پێڵاوەکانت پاک بکەیتەوە. ئەوە ڕێسایەکی منە کە بەڕوونی دامرشتووە.*

ئەستێڵک لە گۆشەنیگای درانی پاسەوانییەوە، شوێنێکی پیرۆزە و پێویستە قوڕاوی نەبێت، بەمەرجێک پێشتر ئەستێڵکێک کە کاتی خۆی پیاوێکی قووت داوە و تاماوەیەکی زۆر خەڵکی ناوچەکە گوێیان لە هاوار و ناڵەی بووە، ئەم قووتدانە، هەڵوژین و گێژدانێکی ڕەمزی ڕۆشنبیرە بۆ نێو قووڵایی ژیان و ونکردنێتی لە نێو ڕۆشنایی و ساردی ئەستێڵکەکەدا.

لە سەرەتادا دران، چێرچ، بەچەرچڵ بانگ دەکات، ناوی چێرچی لەگەڵ وینستۆن چەرچڵی سەرۆک وەزیرانی بەریتانیای لێ تێکەڵ دەبێت. ئەو چەرچڵەی ڕقێکی سەیری لە دیموکراتی بوو دەیگوت

«خراپترین فۆرمی دەوڵەت فۆرمی دیموکراسییە» دیارە هەمیشە پرسی دیموکراتی پرسێکی ڕۆشنبیران بووە، ئەوە ڕۆشنبیرانەن کە خۆیان بەجەنگاوەرانی دیموکراسی تێ دەگەن، ئازادی بیروڕا هەمیشە بەقەدەری ڕۆشنبیرەوە نووساوە، لە هەموو دنیادا ئەگەر ڕۆشنبیر مەرجەکانی ژیان بۆ دیموکراتیەت لە دەست بدات، ئەوا ئەکتی ڕۆشنبیرش لە دەست دەدات. لێرەوە لەو ڕقەی چەرچڵ تێ دەگەین لە بەرامبەر ڕۆشنبیر، ئەو ڕۆشنبیرەی بەردەوام قسە دەکات و زۆریش باس لە دیموکراتیەت دەکات. خۆی لە شتەکان هەڵدەقورتێنێت و هەوڵ دەدات دەسەڵاتخوازی لە کۆمەڵگەدا سنووردار بکات، جڵەوی بکات و بیگەڕێنێتەوە بۆ نێو کایەکانی خۆی. بەڵام نابێت ئەوەشمان لە بیربچێت کە چەرچڵ وەک پیاوێکی زیرەک و سیاسەتمەدارێکی پلە یەک لە دووفاقییەکی مۆراڵیدا دەژیا، لە سەرێکەوە خۆی وەک ڕۆشنبیرێکی دەوڵەتی دەنواند و لە سەرێکی ترەوە ڕقی لە دیموکراسییەت و ڕۆشنبیران بوو. ئەوەش سیحری ئەو سەر لێ تێکچوونەی درانە، کە چێرچ بەچەرچڵ تێ دەگات. چەرچڵ دەیووست ڕۆشنبیر لە ڕێگەی بیروکراتییەتی دەوڵەتی و فەرمانبەرێتی دەوڵەتییەوە خۆی پێناسە بکات. ئەوە وێنای ڕۆشنبیری ڕەسمی نێو دەسەڵاتە کە جەنگەکان دەباتەوە، ئەوەش ڕۆشنبیرانی دەرەوەی ئەم بازنەیەن کە تەنیا قسە دەکەن و هیچی تر. لێرەوە هیچ بوارێک بۆ ڕۆشنبیر نەماوە جگە لە کردنی بە نەناسراوێک، بە نادیارێک لە ڕێگەی ئەو مۆدێلەی کە دەسەڵات بۆ ڕۆشنبیر نمایشی دەکات. ئەو مۆدێلەش دەبێتە نموونەی هەموو ڕۆشنبیرێک، دەبێتە پێوانەیەک کە جەماوەر یان مێگەلی کۆمەڵایەتی پێی قووت دەچێت " تێرسن " لەم



شانۆگەرییەدا ئەو تێکەڵبوونەی نێوان سنوورەکانی دەسەڵاتی دەوڵەتی بۆ نێو جوگرافیای ڕۆشنبیر نیشان دەدات، ئەو داگیرکردنەی وێنای ڕۆشنبیر کە لەلایەن دەسەڵاتەوە مومارەسە دەکرێت، دەبێتە پشتەبیرۆکەی گفتوگۆکانی نێوان چێرچ و دران. بەم شێوەیە درانی جووتیار ناوی چێرچی فەرمانبەر و ڕۆشنبیری لەگەڵ ناوی " ونستۆن چەرچڵ " لە لا تێکەڵ دەبێت. ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە تەنیا سیمبوڵەکانی دەسەڵات لە چەقی دیاردان و ڕۆشنبیرانیش ئەوەندە پەڕاوێز کراون کە ناویان بەباشی ناگوترێ، یاخۆ تێکەڵ بەو پێناسە باوە دەبن کە دەوڵەت پێناسەی کردووە. چێرچی ڕۆشنبیری نەناسراو و نادیار، مەجبوورە ناوەکەی ڕاست بکاتەوە. چونکە ئەوەندەی مێگەلی کۆمەڵایەتی و جەماوەر ناوی دیاری دەسەڵاتداران دەناسن، کەس نییە کە چێرچی ڕۆشنبیری نەناسراو بناسێت. ئەوەندە گوێیان لە چەرچڵ بووە بەخراپ باسی ڕۆشنبیر دەکات، تاوەکو هەموو ڕۆشنبیرێک کە ناوی چێرچ بێت لەگەڵ چەرچڵدا تێکەڵ دەبێت. من پێم وایە ئەمە جوانترین گفتوگۆیە کە تێکەڵبوونی ڕەمزی نێوان نوێنەری دەسەڵات و ڕۆشنبیرە.

***دران:*** *مەبەستم ئەوەیە کە تۆ پیاوێکیت هەر وەک ئەوەی دەگوترێت ڕۆشنبیریت. مەبەستم، بیستوومە کە وا دەڵێن، لە ڕاستییا وام بیستووە.. ئەو قسانەی من بێ کەم و زیاد بیستوومە دەڵێن " ئەو چەرچڵە، هاوڕێ تازەکەت، پیاوێکی ڕۆشنبیرە"*

پاسەوانی ئەستێڵکە مەزنەکە دران و چێرچی ڕۆشنبیر لەو ئێوارەیەدا دەچنەوە سەر ئەستێڵکەکە و لە نێوانیاندا گفتوگۆیەکی هەمەلایەن لەسەر ژیان دەست پێ دەکات. هەردووکیان دوو کەسی

پەڕاوێزکراوی ئەم کۆمەڵگەیەن، هەریەکەو بەشێوەیەک. دران وەک جووتیارێک زەوییەکەی فرۆشتووە و پاسەوانی ئەم ئەستێڵکە دەکات و بەردەوام سەرخۆشە بەو شەرابانەی خۆی لە میوەجات دروستی دەکات. چێرچیش ئەو کەسە هێمنە بیروکراتەیە کە بەیانییان دەچێت بۆ بیرۆکەی و تا عەسران لە فەرمانگەکەی دەمێنێتەوە. بەمانای ئەوەی چێرچ و دران لە زۆر ڕووەوە لەیەک دەچن و هەردووکیان تەنیان، پەڕاوێزن لە کۆمەڵگە، تاکوتەران لە نێو دەزگای خێزاندا، پێوەندییەکانیان بەهاوسەرەکانیانەوە پێوەندییەکی نامۆبوونە. دران بەوە پەستە کە هاوسەرەکەی بەردەوام گلەیی ئەوەی لێ کردووە کە هەموو کاتەکانی بەچاودێریکردنی ئەستێڵکەکەوە بەسەر دەبات، بەجۆرێک زیادەڕۆیی دەکات، لە ئەنجامدا هاوسەرەکەی پێی دەڵێت جارێکی تر سەر نەکاتەوە بەماڵەوەدا.

چێرچ ڕۆشنبیرە بەتەعبیری دران لەبەر ئەوە زۆرانبازییەکانی ئەوەندە دیار و سەخت نییە، زۆرانبازییەکانی بەتوێژێکی تر داپۆشراوە، ئەوەندە ڕاستەوخۆ نییە لە فۆرمدا، بەڵام لە جەوهەردا هەمان نامۆبوونە لەگەڵ ئەوی تردا. کە هاوسەرەکەیەتی. چێرچ دەیەوێت پلان بۆ هەموو شتێک دابنێت، تەنانەت بۆ منداڵبوون و پێشوازی لە منداڵ، ژیانی ڕۆتینی لەگەڵ هاوسەرەکەیدا، پڕ نییە لە شەڕ و زۆرانبازی گەرم، بەڵکو پێک هاتووە لە قسەکردن بەدەنگی هێمن و ئێواران دانیشتن بەدیار تەلەڤزیۆنەوە. لێرەوە ڕۆشنبیر لە هێمنی و ڕۆتینی ژیانی خۆی دەترسێت، چێرچ هەست دەکات ئەم ڕەتابەت و دووبارەبوونەوەیە جۆرێک لە وەستانە بەرامبەر ژیان، چێرچ لەم ڕووەوە بەخیلی بە دران دەبات، چونکە دران لە نێو چەقی



ژیاندایە، شەراب دروست دەکات و زەوی دەفرۆشێت و شەڕ لەگەڵ ژنەکەیدا دەکات و ئاگەداری ئەستێڵکەکەیە کە چەند درزی تێدایە. ئەویش خۆی لە نێو ژیانی فەرمانگە و ئێوارە دانیشتن بەرامبەر تیڤی دەبینێتەوە، ئەمیش لە جەوهەردا وەک دران نامۆیە بەهاوسەرەکەی. دران نامۆبوونەکەی ئازایانە ئاشکرا کردووە و جیابووەتەوە و لە نێو بەرمیلە شەراب و ئەستێڵکەکەیدا ژیان بەسەردەبات و خاوەن هەڵبژاردنی خۆیەتی. بەپێچەوانەی ئەوەوە چێرچ ترسنۆکانە ئەو دووبارەبوونەوە و بێزارییە دەرنابڕێت و بەردەوامە لە ژیانێک کە بەچەندەها ماسکی جۆراوجۆر خۆی شاردووەتەوە، چێرچ نادیارە و دران دیار و چالاکە. لێرەوە بەیەکگەیشتنی چێرچ بە دران، بەیەکگەیشتنی دوو شێوازی ژیانی جیاوازە، شێوازی ژیانی مرۆڤێک لە نێو ژیاندایە و شێوازی مرۆڤێک کە تەنیا قسە دەکات و لە کتێبەوە ژیان دەبینێت. مرۆڤێکی وەک دران دەچێتە نێو جەنگی جیهانی دووەمەوە، وەک سەربازێکی ئازا بریندار دەبێت. بەپێچەوانەوە ژیانی چێرچ، ژیانی تەماشاکەرێکی هەمیشەیی ڕووداوەکانە، ژیانی نابەشدار و ئاپاتییە کە لە بەرامبەر ڕووداوە گەرمەکان. سەرەتا ژیانی تەنیا سەیرکردنی باوکی بووە چۆن وەک کرێکاری کانە خەڵووز ئێواران لە نێو ماڵەکەیدا بەجووڵە و هەرا و پڕ ژیان بووە بۆ مناڵەکانی. چۆن سەرەڕای ئەو هەموو هیلاکی و سەختییەی ژیانی توانای پێکەنین و جووڵەی لە خێزانەکەیدا گەشانووەتەوە. لە بەرامبەر ئەوەدا چێرچ نەیتوانیوە ئەو هەموو جووڵە و کارایە لە باوکییەوە فێر بێت، دەیەوێت وەک ئەو بێت، بەڵام ئەو وەک ڕۆشنبیرێکی مەسلەکی و تەقلیدی ئەو حەزەی بۆ سەرکێشی لەخۆیدا مراندووە، بۆ ئەوەی

بتـــوانێت بەڕۆتینی پارێزگـــاری لە خـــانووەکـــەی بکات، بۆ ئەوەی وەزیفـــەکـــەی لە دەست نەچێت، پێـویســـتـــە بەڕۆتینی بـەنێـو ژیاندا تێـپەڕێت. ئەمـە ئەو پەیامـە شاراوەیە کـە تێـرسن لە ڕێگەی فـیگوری چێرچەوە نمایشی دەکات.

چێرچ نموونەی ئەو ڕۆشنبیرە کلاسیکییانەیە کە بەشێکن لە دەوڵەت و دەسـەڵات، ئەگـەر هاتوو بەشـێـوەیەکی ڕاسـتـەوخـۆش نەبێت، ئەوا بەناڕاسـتـەوخۆ نوێـنەری دەسـەڵات و ڕۆتینیـەتی ژیانن. ئەسـتێـڵکەکە ژیانە بەهەموو جوانییەکانییەوە، هەروەها ژیانیشـە بەهەموو ناشرینی و زۆرانبـازییـە سـەخـتـەکانییـەوە. *دران نوێنەری ئەو ژیانە دووفاقی و* دووڕووەیە، چونکە ژیان *هەڵگری دوو دیوی یەک ڕووە، دیوێکی درۆ و دیوێکی ڕاستەقینەیی پڕ درۆ!. بەمانای لە پشت ڕاستگۆییـیەوە درۆ گەورەکان خۆیان شاردووەتەوە و لە پشت درۆ گەورەکانیش هەقیقەتە شارەواکانی ژیان، لە پشت هەقیقەتە گەورەکانیشەوە درۆ گەورەکانی ژیان خۆیان شاردووەتەوە.*

دران باس لە ئازایەتی خۆی دەکات کە لە جەنگدا بەشداری کردووە کـەچی لە درێژبوونـەوەی قـســەکـانی بۆمـان دەردەکـەوێت کـە ئەو لە جەنگدا بەڕاستەوخۆیی بەشداری نەکردووە، ئەو چێشتلێنەرێک بووە سەربـازەکانی بەفـاسۆلیا گێژ کردووە، تەناتەت لە کاتی لێنانی شلەی فـاسۆلیادا برینـدار دەکرێت و لە سوپا مەرەخەس دەکرێت. ئیدی لەم شـانۆگەرییـەدا گاڵتـەجاڕی لە نێوان ئەو تایتـڵانەی خـەڵکی بەخۆیانی دەبەخشن و ئەو وردەکـارییـە شـەیتـانیـانییـەی لەو دیو ناونیـشـانە گـەورەکانـەوە هەیە خـۆی ئاشکرا دەکـات. ڕاسـتـە برینداربووە، بەڵام نەک لە نێو سەنگەردا، بەڵکو لە تەنیشت مەنجەڵی فاسۆڵیاوە!. ئەمەش



نهێنی ئەو پاڵەوانانەی جەنگمان بۆ دەردەخات کە لە دوای جەنگەوە بەسەلامەتی یا وەکو برینداری سووکەوە دێنە دەرەوە و چیرۆکەکانیان دەکەن بەسەرمایەیەکی ڕەمزی و بەجەماوەری دەفرۆشنەوە. لە نێوان درۆ و هەقیقەتدا، لە نێوان تایتڵ وردەکاریدا ئەم شانۆگەرییە درێژە بەڕووداوەکانی دەدات.

*لە نێو ئەم هەمووانەدا* ڕۆشنبیر فیگورێکە *پەڕاوێز و سەلبی و* ڕۆتینی. *لە وانەیە " تێرسن " زیاتر ئاماژە بەو قەیرانە سەختە بکات* کە *ڕۆشنبیری ئەوروپایی لە ئێستادا* پێوەی *دەناڵێنن*. *ئەویش غیابی* ڕۆشنبیرە *لە هەموو کایە چالاکەکاندا، لە جیاتی ئەوان فەرمانبەری تەکنۆکرات و ئەکادیمیستی* پۆست مۆدێرن *بەناوی* ڕۆشنبیر *و لە جیاتی* ڕۆشنبیر ژیان *هەڵدەسووڕێنن*. بەهەمان شێوە ڕۆشنبیر پەڕاوێز و نادیار لە ئەڵقەکانی زانکۆ و شوێنە چەپەکەکانی کۆمەڵگەدا بەردەوامـــە لە نادیاری خـــۆی، بەنەناســـراوی ژیان بەســـەر دەبات. بەتەنیشت ئەویشەوە کارەکتەرە بازاڕییەکانی وەک دران و فەمانبەر و سەرمایەدارە پۆست مۆدێرنەکانی وەک " پێرس " ژیان هەڵدەسووڕێنن. *ئەم شانۆگەرییەی تێرسن، شانۆگەری مردنی* ڕۆشنبیرە *لە نێو ژیاندا*.

٦

ڕۆشنبیر لە هەموو ئەزموونە ئەدەبییەکاندا کەسێکی ئیشکالیەت ئامێزە، لە ژیاندا خۆی کەسێکی بەگرفتە، کە دەبێت خەڵک خۆیانی لێوە بەدوور بگرن، چەند هەنگاوێک دوور لەوەوە بەڕێگەکاندا تێپەڕن. خۆیان دوور بگرن و بەچاوی گومانەوە سەیری ئەو فیگورە بکەن کە نامۆیە بەژیان. چ نەبێت *لە چاوی ئەوانەوە* ڕۆشنبیر کەسێکە هێمنی ژیان *دەشێوێنێت، خاوەنی پرۆژەی سەیر و پرسیاری ناماقووڵ و*

*خەونی شێتانەیە. کاتێک ئەوانی مێگەلی کۆمەڵایەتی دەگرین، ئەو پێ دەکەنێت. کاتێک ئەوان پێ دەکەنن ئەو بیر دەکاتەوە. کاتێک هەمووان سەما دەکەن، ئەو گومان لە خودی سەماکردن دەکات. کاتێک هەمووان دەخەون ئەو وەئاگایە و کاتێکیش ئەوان وەئاگان ئەو خەوتووە.* بەم شێوەیە ڕۆشنبیر فیگورێکە *لە نێوان ئامادەبوون و ونبووندا، لە نێوان بوون و نەبوون، دیار و نادیاردا خۆی ڕادەکێشێت*. سەرئەنجام ئەوەندە ون دەبێت و پەیدا دەبێتەوە کە بوونی دەستلێدراو و بۆنکراو و فیزیکی لە نێو ناواندا کارێکی پێناسە بۆکراو نابێت. ڕۆشنبیر پێناسە ناکرێت، یاخۆ چاکتر وەهایە بڵێم پێناسەکردنیشی گرفت ئامێزە و هەر کەسەو بەشێوەیەک پێناسەی دەکات، هەریەکەو بەفۆرمێک دەیکاتە پێناسەیەک بۆ ئەو فیگورەی وەک خێوێکی ئەبەدی لێرە و لەوێ پەیدا دەبێت، ون دەبێت، دەردەکەوێتەوە. هەموو نادیارێک پێناسەکردنی خۆی بۆ کەسانی تر بەجێ دەهێڵێت، بۆ دیارەکان، بۆ سەماکارەکانی سەر شانۆی ژیان، نەک بۆ سێبەرەکانی ئەو دیو پەردەکانەوە.

ڕۆشنبیر لە شانۆگەری ئەستێڵکە مەزنەکەدا کەسێکە لەگەڵ بازاڕییەتدا، لەگەڵ گشتگیرکردنی ژیاندا بەرامبەر دەبێتەوە. هەر لە کۆنەوە ڕۆشنبیر و بازاڕیبوون دوو دوژمنی سەرسەختی یەکتر بوون. بازاڕ و بازاڕییەکان، دەکرێت بڵێین بازاڕ و نوێنەرە مۆدێرن و کلاسیکییەکانی، هەمیشە بەڕۆشنبیر دوژمن بوون. نەک لەبەرئەوەی ڕۆشنبیر نایەوێت لە نێو بازاڕدا بژی و کار بکات و ژیانێکی ئاسایی بەسەر بەرێت، نەخێر، بەڵکو لەبەرئەوەیە بازاڕ وەک سیستەمێکی کۆمەڵایەتی و دەسەڵاتێک، دەزانێت کە بوونی ڕۆشنبیر مانای بوونی



کولتوورێکە کە زمانی بازاڕ سنووردار دەکات. لە بەرامبەر ئەوەدا بازاڕ، سیاسییەکان دەنێرێت بۆ ڕۆشنبیر، بەو سیفەتەی بەشێکی زۆری سیاسییە سەرکەوتووەکان نیمچە ڕۆشنبیرن، نیمچە ڕۆشنبیرەکانی وەکو " پێرس" کە لە شانۆگەرییەکەدا بەردەوام باسی لێوە دەکرێت و هەرگیزیش ئامادە نییە لەگەڵ ڕۆشنبیرێکی وەک چێرچ شەراب بخواتەوە، بەڵام درانی بازاڕیی وەک نوێنەرێکی پێرس دادەنیشێت لەگەڵ چێرچدا شەراب دەخواتەوە.. بەم شێوەیە بازاڕ نوێنەرەکانی خۆی " سیاسییەکان " دەنێرێت بۆ ڕۆشنبیرەکان و ڕۆشنبیرەکانیش کە بەشێکی زۆری تەوباویەتی ئەم دنیایەیان لەخۆیاندا هەڵگرتووە بە کارەکتەرێکی سادەی وەک دران هەڵدەخەڵەتێن. چونکە ئەوان زۆر کەیفیان بەوێنەی هاوڵاتی دێت و زۆریش بەگومانن لە سیاسییەکان. لەبەرئەوە سیاسییەکان درانی هاوڵاتی سادە دەنێرن بۆ ئەوەی سەرسامی ڕۆشنبیرێکی وەک چێرچ تێر بکەن و لە دواجاریشدا چێرچ بەخنکاندن بەرن... بەم شێوەیە لە نێوان نوێنەرانی بازاڕ و ڕۆشنبیردا شەڕێکی بێ ئامان و ئەبەدی هەیە، بازاڕ لەوەتەی هەیە گۆڕەپانی دەسەڵاتە و بەشێکە لە جەستەی دەسەڵات و ڕۆشنبیریش لەوەتەی هەیە لەم بازاڕەدا یاری خۆی دەکات. ڕۆشنبیر بەرەو نادیاری جەستەیی دەبرێت و دەکوژرێت، بەرەو مەنفاکان ڕاودەنرێت، یاخۆ لە زیندانەکاندا توند دەکرێن، یاوەکو لە دواجاردا لەسەر کەنارەکانی زیندان و ئەرخەبیلە دوورە دەستەکاندا بۆ سەمای خۆیان جێیان دەهێڵن. لەم شانۆگەرییەدا لە ڕێگەی خەڵکە بازاڕییەکانەوە ئەستێڵکێک، بەنداوێکی جەهەنەمی بوونی هەیە، کە ڕۆشنبیر بۆ نێو قووڵایی خۆی دەبات. ئەستێڵکەکە ڕەمزێکە بۆ دەسەڵات کە بەشەوقدانەوەی دەیەوێت ڕۆشنبیر لە نێو خۆیدا قووت

بدات. هەموو ئەمانە ئەو هێزە گەورەیەن کە بەردەوام لە ئامادەباشیدان بۆ ونکردنی ڕۆشنبیر و کردنی بەفیگورێکی نادیار، کردنی بەڕابوردوویەکی دوور و لەسەر ئەرخەبیلەکانی گولاکدا بۆ لەبیرچوونەوە بەند بکرێن. هەمیشە ڕۆشنبیر وەک فیگورێکی نەناسراو لەلایەن دەسەڵاتەوە نمایش دەکرێت، بۆ هیچ نا، تەنیا بۆ ئەوەی دەسەڵات و بازاڕ بەئاسوودەیی بخەون.

٧

یاری دەرکەوتن و ونبوون، دیار و نادیار، یارییەکی ئەبەدی ڕۆشنبیرە، یارییەکە بەردەوامە و دووبارەیە و بەشێکە لە یاسای ناوەکی و نهێنی شیعریی ئەم زۆرانبازییەی نێوان بازاڕییەت و ڕۆشنبیر، لە نێوان دەسەڵات و ڕۆشنبیر. یاری ڕۆشنبیرە وەک ئەکرۆباتێکی ئەبەدی. ئەوەی لەبەر هەر هۆیەک بێت وەک چێرچ ناوی ڕۆشنبیری هەڵگرتبێت، ئادۆرنۆ گوتەنی " لە لاوازییەوە بێت یاخۆ لە بەهرەمەندییەوە بێت ناوی ڕۆشنبیری لەخۆ نابێت " دەبێت ئەوە بزانێت کە چەندە لە چەقەکاندا خۆی ڕاگیر بکات، ئەوەندەش لە کەنارەکاندا خۆی دەبینێتەوە، چەندە لەبەر خۆرەکانی مێگەلی کۆمەڵایەتیدا بمێنێتەوە، ئەوەندە کاڵ دەبێتەوە، چەندە لە نێو دەنگەکاندا بێت ئەوەندە کەرێتی دنیا هەست پێ دەکات. لە هەموو کەرنەڤاڵەکاندا ئەو سێبەرێکی سەیرە، ئارتێستێکە، لێبوکێکە، ئەکرۆباتێکە زۆر نابات لەسەر پەتەکان بەردەبێتە خوارەوە و ون دەبێت. ئاخر ئەکرۆباتەکان بۆ بەربوونەوە خوڵقاون. ڕۆشنبیریش وەک ئەکرۆباتێکی ئەبەدی زۆر زوو بەرەو نادیاری و نەناسراوی، ون دەبن و بەردەبنەوە. بەڵام وەک چێرچ لە دوای خنکانیان جارێکی تر دێنەوە



نێو ژیانەوە، وەک چێرچ ئەمجارەیان بەنادیاری لەودیو توێژاڵی تەنکی ئاوەوە لە بازاڕییەکان دەپێچێنەوە، دەچنەوە نێو ویژدانەکانەوە و جارێکی تر هەموو شتێک دەخەنە سەر کەڵکەڵەی فەوزا و تێکچوونی ڕۆتین و بیروکراتیەت. دیسانەوە ڕۆشنبیر وەک نادیارێک پەیدا دەبێتەوە، وەک فیگورێکی گرفت ئامێز بەردەوامە لە یاریکردنی لەسەر پەتە باریکەکانی ژیان، وەک ئەکرۆباتێک ئامادەیە بۆ بەربوونەوە، بۆ پێمەلەکردن لە نێو بەتاڵاییدا...

ئیسماعیل حەمەئەمین

## سەرچاوەکان


١- پیتەر تێرسن. ئەستێڵکە مەزنەکە. وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە فاروق هۆمەر.

٢- سەلمان ڕوشدی. منداڵانی نیوەشەو. چاپخانەی کناوەر ٢٠٠١.

Salman Ruschdie,mitternach tskinder , Knauer Verlag 2001

٣- نیکۆس کازانتزاکی. زۆربا. دەزگای چاپی پیپەر ٢٠٠١

Nikos Kazantzakis, Alexis Sorbas, Pipe Verlag 2001.

# ئەستێڵکە مەزنەکە

ئەستێڵکە مەزنەکە شانۆییەکە لە چوار پەردەدا و بۆ یەکەم جار لەسەر شانۆی ڤکتۆریا، ستۆک لە ترێنت لە ٢٩ی گەلاوێژی ساڵی ١٩٦٤دا بەم گرووپەی خوارەوە نمایش کراوە:

دران...... بێرنارد گالاگە.

چێرچ...... گۆردن رید.

کاری دیکۆر و دەرهێنانی لەلایەن.... پیتەر چیسمەن.

ڕووداوەکانی ئەم شانۆیە لە سەربانی ئەستێڵکەکە و لە ساباتەکەی دراندا ڕوو دەدەن.

ناو و سەرچاوەی شانۆییەکە بەئینگلیزی:

The Mighty Reservoy  By Peter Terson

PENGUIN PLAYS, New English Dramatists 14, 1967.

page 102- 157 .K .U



## پەردەی یەکەم

لە بەشی سەرەوەی ئەستێڵکەکە

**دران:** ئیستا وریا بە، ئێمە لە سەرەوەین.

**چێرچ**(*): بەڵێ.

**دران:** لە شوێنی خۆتا ڕێک ڕابوەستە، لێی بڕوانە، چۆنە؟

**چێرچ:** سەرنجڕاکێشە.

**دران:** گەورەیە، وا نییە؟

**چێرچ:** هەر دەڵێی کیسەڵێکی زەبەلاحە.

**دران:** هەر دەڵێی سکی بەرازێکی گەورەیە کەوتبێتە سەر پشت، وا نییە؟

**چێرچ:** بەڵێ هەر دەڵێی کیسەڵێکی زەبەلاحی بێ جووڵەیە، زۆر کاریگەرە.

**دران:** زۆر گەورەیە، وا نییە؟

**چێرچ:** لە ڕاستییا گەورەیە.

**دران:** ئیستا وریا بە، هێی. ئەو بۆگەنە پیسە چییە؟ ئەو گەند و گووە

(*) چێرچ لە زمانی ئینگلیزیدا بەمانای کڵێسە دێت، تێرسن لە زۆر جێگەدا یارییەکی زمانەوانی بەوشەی چێرچ دەکات، چێرچ وەک کارەکتەرێک و چێرچ وەک دامەزراوەیەکی ئایینی. " وەرگێڕ "

له پێڵاوەکانت پاک بکەرەوە. ئەگەر لێرەوە هەڵبخلیسکێیتە خوارێ بەساخی دەرناچیت.

هەوڵ بدە ڕێک بەسەر لێوارەکەدا بڕۆیت.

**چێرچ:** ئای خوایە. لێرەوە، لەم سەرەوە چ دیمەنێکی دڵگیری هەیە . من دڵخۆشم بەناسینت. من گەلێ جار بەپیاسەوە ئەم دیمەنەم دیوە.

**دران:** پێم گوتیت ئەوەت پێ نیشان دەدەم ئێستا؟ پێم گوتیت؟ کەسێکی تر ناتوانێ ئەو ئەستێڵکەت نیشان بدات، من نەبم. هیچ کەسێک.

**چێرچ:** من زۆر مەمنوونی ئەوەم.

**دران:** " بۆن دەکات" پێڵاوەکانت پاک کردەوە؟ گەند و پیسی پێوە نەما؟

**چێرچ:** بەڵێ.. پێم وایە.

**دران:** ئای خوایە. کوڕە تۆ پێڵاوی سەماکانت خاوێن نەکردووەتەوە. دەبێت ئاوا پاکیان بکەیتەوە.

**چێرچ:** بەڵێ.. دەیبینم.

**دران:** کە دێیتە سەرەوە بۆ سەر ئەم ئەستێڵکە دەبێت گەند و پیسی لە پێڵاوەکانت پاک بکەیتەوە. ئەوە ڕێسایەکی منە کە بەڕوونی دامڕشتووە. ڕێسای ژمارە یەکمە.

**چێرچ:** بەڵێ.. زۆر تەواوە. تێگەیشتم ڕێسایەکی زۆر ژیرانەیە.

**دران:** هەتا ئەگەر باوکی خۆم سەر بکەوێتە سەرەوە بۆ ئێرە، کە گۆشت و خوێنی خۆمە، پێی دەڵێم " باوکە" بەر لەوەی بێیتە سەرەوە بۆ سەر ئەم ئەستێڵکە پێڵاوەکانت لە هەموو گەند و



پیسییەک پاک بکەرەوە، ڕێک و ڕەوان وای پێ دەڵێم. ڕێسای یەکەم.

**چێرچ:** لە ڕاستییا زۆر ژیرانەیە.

**دران:** ژیرانەیە؟

**چێرچ:** ئاگەدارییەکی زۆر ژیرانەیە.

**دران:** بەوە زۆر شادومانم کە دەڵێیت ژیرانەیە. ئایا دەتوانیت پێم بڵێی ئەوە تا چەندێک ژیرانەیە؟

**چێرچ:** لە راستییا بەڵێ.

**دران:** مەبەستم ئەوەیە کە تۆ پیاوێکیت هەر وەک ئەوەی دەگوترێت ڕۆشنبیریت. مەبەستم، بیستوومە کە وا دەڵێن، لە راستییا وام بیستووە.. ئەو قسانەی من بێ کەم و زیاد بیستوومە دەڵێن «ئەو چەرچڵە، هاوڕێ تازەکە، پیاوێکی ڕۆشنبیرە» من ئەوانەم بەمانای وشە گوێ لێ بووە، بۆیە ئەوەی دەیڵێم کتومت ڕاستە. بەڵام تۆ هەر ئێستا گوتت، کە تا چ ڕادەیەک ئەو ڕێسایەم ژیرانەیە.

**چێرچ:** بەڵێ.. تەواو بەدڵنیایی.

**دران:** باشە، ئەگەر تۆ بۆ خۆت پیاوێکی زیرەک و ڕۆشنبیر بیت، بۆ خۆشت قسەکانی من بەژیرانە بدەیتە قەڵەم، کەواتە بەپێی هەقیقەتی سروشتی من لە ڕوانینی تۆدا کەسێکی ژیرم لە بوارەکەی خۆمدا، ئەگەر ئەوە بەشێوەیەکی گشتی وەربگرین.

**چێرچ:** بەڵێ.. پێم وایە ئەوە ڕێسایەکی زۆر ژیرانەیە.

**دران:** نا زۆریش نا، نامەوێت زۆری پێوە نێم.

**چێرچ:** باشە.. ڕێسایەکی ژیرانەیە.

**دران:** ئەوەیان ڕاستە. پێڵاوەکانت بسڕەوە، ئێستا ئەگەر تۆ ئامادەیت، ئەوا سەردەکەومە سەرەوە بۆ ئەو.. ئەو.. ئەها.. پێم مەڵێ.. بۆ ئەو پارچە کەوانەیییەی ساختومانەکە.. کە وەک.. وەک بنمیچ.. نا.. پێم مەڵێ.. کە لە کەوانەی کەنیسەی سەینت پاول دەچێت. تۆ دەزانیت چی دەڵێم.. ترۆپکی، پارچە کەوانەییەکە دەڵێم.. کە وەک ئەوە وایە. ئەها دۆزیمەوە.. خەریکە دێتە سەر زمانم.. دەی.. ئەوە.. تۆ دەزانیت.. بەڵێ..

**چێرچ:** گومەز..

**دران:** گومەز.. دۆزیمەوە. وەک گومەز وایە. ئێمە دەچینە سەر ترۆپکی گومەزەکە. وەک دەبینیت خۆم زانیم. ساڵی پار من ئیشم لە دروستکردنیدا کرد.

**چێرچ:** شتێکی خۆشە.

**دران:** بەڵێ.. بێگومان.. من ئیشم تێدا کرد. ئەندازیارێکیش لێرە بوو، پیاوێکی سکوتلەندی بوو. لە کابینەیەکدا دەژیا. خێزانەکەی لە گلاسگۆ بوون، زۆر پێوەندیی پێوە نە دەکردن. دەمەوێت ئەوەت پێ بڵێم کاتێک کە شتێکی گەورەی وەک ئەم ئەستێڵکە ژیانت داگیر دەکات، ئیتر بۆت ناکرێت ئازاد بیت، دەبێت شتەکانی تر بخەیتە لاوە و وازیان لێ بهێنیت. پیاوێکی باش بوو. ویسکی زۆر دەخواردەوە. دەربارەی ئەستێڵک زۆر شارەزا بوو. زۆری لە بارەی ئەستێڵکەوە دەزانی. بەهەرحاڵ، بەشێوازە سکوتلەندییەکەی خۆی کە من بۆم ناکرێت بەجوانی لاسایی بکەمەوە دەیگوت: «زۆری پێ ناچێت لە تەواوکردنی گومەزەکە دەبینەوە» ئەوە شێوەزارێکی سکوتلەندی تەواو نییە، وا نییە؟



**چێرچ:** هەروا دەبێت.

**دران:** ناتوانم زۆر لاسایی شێوەزاری سکوتلەندی بکەمەوە، بەڵام ئەو هەمیشە وای دەگوت و ئەوەی دووبارە دەکردەوە "دران، زۆری پێ ناچێت لە تەواوکردنی ئەم گومەزە نەفرەتییە دەبینەوە،" بەمنی دەگوت " دران، ئەمە پیاو کوژە،" یان دەیگوت " ئەم گومەزە نەفرەتییە کوژەرە.. ئاخ،" دەیگوت " هەر کەسێک دەگریت دەتوانێت بناغەی ئەم ئەستێڵکە دابنێت، بەڵام گومەزەکەی وا نییە، گومەزەکەی لێهاتوویی تۆ نیشان دەدات." بەشێوەیەکی ئاسایی لێرە لە کابینەیەکدا دەژیا. هەفتانە هەشتا پاوەندی وەردەگرت.

**چێرچ:** واو، هەشتا پاوەند لە هەفتەیەکدا. پارەکەی من لە چاو ئەودا هەر هیچ نییە.

**دران:** نا ئەوەی تۆ باشە، پارەکەت خراپ نییە.. وا نییە؟ تۆ لە جێگەیەکی پاکوتەمیز و لەسەر مێز و کورسی کار دەکەیت.

**چێرچ:** بەڵام هەفتەی هەشتا پاوەند پەیا ناکەم.

**دران:** باشە، هەفتەی هەشتا پاوەندی پەیا دەکرد. ئەوەشت لە بەرچاو بێت کە ئەو لە ئیشەکەیدا لێوەشاوە بوو. هەر وەک دەزانیت سکوتلەندەی بەجێ هێشتبوو. ئەستێڵکی لە هەموو دنیادا دروست کردبوو. لە بێرمنگهام.. لە لەندەن.. کاردیف.. لە هەندێک شوێنی وەک ئێرە.. لە هەموو شوێنێک بووە. پێم وایە جارێک ئەستێڵکێکی بۆ ڕەشەکانیش دروست کردبێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشا پیاوێکی لێهاتوو بوو. ئەو پیسییە بەپێڵاوەکانی تۆوە بوو؟

**چێرچ:** بەڵێ.

**دران:** لێرەوە لەم سەرەوە گوندەکە دەبینیت.

**چێرچ:** بەڕاستە؟

**دران:** بەڵێ. هەمووی دەبینیت، هەر وەک ئەوەی کۆمەڵێک سەربان بێت. هیچ دیوارێک نابینیت. شوێنەکە لێرەوە زۆر بەرزە، تەنیا سەربانەکان دەبینیت و دووکەڵیان بەخواروخێچی لێ بەرز دەبێتەوە. ئێستا بەسەر ئەم نەفرەتییەدا بەوریایی برۆ. من بەرپرسیارم لێت.

**چێرچ:** بەڵێ منیش پێم وایە.

**دران:** من بەرپرسیارم هاوڕێ.

**چێرچ:** کەواتە وایە.

**دران:** هەرچی پیسی هەبوو لە پێڵاوەکانت کردەوە؟

**چێرچ:** هەر هەمووی.

**دران:** پووتەکانت جوانن، لە کوێت کڕیون؟

**چێرچ:** لە شارۆچکەی سمایز.

**دران:** ئەوانە خوێنمژ و ساختەچین. ئەگەر جووتێک پووتت دەوێت دەبێت بچیت بۆ کۆمەڵەی هاوپشتی کشتوکاڵی، لەوێ بۆ جووتیاران هەرزانترە.

**چێرچ:** من وام دەزانی کۆمەڵەی هاوپشتی کشتوکاڵی تەنیا بۆ ئەندامەکانی خۆیانە.

**دران:** دۆزەخ ! نا. هەموو کەسێک دەتوانێت بچێت بۆ ئەوێ. تۆ ئەوەت نەزانیوە؟



**چێرچ:** نەخێر.

**دران:** هەرکەسێک بیەوێت دەتوانێت بۆ کڕینی جووتێک پووت بچێت بۆ کۆمەڵەی هاوپشتی کشتوکاڵی. یان بۆ هەر شتێکی تر کە تۆ دەتەوێت. کەس لەوە ناپرسێت تۆ کێیت، خوای دەکرد کچە گۆرانی بێژێکی کۆڕاڵ دەبوویت، هەر دەتوانیت بچیت بۆ ئەوێ. پارە دانێ و بلێ بەیارمەتی جووتێک پووتم دەوێت بۆم بێنن. تەنانەت قەشەیەکیش دەتوانێت بچێت بۆ ئەوێ. لە کاتێکا دەزانن کە ئەوە جووتیار نییە و باجی جووتیارانیشی بەسنگەوە نییە، بەڵام خۆ ناتوانن دەست بەڕوویەوە بنێن و شتی نەیەنێ. تۆ بێ مێشک بوویت چوویت بۆ ئەو شارۆچکەیە. هەر بەچوونت بۆ ئەوێ دەبێت شلنگێک بدەیت بەپاس.

**چێرچ:** بیرم لەوە نەکردبووەوە.

**دران:** ئۆوو، تۆ هیچت دەربارەی ئەو پیاوە نەبیستووە کە باش بیری نەکردبووەوە چی لێ بەسەرهات؟

**چێرچ:** نەخێر.

**دران:** گێزەر و گونی خۆی بۆ لێک جیا نەکرابووەوە.

**چێرچ:** ها ها ئەوە زۆر خۆشە.

**دران:** وریا بە، دەبوو لێرەیا پەیژەیەکیان دابنایە، بەڵام تا ئێستا دایان نەناوە. لەبەرئەوەیە تا ئێستا ئەو تەختانەیان لێرە بەجێ هێشتووە. پەیژەیەکیان لێرە دابنایە بۆ هاتوچۆ سەلامەت دەبوو.

**چێرچ:** بەڵێ، بوونی پەیژەیەک بۆ ئێرە زۆر بەکەڵک بوو .

**دران:** واز لە کەڵک بهێنە، دەبوو لێرەدا پەیژەیەک هەبوایە. بەڵام ئەوەتا نییە. نەدەبوو بێرەدا سەرکەوینە سەرەوە بەبێ پەیژە. لە پەڕاوی یاساکاندا دەڵێت «نابێت هیچ کەسێک بەبێ پەیژە بێرەدا سەرکەوێتە سەرەوە بۆ گۆمەزی ئەستێڵکەکە» ئەو بەندە بەخەتی ڕەش و سپی نووسراوە. ئەگەر هاتوو لێرەوە کەوتینە خوارەوە، ئەوا هیچ بیمەیەکی ژیان نامان گرێتەوە.. ئەوە بزانە، هیچ بیمەیەک نامان گرێتەوە. کۆمپانیاکە یەک ڕوانینی بۆ مەسەلەکە دەبێت. پەیژەتان نییە، ئەو کاتە دەڵێن ئەوە هەڵەی خۆتانە و بیمە نادرێت، ئیتر کێشەکە دەپێچنەوە.

**چێرچ:** منیش پێم وایە هەمان هەڵوێستیان دەبێت.

**دران:** زۆر ترسناکە هاوڕێ، هەروەها سەرەڕۆیییەکی گەورەیە. زۆر لووسە، تۆ دەستی تێوە بە، تەنیا دەستی تێوە بە؛ گومەزەکە زۆر لووسە کابرا.

**چێرچ:** بەڕوونی دیارە کە لووسە.

**دران:** لێرە کە هەر لە ماسییەکی سفت و لووس دەچێت دوور نییە هەڵبخلسکێیتە خوارێ، لەبەر ئەوە خۆم بەبەرپرسیارت دەزانم.

**چێرچ:** ئۆو، من دڵنیام کە هیچ ڕوو نادات.

**دران:** تەنیا دەمەوێت ئەوەت پێ بڵێم کە هەر وەکو توپی بلیارد سفت و لووسە هاوڕێ، ئەگەر ئەو پیاوە سکوتلەندییە لێرە بوایە ئێستا پەیژەیەکی دانابوو. پێی دەگوتم «دران، بەخێرایی بچۆ پەیژەیەک ئامادە بکە و داینێ پێش ئەوەی لەگەڵ هاوڕێکەتا سەر بکەونە سەرەوە» کە ئەو لێرە ڕۆیی ئیتر هەموو شتێک شێوا. تەماشا بکە، تا ئێستا ئێرەیان ڕێکوپێک نەکردووە،



تەنانەت پاشماوەی خۆڵ و پیسی بیناکەشیان هێشتا لانەبردووە. بڕوا بکە ئەو ئێستا لێرە بوایە، ئەو خۆڵ و پیسییەت لێرە نە دەبینی، پەیژەشی دانابوو.

**چێرچ:** بەڵام باشە بۆچی لێرە ڕۆیشت؟

**دران:** ڕۆیشت؟ دوایی ئەو حیکایەتەت بۆ باس دەکەم. جارێ واز لەوە بهێنە.

تۆ دەخۆیتەوە؟ لەگەڵ خواردنەوەیا بۆت دەگێڕمەوە. دەخۆیتەوە؟

**چێرچ:** جار جارێک، بەڵام لە ڕاستییا لە ماڵی ئێمەدا پارە بۆ خواردنەوە پاشەکەوت ناکرێت.

**دران:** واز لە پاشەکەوت بهێنە، نامەوێ تۆ پارە بدەیت. هەندێک خواردنەوەی ئامادەم لە ساباتەکەدا هەیە، شەرابی قۆخە. زۆر نییە، هەر ئەوەندەیە کە لە کاتی ماندووبووندا دەمی پێ تەڕ بکەم. یان حەز دەکەم کە لەگەڵ هاوڕێیەک نان بخۆم و قومێکیش بخۆینەوە. لە ڕاستییا ئەمشەو چاوەڕوانی هاتنی هاوڕێیەکم دەکرد. زۆر کەسێکی چاکە، بەم زووانە دێت. خۆی گوتی سەر دەدەم، بۆیە قسەکەی خۆی دەباتە سەر. لێپرسراوێکی گەورەی کۆمەڵەی کشتوکاڵییە. ئەو ئێستا پێت دەڵێت دەتوانیت بۆ هەر کاتێک کە خۆت بتەوێت بڕۆی بۆ کۆمەڵەی هاوپشتی جووتیاری و بەئاگەداری ئەو جووتێک پووتت دەستکەوێت. ئەو بەتەنیا پیاوێکی سوێدی سادە نییە، بەڵکو لێپرسراوێکی گەورەیە، باشترینیانە.

**چێرچ:** بەڕاستە؟

**دران:** ئا بەڵێ، پێرس. لێپرسراوی کۆمەڵەی کشتوکاڵییە. دێت بۆ ئێرە

بۆ خواردنەوەی شەراب. ڕەنگە لێرەوە چاومان لێی بێت کە دێت.

**چێرچ:** خۆ من تەنگەتاویتان بۆ دروست ناکەم.

**دران:** تەنگە تاویمان بۆ دروست بکەیت، نا ئەو پێی خۆشە لەگەڵ کەسانی ڕۆشنبیری وەک ئێوە تێکەڵ بێت. حەزی زۆر بەقسەیە. سەرۆکی یەکەی خانووی شووشەیە لە هاوپشتی هەرەوەزی جووتیاری. بۆینباخی گوڵبەست دەبەستێت. دێت بۆ ئێرە بۆ خواردنەوە.

**چێرچ:** پێم خۆشە بەدیداری شاد بم.

**دران:** شاد دەبیت. ئەرێ، خۆ تۆ بەبەرزبوونەوە سەرت گێژ ناخوا؟

**چێرچ:** نا نا من زۆر ئاساییم، سوپاس.

**دران:** نەفرەتی. خەریک بوو لە بیرم بچێت لێت بپرسم، بەتەماشای دیمەنەکانەوە نەخلافێیت. بەردەوام نیگات لەسەر من بێت. لە کاتی سەرکەوتندا تەنیا لە پاشەڵی من وردبەرەوە. خراپ لە مەبەستم تێ مەگە. تەنیا هەستێکە.. تۆ ئامادەیت؟

"هەردووکیان سەردەکەونە سەرەوە"

**چێرچ:** بەڵێ فەرموو.

**دران:** ئەوا ئێمە لە سەرەوەین، ئێرە بەرزایی دنیایە. بەرزایی دنیا. هەر دەڵێی بەرزاییەکانی تبتە.

**چێرچ:** دیمەنێکی زۆر دڵفڕێنە.

**دران:** باشترە لەوەی بەوێنە بیبینیت، وا نییە؟

**چێرچ:** هەڵبەت.



**دران:** بەهەرحاڵ لەوەش خۆشترە بەتیڤی تەماشای بکەیت.

**چێرچ:** هەر زۆر زۆر خۆشترە لەوەی بەتیڤی تەماشای بکەیت.

**دران:** هەرگیز دەرفەتی دیمەنی وا جوانت لە تیڤیدا بۆ هەڵناکەوێت. هەور و نازانم...

**چێرچ:** هەر زۆر قەشەنگە. ئەوە گردەکانی مۆڵڤێرنە، وا نییە؟

**دران:** وایە. ئەوە تاوەری بێتەلە، هەموو شەپۆلەکانی رادیۆو تیڤی لەوێوە دێن. خەڵکێکی زۆر تا ئێستاش نازانن کە ئەو تاوەرە لەوێدایە؟

**چێرچ:** دیمەنی مۆڵڤێرن زۆر جوانە.

**دران:** بەڵێ. ئەو تاوەرە لە تاریکیدا ببینە کە گڵۆپەکەی داگیرساوە بۆ ئاگەدارکردنەوەی فڕۆکە. وەک خۆت دەڵێیت هەر زۆر جوانە.

**چێرچ:** بەدڵنیایی ئەوە کاتسۆڵدزە، وا نییە؟

**دران:** بەڵێ وایە ئەوە کاتسۆڵدزە، لەوێش هاوڕێ ئەستێڵکێکی تری ئاو هەیە. هەرچەندە هێندەی ئەمە گەورە نییە، ئەوەی بلۆکلی ئەستێڵکێکی بەناوبانگە. پێت دەڵێم بۆچی ئەوەی بلۆکلی بەناوبانگە لە مێژەوە تا ئێستا.

**چێرچ:** کاتسۆڵدز درێژ دەبێتەوە، وا نییە؟

**دران:** پێش ئەوەی ئەم ئەستێڵکە دروست بکرێت، ئەو ئەستێڵکەی بلۆکلی بەناوبانگ بوو. هەرچەندە، ئەو ناوبانگەی خۆی هەر لەدەست نەداوە. بەڵام پیاوەکانی ئەو ئەستێڵکە خەریکە شێت دەبن کە پێیان دەڵێم من سەرپەرشتی ئەم ئەستێڵکە دەکەم. بەوە دەمیان دادەخرێت.

**چێرچ:** تەماشای دۆڵەکە بکە، بڕوانە پێچاوپێچی ڕووبارەکە چۆن تەمومژ خۆی تێ ئاڵاندووە. هەر دەڵێی مارێکە لە ناو تەمومژدا.

**دران:** کەسێک تووشی مار نەبووە لەو ناوچانەدا بەڵام نازانم بڕوا دەکەیت یان نا، ئەو ڕووبارە بۆگەن و پیسە سەرچاوەی ئاوی خواردنەوەی سەربازگەکەیە.

**چێرچ:** تەماشای دۆڵەکە بکە لە ڕوکاری " ئێڤی شەمەوە". تەماشای خانووە شووشەکان بکە.

**دران:** کابرا دنیایەک کێڵگەی شووشەیی لێیە، دنیایەک کێڵگە. بۆچی لە ڕۆژگاری هاوڕێ کۆنەکانمدا " ئەگەر چی ئەوە ڕۆژگارێکی هێندە کۆنیش نییە ئەگەر لای تۆ حەفتا ساڵی تا ڕادەیەک تەمەنی گەنجی بێت" یەک خانووی شووشە لێرە نەبوو، کەچی ئیستا دنیایەکی لێیە؟

**چێرچ:** کارێکی زۆر باشیان کردووە.

**دران:** سەیر بکە، شوێنی دانیشتنی پێرسی هاوڕێمت نیشان بدەم، ئەو پیاوەی کە پێم گوتی بەهیوایە سەرێک بدات. ئیستا سەیر بکە. لە ڕێگەکە ورد بەرەوە. بەڵێ، چێشتخانەکە تێپەڕێنە. بڕۆ بەرەو ڕووبارەکە.. ئیستا سەرکەوە.. زۆر مەڕۆ. بەڵێ.. تۆزێک بگەڕێرەوە.. ئیستا ئەو کوخە دەبینیت؟ کە تۆپە گیاکانی لێ خڕ کراونەتەوە. ئەو هەموو خانووە شووشانە و زەوییەکەشی هی پێرسی هاوڕێمە. دەتوانیت ببینیت. دەیبینیت؟ بڕوا ناکەم.

لەوانەیە ئیستا لە یەکێک لە خانووە شووشەکاندا بێت. ئەو بووەتە خاوەن خانووی شووشە، خاوەنی چەندەها دۆنم خانووی شووشە. بستە خاکێک نابینیت بۆ ئەوەی کرمێکی لەسەر



بڕوات، خانوویەکی شووشەی لەسەر قووت کردووەتەوە. پیاوێکی زیرەکە. پێم وایە ئیمشەو سەرێک بات. ناوی پێرسە. من پێرس دەناسێنم بەئێوە بەڕێز چەرچڵ، وا نییە؟

**چێرچ:** ئۆو، ناوی من چێرچە، بیکە بەچێرچ.

**دران:** کەواتە پێتی دەناسێنم. پێرس هاوڕێیەکی چاکە. کەسێکی زۆر چالاک و سەرکەوتووە. وای کردووە تەماتەکانی بەوپەڕی خێرایی بڕوێت، بەوپەڕی خێرایی. ئەو وتی کە بۆ شەراب خواردنەوە دێت بۆ ئێرە، ئەمشەو خۆش دەبێت چێرچ.

**چێرچ:** پێم خۆشە. ئەو هەموو تۆپە گیایانەی بۆچییە؟

**دران:** خانووی شووشەیان لێ دروست دەکات..

**چێرچ:** چۆن لەو گیایانە خانووی شووشە دروست دەکات؟

**دران:** شێوازێکی تازەیە، شێوازی پێرسە، خۆی لە ڕاستیا نابێت پێت بگوترێت.

**چێرچ:** ئۆو، زۆر باشە گوێ مەدەرێ.. تۆ دەزانیت..

**دران:** باشە پێرس گوێ نادات، ئەو هاوڕێیەکی باشە. ببینە، بەتۆپەڵە گیاکان دوو دیوار لە هەر لایەک دروست دەکات و بۆشایی تاقی سەرەوە دەهێڵێتەوە بۆ ڕووناکی. دەزانیت ڕووناکی چییە؟ پارچە شووشەی گەورەیە کە ڕووناکی پێدا گوزەر دەکات. بەوانە دەڵێن بۆشاییی ڕووناکی. هەر بۆ ناو وای پێ دەڵێن. بۆشایی ڕووناکی، ئەوانە هەر پارچە شووشەی گەورەن، بەڵام پێی دەڵێن بۆشاییی ڕووناکی، لە سەرەوە ئەو پارچە شووشە گەورانە دادەنێت، بۆ هاتنە ژوورەوەی ڕووناکی. بەوجۆرە لە گژو گیا خانووی شووشەی دروست کرد.

ئەو گیایە وا دەکات تەماتەکان گەرم دابێن، گەرمی لە گژوگیاوە؛ دەبینیت؟ من گوتم تەماتە؟ ئەوانە تۆپن. بەر لەوەی پێرس بێتە ئێرە هیچ جۆرە ململانێیەک نەکەوتبووە بازاڕەوە.

**چێرچ:** چەند حەز دەکەم بیناسم.

**دران:** دەیناسیت. دەچینە خوارەوە بۆ ساباتەکە تا پێکی شەراب بخۆینەوە. پێرسیش بەمزوانە دەگات. بەناسینی یەکتری شادومان دەبن. ئەو نەفرەتییە سەرۆکی یەکەی خانووی شووشەیە لە هاوپشتی هەرەوەزی جووتیاری. پێرس تەمەنی زۆر نییە، گەنجە. لە سەرەتاکانی تەمەنیایەتی، هەر لە تەمەنی مندا دەبێت. گەورەتر نییە. پیاوێک لە تافی لاویا. ئەوەندەی یەک و دوو تەماتەکانی پێ دەگەیەنێت، تەماتەکانی زۆر بەتامە، زۆر.

**چێرچ:** من زۆر خۆشحاڵ بووم کە ئەمشەو تۆم ناسی، ئەوە بۆ سێ ساڵ دەچێت من لێرە دەژیم و لە ڕاستییا هێشتا تەواوێک بەلادێ ئاشنا نەبووم.

**دران:** خۆشحاڵ بووم بەهاتنت. بڕوام وایە لادێش دەبێت هەموو پێداویستییەکانی شارستانییەتی تێدا بێت. بەڵام هیچ گوێیەکیان پێ نەداوە. لەسەروو گردی بلۆکلییەوە دیمەنێکی زۆر نازداری هەیە. دڵڕەوێنە. دەتوانیت لە لای ڕاستەوە لێی بڕوانیت. بەڵام گوێی پێ نادەن. نازانن. خۆ دەزانیت کامە بلۆکلییە، وا نییە؟

**چێرچ:** لادێکە دەزانم. کڵێسەیەکی نۆرمانی لێیە، وا نییە؟

**دران:** کڵێسەکە شتێکی ئەوتۆ نییە بەڵام ئەستێڵکێکی بەناوبانگی



تێدایە، با بۆت باس بکەم. تەماشا کە، بڕوانە بۆ لای ئەو بورجە. ئەوە کوا؟ چی لێ هات؟ تۆ سەیری کوێ دەکەیت کەرە؟ بورجی برۆدوای دەڵێم، خۆی لە کوێدا شاردەوە؟ دەبوو لەوێدا بوایە. باشە، ئەها، بەڵێ. لە ناو درەختەکاندایە. شتێکی سەیرە سروشتی شتەکان لە بەرزاییەوە دەگۆڕێت.. وا نییە؟ تۆش وای بۆ دەچیت؟ سەیرە شتەکان لە بەرزاییەوە بەجۆرێکی تر دەردەکەون؟ مەبەستم ئەوەیە لە خوارەوە، لەوێ لە داوێنی شیوەکەوە بورجەکە هەر ئەوەندەی میلێک بەرزە.. وا نییە؟ بەڵام ئەی خوایە لێرەوە، لە ناو درەختەکاندا ون بووە. بەڵام ئیتر ئەوە ژیانە. ئیستا دەیبینیت، وا نییە؟ ئەوە ...

**چێرچ:** بەڵێ بورجی برۆدوای دەبینم.

**دران:** زۆر چاکە، ئەستێڵکی بلۆکلی ڕێک دەکەوێتە پشتی ئەوەوە. ئیستا تۆ لەسەر ئەستێڵکەکەوە ئەوە دەبینیت، دیمەنەکە جوان دیارە.

**چێرچ:** کەس ئاوا هیچی بۆ دەرناکەوێت.

**دران:** ئێ باشە بۆ خۆت نەجووڵێیت پێت وایە شتەکان لە خۆیانەوە بێنە بەردەستت؟ تۆ دەربارەی گردەکانی مۆڵڤێرن قسە دەکەیت هاوڕێ، دەبێت بەچاوی خۆت بیبینیت. بەڵام تۆ هیچ لە لادێکە نازانیت.

**چێرچ:** من زۆر جار هاتوچۆم پیا کردووە، بەڵام قەت نەهاتوومەتە ئێرە.

**دران:** هەر کاتێک بتەوێ، هەر کاتێک حەزت کرد بێیتە سەرەوە من ئاگەدار بکە. من لێرەم هەموو شەوێک. من لێرەم. ئەمشەو ئەو

کاتەی تۆم بینی بەهیوا بووی بەرەو کوێ بڕۆی؟

**چێرچ:** تەنیا پیاسەم دەکرد.

**دران:** پیاسەکردن، بۆچی پیاسەت دەکرد؟

**چێرچ:** بۆ ڕاهێنان.

**دران:** دۆزەخ. پێویست ناکات خۆت ئەوەندە لە ئیشا ماندوو بکەی بەڕێزم. من نەفرەت لە خۆم دەکەم ئەگەر بۆ مەشقکردن یان بەهەر ناوێکی ترەوە پیاسە بکەم بەناو دێکەدا. تەنیا بۆ ئیشکردن ڕوو دەکەمە ئێرە.

**چێرچ:** شت زۆرە دەربارەی ئەوە ئەگەر باسی لێوە بکرێت. من پێم وایە پیاسەکردن بۆ خۆی هیچ ئامانجێکی نییە. پێم خۆشە بەنیازێک ڕێم بکەوێتە ئێرە.

**دران:** ئەوە بۆ خۆت دەگەڕێتەوە، وا نییە؟ من هەموو شەوێک بۆ ئیشکردن دێمە ئێرە. ئیشکردن و چاودێری ئەستێڵکەکە.

**چێرچ:** هیچ پارچە زەوییەکت لێرە هەیە؟

**دران:** بەڵێ پارچەیەکم هەیە. پارچەیەکی تریشم لە دامێنی دۆڵەکەدا هەبوو کە کاتی خۆی هی باوکم بوو. بەڵام هەر وەکو دەبینیت ئەوەم لە کۆڵ خۆم کردەوە و ئیستا تەنیا خۆم بەئێرەوە خەریک کردووە. ئەوە پارچە زەوییەکەمە، ئەها بەرمیلەکان لە کوێن لە دەرەوەی ساباتەکە. ئەوە دەڵێم کە دەکەوێتە خوارووی پەڵە قۆخەکانەوە. تەنیا ئەوەم ماوە.

**چێرچ:** ئەوە دەڵێی کە گژوگیا داپۆشیوە، وا نییە؟

**دران:** گژو گیا داپۆشیوە؟ کاتی بژارکردنیش هاتووە. لەگەڵ ئەوەدا من کەسێکی پڕ کارم. سەرباری ئەوەی کە خەریکی ئیش و



کاری ئەم دەزگای ئاوەشم. ئەوەتا کاتی بژاریش هاتووە، لەوانەیە لە بەرچاوی تۆیا وا بێت. بەڵام لای کەسی شارەزا وا نەبێت. هەر وەک دەیبینیت، ئەوەش دەبێت کاتێکی بۆ تەرخان بکرێت. ئیشکردن لەم دەزگای ئاوەدا بۆ خۆی کارێکی ئاسان نییە.

**چێرچ:** بەڵێ وایە، لێرە تۆ چی دەکەیت؟

**دران:** من بەهەموو شوێنەکاندا دێم و دەچم و سەرە خولێمە هاوڕێ. هەڵکەنین و چاککردنەوە و کونکردن و دامەزراندنی بۆری و هێڵەکانی ئاو. ئەوەی لێرە چاو دەیبینێ و نایبینێ کاری منە تا بلۆکلی و پشتی ئەوێش، لە مۆڵڤێرنەوە تاوەکو میدلاند، هەموو ئەوانە کاری منن.

**چێرچ:** لە شەویشدا تۆ سەرپەرشتی ئەستێڵکەکە دەکەیت؟

**دران:** بەڵێ بەدڵنیایی.

**چێرچ:** ئەم ئیشە بەرپرسیاری زۆرە.

**دران:** بەرپرسیاری زۆرە؟ بەمن مەڵێ برۆ بەوانە بڵێ کە لەوێن. من دەڵێم بەرپرسیاری زۆرە کەچی ئەوان پێیان وایە من لێرە هەر پاڵم لێ داوەتەوە و خەریکی تەماشاکردنی ئەو ئاوە نەفرەتییەم.

**چێرچ:** بەدڵنیایی ئەوانە هەڵەن.

**دران:** بەڵێ ئەوانە کۆمەڵە کەسانێکی هەرچی و پەرچین لەوێ دانیشتوون تەماشای تەلەڤیزۆن دەکەن و دەچنە کڵێسە. لە توانای هەموو پیاوێکا نییە کاروباری ئەستێڵکێکی وا مەزن بگرێتە ئەستۆ. تۆ دەزانیت کە پێنج سەد هەزار گالۆن ئاو لێرەدایە؟

**چێرچ:** پێنج سەد هەزار گاڵۆن؟ ئەوە زۆرە.

**دران:** ئەوە ئاوێکی زۆرە. باشە چی ڕوو دەدات ئەگەر تەقینێک لە ئەستێڵکەکەدا ڕوو بدات؟

**چێرچ:** ئەمە پتەو داڕێژراوە.

**دران:** پێم مەڵێ ئەمە پتەو داڕێژراوە. من دڵنیام ئەمە زۆر پتەو داڕێژراوە. من خۆم یەکێک بووم لەوانەی لە داڕشتنەکەیدا چیمەنتۆم گرتووەتەوە. بەڵام چی دەبێت ئەگەر تەقینێک لە دامەزراوەیەکی ئاوا پتەو داڕێژراودا ڕوو بدات؟ دەتوانێ ئەم گوندە ژێرەو ژوور بکات. ئەو ڕێگەیەش وێران بکات کە تۆی پیا هاتوویت. هەر وەک ڕووبارێکی هەڵچوو هەموو شتێک لەگەڵ خۆیا ڕادەماڵێت، ژن و منداڵ بەچرپای نووستنەکانیانەوە، منداڵی ساوا بەبێشکەکەیەوە.

هەموو شتێک لەگەڵ خۆی هەڵدەگرێت. بەڵام ئەوە منم کە لێرە شەونخوونی دەکەم و شوتی ئاگەدارکردنەوەیان بۆ لێ دەدەم. دەزانیت ئێرە شوتی ئاگەدارکردنەوەی لێیە.

**چێرچ:** بەڕاستی شوتی ئاگەدارکردنەوەی لێیە؟

**دران:** ئەرێ، شوتی ئاگەدارکردنەوەی لێیە، ئەوەتا کلیلەکەی بەمنە. ئەها ئەوە ئامێرەکەیە لە ناو ئەو سندوقەدایە. ئەوە منم کە لەم شوێنەدا بەباشترین شێوە کاری خۆم ئەنجام دەدەم و پارێزگاری تۆ و ئەو دامەزراوە پتەو داڕێژراوە دەکەم. پێت وایە بۆچی شووتی ئاگەدارکردنەوەیان لێرە داناوە ئەگەر ئامادە باشییان بۆ ئەوە نەکردبێت کە دەشێت ڕووداوێکی وەک تەقین لێرەدا ڕوو بدات؟



ئێ دەی؟ ئێستا تۆ ئەوەم بۆ ڕوون بکەرەوە. شووتی ئاگەدارکردنەوەیان بۆچی لێرەیا داناوە ئەگەر بێتو پێشبینی تەقینیان نەکردبێت؟

**چێرچ:** ئەوە تا ڕادەیەک ڕاستە، بەڵام لەوانەشە هەروا بۆ شکڵ لەویا دایان نابێت.

**دران:** ناکرێت ئەوان شووتێکی ئاگەدارکردنەوە هەروا بۆ شکڵ لەویا دابنێن، تۆ بڵێی شتی وا بکەن؟ ها؟ ئیستا تۆ شووتێکی ئاگەدارکردنەوەم پێ بڵێ کە هەر بۆ شکڵ لە شوێنێکا دایان نابێت. دەی فەرموو، من یەک دەقەت پێ دەدەم بیری لێ بکەیتەوە. ئامێرێکم پێ بڵێ کە هەر وا بۆ شکڵ دایان نابێت ئەوا من لیرەیەکت دەدەمێ بۆ خۆت.

**چێرچ:** باشە، من دەڵێم لەوانەیە.

**دران:** نا، با تۆزێ بەویژدان بین. من یەک دەقەت بۆ دادەنێم بیری لێ بکەیتەوە تاوەکو نموونەی ئامێرێکم بۆ بهێنیتەوە کە هەر بۆ شکڵ لە شوێنێک دایان نابێت ئەوا یەک لیرە چاوەڕوانی تۆ دەکات، دەی ناوی تۆی لێ هێنراوە.

**چێرچ:** چاکە، دەکرێت باسی ئەو سەتڵە لمانە بکەین کە لە ساختومانە گەورەکاندا دادەنرێن.

**دران:** نازانم مەبەستت لە چییە.

**چێرچ:** تۆ دەزانیت لە هەندێک لە ساختومانە گەورەکاندا سەتڵی لم دانراوە بۆ کوژانەوەی ئاگر لە کاتی ئاگر کەوتنەوەدا، بەڵام ئەوانە هیچ کەڵکێکیان نییە.

**دران:** ئا، پێت وایە ئەوانە شتێکی ئەوتۆ نین.

**چێرچ:** ئەوەندە کاریگەرییان نییە، ئێمە چەند دانەیەکمان لە شوێنی ئیشەکەماندا هەیە.

**دران:** چیتان هەیە؟ لم؟

**چێرچ:** سەتڵ.

**دران:** پڕ کراون لە لم.

**چێرچ:** بەڵێ، من دڵنیام ئەگەر ئاگر بکەوێتەوە ئەو سەتڵە لمانە هیچ کەڵکێکیان نابێت و بیناکە تەواو گڕ دەگرێت.

**دران:** ئەوە دەکەوێتە سەر چۆنیەتی ئاگرەکە، وا نییە؟ مەبەستم ئەوەیە ئەگەر تۆ قنگە جگەرەیەک فڕێ بدەیت دەتوانیت بە لم بیکوژێنیتەوە بەر لەوەی بیناکە ئاگر بگرێت، دەتوانیت یان نا؟

**چێرچ:** بەڵێ بەدڵنیایی.

**دران:** بەدڵنیایی هیچ نابێت. دەمەوێت بڵێم ئەوە شێوازێکی زۆر ژیرانەیە.

**چێرچ:** بەڵام دەکرێت بەقاچیش قنگە جگەرەیەک بکوژێنیتەوە.

**دران:** بەڵێ، وایە. بەڵام هیچ کەسێک ئامادە نییە قنگە جگەرەیەک بەپێڵاوە گرانبەهاکانی بکوژێنێتەوە، لەگەڵمایت یان نا؟ مەبەستم ئەوەیە تۆ خۆت بخەرە شوێنی ئەوان، هەق بەهیچ کەسێک دەدەیت داوات لێ بکات ئاگرێک بەپێڵاوەکانت بکوژێنیتەوە؟

**چێرچ:** بەڵێ ڕاستە منیش پێم وایە. بەڵام کوژانەوەی قنگە جگەرەیەک شتێکی ئەوتۆ نییە.



**دران:** نا وەک دەبینیت کێشەکە گرتنەبەری شێوازێکی گونجاوە. لم دەخەیتە سەتڵەوە و لە سەری دەنووسیت لە کاتی ئاگر کەوتنەوەدا ئاگرەکەی پێ دابمرکێنەرەوە. ئەوە شێوازێکی شیاوە. بەڵام ئەگەر تۆ تێبینییەکی وا هەڵبواسیت و بڵێی لە کاتی ئاگر کەوتنەوەدا بەقاچ بیکوژێنەرەوە، ئەوە کارێکی نەشیاوە. نابێت هەرگیز نابێت، گوێ بگرە ئەوەیان کارێکی شیاوە هەر وەک دانانی شووتی ئاگەدارکەرەوەکەی ئێرە.

**چێرچ:** باشە، لەوانەیە لەگەڵتا هاوڕابم.

**دران:** من تەواو دڵنیام کە لەگەڵما تەبایت هاوڕێ، مەبەستم ئەوەیە هەر لەبەرئەوەی کە لە چیمەنتۆ دروست کراوە، ئیتر نابێت بیر لە خۆ پاراستن بکرێتەوە؟ ئەمە کتومت بیرکردنەوەی ئەو کەسانەشە کە لە ناو دێکەدا وا بیر دەکەنەوە. ئەوان پێیان وایە لەبەرئەوەی ئەستێڵکەکە لە چیمەنتۆ دروست کراوە ئیتر هیچ شتێک شوێن مەترسی نییە. بەڵام لەگەڵ ئەوەدا بەهێزترین شتیش شیاوی لەناوچوونە. مەبەستم لاربوونەوەی بورجی پیزایە، کەس پێشبینی دەکرد ئەو شتە زەبەلاحە لار بێتەوە، ئەوەتا لاربووەوە. پردی حەسرەت هەڵکێشان، کێ پێشبینی ئەوەی دەکرد کە ڕوانین تێیدا لار بێتەوە. تایتانیک، دانکێرک. دەتوانم دنیایەک ناوت بۆ ڕیز بکەم. گەرداوی لم. بەرانبەر کارەساتە سروشتییەکان هیچ ناکرێت.

**چێرچ:** بەڵێ بەدڵنیایی وایە.

**دران:** باشە، بەڵام ئەوان قەت لەوە تێ ناگەن. هەرگیز بیر لەوە ناکەنەوە. من گرەو دەکەم تۆش قەت بیرت لەوە نەکردووەتەوە.

**چێرچ:** مەبەستت ئەستێڵکەکەیە؟

**دران:** ئاو گرتن.. هەموو سیستەمی ئاو گلدانەوە.. هەمووی. هەموو شتەکان.

**چێرچ:** ئەها بەڵێ.. بەڵێ.

**دران:** نامەوێت باسی ئەوەم بۆ بکەیت کە تۆ کاتێ ئاوی بەلوعەکە دەکەیتەوە و بەخۆت دەڵێیت " ئەمشەو ئاوەکەی پاکە" یان " ئاوی چاکی پێدا دێت".

**چێرچ:** ئەها تۆ دەزانیت من تەواو بەئاگام دەربارەی ئەوە. من لە بیرمە جاران چۆن ئاومان دەگرت، ئیستا زۆر لە جاران چاکترە.

**دران:** ئێ ئێ ئەوە هەواڵێکی دڵخۆشکەرەیە.

**چێرچ:** لە بیرمە زۆر جار بەرۆژ بەرمیلی گەرماوەکەمان پڕ دەکرد لە ئاو، چونکە بەشەو ئاویان لێ دەگرتینەوە. بەڵام ئیستا ئەوە نەماوە.

**دران:** نا نا ئیستا زۆر باشە. تۆ پیاوێکی چاکی، ئەویش لەبەرئەوەیە کە تۆ خەڵکی ئێرە نیت. وا نییە؟ وا بزانم تۆ خەڵکی ئێرە نیت.

**چێرچ:** نەخێر ئەوە ماوەی چەند ساڵێکە هاتوومەتە ئێرە.

**دران:** ئەوە لەبەرئەوەیە تۆ وا باشیت، خەڵکانی ئێرە گوێ بەهیچ نادەن. ئەوان بوونەتە هۆی بێ ئاوی، هەر خەریکی ئاوڕشێنکردنی حەوشە و ماڵەکانیانن.

خۆم بینوومن چیمەنەکانیان پێ ئاوداوە. کە خۆم بینوومن چیمەنەکانیان ئاوداوە لە دڵەوە گریاوم.



**چێرچ:** تۆ ئاوڕشێنی حەوشە و ماڵی پێ ناکەیت؟

**دران:** هەرگیز، ئێرە بەکەڵکی ئاودان نایەت، چونکە زۆر بەرزە. بەڵام لە خوارەوە لە دۆڵەکەدا پێویستت بەئاو دەبێت. خەڵکانێک هەن لەوێ زێڕ لەو ئاوە دەردەهێنن.

**چێرچ:** ئەی ئەو پارچە زەوییەی کە فرۆشتت. کێشەی ئاودێری هەبوو؟

**دران:** ئەوە پێش دروستکردنی ئەم ئەستێڵکە بوو، ئاو بەم شێوەیەی کە ئیستا دەیبینی نەبوو. ئەگەر ئەو کاتەم ئیستا بوایە مەسەلەکە بەجۆرێکی تر دەبوو. ئیستا بۆ من ئاڵتوون بوو. بەڵام ئەوەتا بەکاروباری ئەم ئەستێڵکەوە بەستراومەتەوە و بەم بەشەی خۆشم ئاسوودەم.

**چێرچ:** وایە.

**دران:** خۆشحاڵم کە لە مەسەلەی ئاو دابەشکردن تێگەیشتی. دیارە کە ئێوە خەڵکی ئەم ناوچەیە نین.

**چێرچ:** ئۆی نا من خەڵکی ئەم ناوچەیە نیم.

**دران:** ئەی باشە ئێرەت پێ چۆنە؟ بەلاتەوە باشە؟ ئێرە؟

**چێرچ:** زۆرم پێ خۆشە، سوپاس.

**دران:** پێم وایە لە یەکێک لەو خانووە تازانەدان کە دەکەوێتە دەرەوەی دێکە، وا نییە؟

**چێرچ:** هەر زۆر خۆشن.

**دران:** هەموو پێداویستییەکی ژیانی تێدایە، وا نییە؟ سەلاجە و ئەو شتانە.

**چێرچ:** بەڵێ بەڵێ.

**دران:** کارەبای باشە وا نییە؟ هەموو کەرەستەیەکی کارەبایی تێدایە؟

**چێرچ:** هەموو کەرەستەیەکی تێدایە.

**دران:** ریزێک خانووی زۆر بچکۆلانە و جوانن، وای کردووە هەموو خانووەکانی تری گوندەکە وەک کەلاوە دەربکەون.

**چێرچ:** زۆر ڕازاوەن.

**دران:** باخچەیەکی جوانیشی تێدایە؟

**چێرچ:** بەڵێ.

**دران:** نە زۆر گەورە و نە زۆر بچکۆلەش.

**چێرچ:** بەڵێ وایە.

**دران:** بەکەڵکی ئەوە دێت کە هەندێک پێداویستی ماڵی تێدا بچێندرێت.

**چێرچ:** بەڵێ.

**دران:** ئەوەندە زۆریش نا و ئەوەندە کەمیش نا، هەندێ سەوزە وا نییە؟

**چێرچ:** هەندێک سەوزەی تازە و تەڕوبڕ زۆر چاکە.

**دران:** ئۆ بەڵێ، هیچ شتێک وەک سەوزەی ناو ماڵی خۆت نییە، لەگەڵ کەمێک چیمەن لە بەردەمەوە.

**چێرچ:** بەڵێ خێزانەکەم ئەوەی کردووە.

**دران:** شەوان خەریکت دەکات؟(*)

**چێرچ:** بەڵێ هەمیشە دەبێت دەستێکت پێوەی بێت.

**دران:** گوێی پێ بدە، وایە، بەردەوام گوێی پێ بدە.

(*) لێرەدا دران بەم پرسیارەی ئاماژە بەپێوەندی سۆزداری نێوان چێرچ و ژنەکەی دەدات، بەڵام چێرچ لێی تێ ناگات " وەرگێر "



**چێرچ:** بەڵێ.

**دران:** هەموو ڕۆژێک بۆ ئیشەکەت دەچیت بۆ چێلتنهام.

**چێرچ:** بەڵێ هەموو ڕۆژێک.

**دران:** ژیان لە لادێدا خۆشە؟

**چێرچ:** ئۆو بەڵێ، من و خێزانەکەشم خەونمان بەماڵێکەوە دەبینی لە لادێدا.

**دران:** شتێکی چاکە ئەوەی خەونتان پێوە دەبینی بۆتان هاتووەتە دی.

**چێرچ:** بەدڵنیایی. لە ڕاستییا وایە.

**دران:** ماشێنێکی بچکۆلەکەشت هەیە بۆ هاتوچۆکردنی خۆت؟ بەتایبەتی کە دەچیتە چێلتنهام.

**چێرچ:** بەڵێ. ڕێگەکە بۆ من کەمتر لە کاتژمێرێکە.

**دران:** پێم وایە دەبێت هەندێک مەسرەفی تێدا بکەیت.

**چێرچ:** بەڵێ وایە دەبێت خزمەتی بکەیت.

**دران:** خێزانەکەشتان لەگەڵتانا هاتوچۆ دەکات وا نییە؟ تا کەمێک باری داراییتان لەسەر سووک بێ؟

**چێرچ:** بەدڵنیایی.. بەڵێ بەڵێ.. هاوکاریم دەکات.

**دران:** چاکە، ئەوە هەنگاوێکی زۆر باشە، وا نییە؟ هەردووکتان پێکەوە مەسرەفی ماڵ دەکێشن.

**چێرچ:** بەڵێ.

**دران:** خۆی دەبوایە قایل نەبوویتایە، مەبەستم ئەوەیە کە هەروەکو دەڵێن.

لەگەڵتانا ئیش دەکات وا نییە؟

**چێرچ:** هەر لە هەمان ژوور لەگەڵ خۆما ئیش دەکات.

**دران:** ئۆو بەڵێ، هەندێک لە پیاوان پێیان خۆشە بەشێوەیەکی بەردەوام ژنەکانیان لە بەرچاوا بێت. شتێکی چاکە، تۆ لە شوێنکەوتوانی ئەو کەسانەیت.

**چێرچ:** بەڵێ، خۆی مەسەلەکە هەر وەک خۆت دەزانیت...

**دران:** کەواتە مناڵتان نییە؟

**چێرچ:** لە ڕاستییا خۆت دەزانیت ئەو مەسەلانە چۆنە، باشتر وایە جارێ خانوویەکی بچکۆلانەت هەبێت و پارەی ماشێنیشت لەسەر نەمابێت.

**دران:** بیرکردنەوەیەکی ژیرانەیە ئەگەر بێتو زۆری دوانەخەن.

**چێرچ:** ئەوە ئیتر هەوڵ دەدەین مناڵێکمان ببێت.

**دران:** ئۆو بەختێکی باش.

**چێرچ:** سوپاست دەکەم. بیرمان لەوە کردووەتەوە کە بەرلەوەی کات بگوزەرێت مناڵێک بخەینەوە.

**دران:** ئەوە خانووەکەتانە وا نییە؟ ئەوەی کە دەکەوێتە ناوەڕاستی یەکەم ڕیزەوە؟

**چێرچ:** بەڵێ ئەوەیە.

**دران:** ئەوە خێزانەکەت نییە لە باخەکەدایە؟ هەر دەڵێی نوکتەیەکە؟

**چێرچ:** بەڵێ بەڵێ، ئەوە خۆیەتی. وەک دەزانیت حەزم کرد شەوێک ڕوخسەتی لێ وەربگرم و بەتەنیا بێمە دەرەوە.

**دران:** خانمێکی ناسکە، لەوانەیە لە تافی لاویدا زۆر جوانتر بووبێت.



**چێرچ:** سوپاست دەکەم.

**دران:** چاکە، ئێرە ساردی کرد.

**چێرچ:** وایە، ئاسمان زۆر جوان دەنوێنێت. مۆڵقێرنیش خەریکە دیار نامێنێت.

**دران:** خۆزگە ڕووناکییەکەی خۆی لە تاوەرە بێتەلەکە بدایە.

**چێرچ:** تەماشای چیای کاتسۆلدز بکە، چەند قەشەنگ و جوان دەردەکەوێت.

**دران:** دەبێت بەشی سەرەوەی ئەستێڵکەکە ببینیت.

**چێرچ:** ئەی ڕووباری ئەیڤن، خەریکە تەمومژ دای دەپۆشێت، وا نییە؟

**دران:** سەربازگە نەفرەتییەکە لەو قوڕاوە دەخۆنەوە.

**چێرچ:** دیمەنی ئاسمان هەر زۆر جوانە.

**دران:** چەند حەزم دەکرد فڕۆکەیەک لە ئاسماندا بوایە بەگڵۆپەکانییەوە

کە چۆن دەدرەوشێتەوە.

**چێرچ:** دێکە تا بڵێی دێرینە و وێرانبوونی ئەوەندە ئاسان نییە.

**دران:** نوکتەیەکی ڕەشی نەفرەتییە، هەر لە شارەوانییەوە تا کڵێسەکەی هەمووی کرم دای ڕزاندووە. پێویستە هەمووی بەبلدۆزەر تەخت بکەن و سەرلەنوێ خانووی تازەی لێ دروست بکەنەوە، وەک ئەوانەی ئێوە. لە هیچ شوێنێکەوە پێرس نابینی؟ چاوت لێی نییە؟

**چێرچ:** نەخێر.

**دران:** ئیشکەرێکی لێهاتووە، تا تیشکی خۆر بەدەرەوە بێت حەزی

بەئیشە. بەم زووانە دەردەکەوێت، بۆ خۆی گوتی سەرێک دەدات. تۆزێک چاوەڕێ بکە بەر لەوەی بچینە خوارەوە شتێکت نیشان دەدەم، شتێک کە لە ڕاستیا هەروا بەئاسانی نیشانی هەموو کەسێکی نادەم.

**چێرچ:** ئەو شتە چییە؟

**دران:** لە ناوەوەیە.. لە.. ناوەوەیە. ئاوەکە. شەوێکی زۆر خۆشە.

" دران و چێرچ دەچنە بەشی خوارەوە بۆ ئەو شوێنەی کە دەرگەی ئاسنینی ئەستێڵکەکەی لێیە" ئەم دەرگەیە زۆر قورسە. دەمەوێت تەماشای ئەوە بکەیت. ئێستا لە شوێنی خۆت ڕاوەستە و بزانە چ دیمەنێکی ئەفسووناوی دەبینیت.

"دران بەگرانی دەرگەکە هەڵدەداتەوە و شەپۆل و هاژوهوژی ئاو لە هەموو لایەکەوە دێتە گوێ".

**چێرچ:** ئای خوایە.

**دران:** دیمەنێکی کاریگەرە وا نییە؟

**چێرچ:** بەڵێ.

**دران:** پێنج سەد هەزار گالۆن ئاوی تێدایە، ئەو ئاوە زۆر لەوە زیاترە کە یەک کەس بتوانێت چاودێری بکات. وەک پێت دەڵێم، ئەو ئاوە لە توانای یەک کەسا نییە.

«دران دەرگەکە دادەخاتەوە، جارێکی تر هاژوهوژی ئاوەکە دەبیسترێت»

ئەگەر ئەم ئەستێڵکە درزێکی تێ بێت چی ڕوو دەدات ها؟ کەس ئەو پرسیارە لە خۆی ناکات. ئەگەر درز بەرێت، ئۆو.. نا.



کەناڵێکی سروشتی ئاویش لە خوارەوە بۆ خۆی هەیە، هەموو گوندەکە لەگەڵ خۆیا ڕادەماڵێت. بەر لە هەموو شتێک کڵێسەکە ڕادەماڵێت، چونکە ئاو هیچ ڕێزێک بۆ ئاین دانانێت.

ئاو دەبێت ڕێڕەوێک بۆ دەربازبوونی خۆی بدۆزێتەوە، وەک دەوترێت دەبێت ئاو ڕێڕەوێک بۆ دەربازبوونی خۆی بدۆزێتەوە.

**چێرچ:** بەدڵنیاییی وایە.

**دران:** ئەو گوێ ناداتێ چی لە بەردەمدایە هەر ڕای دەماڵێت، هیچ بەجێ ناهێڵێت.

ئاو دەبێت ڕێگەیەک بۆ دەربازبوونی خۆی بدۆزێتەوە.

**چێرچ:** ئەو شتانە چین کە لەوێدان؟

**دران:** لە ماوەی یەک دەقەدا نیشانتی دەدەم و بەچاوی خۆت دەیبینیت.

جارێکی تر نیشانتی دەدەمەوە. باشە.

"دەرگەکە دەکاتەوە، هاژوهوژی ئاو"

ئاوەکە دێتە سەرەوە. تەماشای پێوانەکە بکە.

**چێرچ:** بەڵێ چاوم لە کەرەستەکانی پێوانەکەیە.

**دران:** ئەو شتە دەبینیت کە هەر دەڵێی ڕاستەیە؟ ئەوە پێوانەکەیە. بڕوانە و بیخوێنەرەوە. نیشانەکە نزیکی نۆزدەیە. بەڵێ نۆزدەیە. ئەوە پێوانەکەیە خۆ بینیت؟ نۆزدەیە.

**چێرچ:** ئەی ئەو شتانە چین کە لە ناو ئاوەکەدان؟

**دران:** وەک دەیبینیت هەموو ئەو شتانە پارچەکانی پێوانەکەن، هەمووی لەگەڵ پێوانەکەدان.

**چێرچ:** هەموو ئەو شتانەی کە لە ناو ئاوەکەدان چۆن ئیش دەکەن؟

**دران:** وەک دەبینیت هەموو ئیش بۆ ئەوە دەکەن ڕاستەکە ئەندازەی ئاوەکە نیشان بدات. پێوانەکە لەسەر نۆزدەیە. ئەوە پێوانەکەیە لێی بڕوانە.

**چێرچ:** بەڵێ، بەڵام تۆ بەتەواوی دڵنیا نیت کە چۆن ئیش دەکات؟

**دران:** بێگومان، بەدڵنیایی دەزانم چۆن ئەو پێوانەیە کار دەکات. ئەو شتانەی کە لە ناو ئاوەکەدان و هەموو ئەوانەش کە تۆ ناتوانیت بیانبینیت کار بۆ ئەوە دەکەن ڕاستەکە ئەندازەی ئاوەکە نیشان بدات. ئەندازەی ئاوەکە نۆزدە پێیە. کە ئەو ئامێرەیان دانا من لێرە بووم، پیاوە سکوتلەندییەکە بۆ خۆی داینا. بەدڵنیایی هەموو شتێک لە پێوانەکە دەزانم.

**چێرچ:** وایە.

**دران:** شتێکی جوانە وا نییە؟ بەر لەوەی سەری بنێمەوە، شتێکی جوانە وا نییە؟

**چێرچ:** هەر زۆر جوانە.

**دران:** هەموو شەوێک دەتوانم بێم چاودێری ئەوە بکەم. هەر وەک دەزانیت ئاوێکی خاوێنە. پێنج سەد هەزار گالۆنە کە لەسەر ئەندازەی نۆزدە ڕاوەستاوە. ئەو نەفرەتییە شتێکی سەیر نییە.. ها؟ ئەو ئاوە چەند قەشەنگە، کە کۆ دەبێتەوە هەر لە بارستاییەکی ڕەق دەچێت. ئەوان نازانن کە ڕەنگە درز بەرێت و کارەساتێک بنێتەوە.

**چێرچ:** وایە.



**دران:** دەزانیت کە یەکەم جار پڕیان کرد لە ئاو درزی برد.

**چێرچ:** بۆم باس کە، نازانم.

**دران:** ئۆو بەڵێ، کە پڕیان کرد لە ئاو درزی برد، ئەوە بووە هۆی ئەوەی کە من ئەم ئیشە وەربگرم. لەبەرئەوەی کە بۆ یەکەم جار پڕیان کرد منیان بۆ ئەم کارە ڕاسپارد. ئەوەیان لە بەرچاو بوو کە من ئەرزەکەم لێرەوە نزیکە و دەتوانم زوو بگەمە ئێرە و چاودێری بکەم و ئەگەر شتێکی هەڵەش ڕووی دا ئەندازیارەکە وریا بکەمەوە، نەک گوندەکە. کۆمپانیاکە بۆ یەکەم جار پڕیان کرد لە ئاو. بەڵام من هەر دەبوو سکوتلەندییەکە و هاوڕێکانی ئاگەدار بکەمەوە، ئەو لێرە دەژیا لە کارەڤانەیەکدا وەک بۆم باس کردیت.

**چێرچ:** چارەسەری درزەکەیان کرد؟

**دران:** بەڵێ. بێگومان. تێبینیمان کرد. کاتێ ئەستێلک بۆ یەکەم جار ئاوی تێ دەکرێت شتێکی ئاساییە درز بەرێت. ئاو وایە، تەڕایی ئاوە، لە کۆنکرێتی تازەدا درزێک دەبینرێت و درزێک دەگیرێت.. چەندانی تری واش هەن.. پێوەندی بەتەوژمی ئاوەوە هەیە. درزەکان، چەندین شەو دانیشتووم و تەماشای ئەو درزانەم کردووە. بەڵام ئەوان هەموویان پڕ کردەوە.

**چێرچ:** زۆر چاکە.

**دران:** بێگومان ئەگەر ئیستا ئەوە ڕوو بدات شتێکی ترسناکە. ئیستا کۆنکرێتەکە وشکە. گرفتە کابرا. ژن و منداڵ لەسەر پێخەفەکانیانەوە ڕادەماڵێت. تۆفانە، فرێجەستت بیستووە؟ ئەو کاتەی بەنداوەکە تەقی؟ فرێجەس کارەساتێکی گەورە بوو. ئۆو

بەڵێ، هەمان کارەسات لێرەش ڕوو دەداتەوە. لە دوای خۆیەوە وێرانەیەک بەجێ دەهێڵێت و خەڵکیش لێرە و لەوێ بەدوای کەلوپەل و کەسە ئازیزەکانیاندا دەکەونە گەڕان و چنگە کرێ. بەڵێ بەڕێزم، لافاو لە دوای خۆی خەم و کەسەرێکی زۆر بەجێ دەهێڵێت. ئەوە ئەو چارەنووسەیە کە تووشیان دێت. لافاو لە دوای خۆی خەم و کەسەرێکی زۆر بەجێ دەهێڵێت.

"دران دەرگەکە دادەخاتەوە، هاژوهوژی ئاو"

**چێرچ:** بەشێوەیەکی فراوان سەرچاوە سروشتییەکان زۆر ترسناکن، وا نییە؟

**دران:** پێنج سەد هەزار گاڵۆن.

**چێرچ:** من لە کانێکی خەڵووزدا گەورە بووم و ژیام، باوکم کرێکاری کانە خەڵووز بوو.

**دران:** کرێکاری کانە خەڵووز. ئەوە شتێکی چاکە. من پێم وابوو لەوانەیە فەرمانبەر یان پزیشک یان شتێک لەو بابەتانە بێت.

**چێرچ:** کرێکاری کانە خەڵووز بوو. ئێمە لە نێو کەلەبەرەکانی خەڵووزدا گەورە بووین و ئەوەش هەمان هەست و سۆزە، هێزێکی سروشتی لە ناوەوە دەجووڵا. وەک ئەوە وا بوو کە لە ناو جەرگەی شاخێکدا بژیت.

**دران:** هەست بەوە دەکەیت کە ئێمە لەسەر شاخێکی ئاو ڕاوەستاوین؟ کەرتە شاخێک لە ئاو، ئەو ئاوە کوژەرە. بەڵام بەری پێ گیراوە، دەیبینیت؟ بەری پێ گیراوە وەک ئەوەی کۆنترۆڵ کرابێت. منیش ئەو پیاوەم کە سەرقاڵم بەچاودێری کردنیەوە. ئای مەسیح، ئەگەر ئەندازەکە لە نۆزدە واوەتر بڕوات ئەوە کابرا ئەو



ئەستێڵکە نەفرەتییە مەرگی لێ دەکەوێتەوە. گوشاری ئاوەکەش درزی تێ دەکات و دوای ئەوەش لافاو هەڵدەستێت. تەماشای ئەو دیمەنە نەفرەتییە بکە.

**چێرچ:** لە ژێر ئەو ڕووناکییە کزەدا زۆر جوان دەنوێنێت.

**دران:** لە ژێر ئەو ڕووناکییەدا بۆت ناکرێت ئەستێڵکەکەی بلۆکلی ببینیت.

**چێرچ:** تەماشای شینایی ئاسمان بکە بەر لەوەی تاریکایی باڵ بەسەر مۆڵڤێرنا بکێشێت.

**دران:** بەم زووانە گڵۆپەکانی تاوەرەکە دادەگیرسێن.

**چێرچ:** بڕوانە چۆن کاتسۆلدز تاریک بوو.

**دران:** ماوەیەکی تر لەسەر ڕێگەی ماشێنەکان دەتوانیت ڕۆشناییە پرتەقاڵییەکان ببینیت. هێڵێکی گەورە لە ڕۆشناییە پرتەقاڵییەکان. ئێمە لەوێ شەتڵێکی گەورەی وێنجەمان هەیە. دیمەنێکی جوانە.

**چێرچ:** گوندەکە خۆی بەتەمومژ دادەپۆشێ. کڵێساکەش چەشنی لوولپێچێکی باریک لە ناو قۆچەکانی خۆیدا وێنەی خۆی بۆ شەو دەکێشێ. " دیلان تۆماس" .

**دران:** ئەوە کێیە؟

**چێرچ:** نووسەرە. شتێکی گوتووە لەو بابەتە، کڵێساکەش چەشنی لوولپێچێکی باریک.

**دران:** تۆ زۆر دەخوێنیتەوە؟

**چێرچ:** تا ڕادەیەک حەزم بەشیعرە.

**دران:** پێرسیش نووسەرە، بۆ ڕۆژنامەی زمانحاڵی خانووی شووشەی کشتوکاڵی دەنووسێت.

دەربارەی چۆنیەتی پێگەیاندنی تەماتە و ئەو شتانە، دەستی شیعری هەیە. کە هاتە ئێرە چاوت پێی دەکەوێت.

**چێرچ:** ها.

**دران:** چاوت لە خانمەکەتە؟ هەر خەریکی باخەکەیە؟

**چێرچ:** بەڵێ، دەتوانم بیبینم.

**دران:** خانمێکی ناسکە، لەوە دەچێت شتێکی خۆش بێت بەدرێژاییی ڕۆژ ئیشی لەگەڵ بکەیت؟ وایە؟

**چێرچ:** بەڵێ.

**دران:** ڕێگەت پێ دەدات شەوانە بچیتە دەرەوە؟

**چێرچ:** بەڵێ بەڵێ.

**دران:** ئەو شتانە لای ئێوە زۆر دووبارە دەبێتەوە، وا نییە؟

**چێرچ:** شتی چۆن؟

**دران:** خۆت دەزانیت. ئەوە دەڵێم کە ئەو هەموو کاتە لەگەڵ خێزانەکەت دەبەیتە سەر.

**چێرچ:** بەڵێ.

**دران:** قەت هەستت بەجۆرە هەڵسوکەوتێکی نابەجێ نەکردووە، هەستت پێ کردووە، مەبەستم لەو هاوڕێیانەیە کە پێکەوە ئیش دەکەن؟

**چێرچ:** نۆو نا. ئێمە پێکەوە زۆر باشین.

**دران:** من بەبیرت دەهێنمەوە کە هیچ شتێکم نییە لە دژی ژنان،



مەبەستم ئەوەیە من بۆ خۆشم خێزانم هەیە، ئەوە دەزانیت؟ ئایا شتێکی ئاساییە ئەو هەموو ماوەیە لەگەڵی بمێنیتەوە؟ من بۆ خۆم زۆر لەگەڵی نامێنمەوە.

**چێرچ:** من ئەوەم پێ خۆشە، شتێکی باشە.

**دران:** کە بەلای ناوچەکەتاندا تێپەڕیم و بینیم هەمووی وەک دەرزی تازە وایە و خانووەکانی هەموو ڕێکوپێکن، لە ناخی خۆما بیرم لەوە کردەوە کە هەمیشە کاتێکی خۆش لەوێدا دەبەنە سەر.

**چێرچ:** بەڵێ زۆر خۆشە، بەڵام ئەوەش تا ڕادەیەک بۆ ماوەیەکی دیاریکراوە.

**دران:** دیاری کراوە؟ ئەوە مانای چییە؟

**چێرچ:** باشە، دەزانیت ئەوەش جۆرێکە لە ئابڵوقە؟ پاش چەند مانگ خۆ خەریککردن بەباخچەکەتەوە لەوانەیە هەست بەجۆرێک لە نائارامی بکەیت لەوەی ئەو هەموو کاتەت بەشتێکی بچکۆلەوە بردووەتە سەر.

**دران:** تێگەیشتم.

**چێرچ:** مەبەستم ئەوەیە خێزانەکەم حەزی لە ئیشی ناو باخە، دنیایەک شەتڵی گوڵی چاندووە هەر لە ساردۆنیا و گوڵە ئەستێرە و دەمە شێر و گوڵی تاج و گەلێ جۆری تر کە من تەنانەت ناویشیان نازانم. چەندین پەیکەری پلاستیکی لە دەوروپشتی حەوزێکی پلاستیکی داناوە کە هەر چوار دەوری بەردی ڕەنگاوڕەنگە.

**دران:** تەماشام کردووە، زۆر جوانە.

**چێرچ:** بەڵام من.. کە هەندێک جار.. من کە تەماشای دەوروپشتی

خۆم دەکەم هەموو پیاوەکانی تر سەرگەرمن بە شتێکەوە... بەکێڵان و بژارکردن و چاندن و دروێنەوە... لە کێڵگەکانیاندا کار دەکەن تا خۆر ئاوابوون. ڕەنج دەدەن تا تینوێتی زۆریان بۆ دێنێ و دواجار ڕوو دەکەنە یانەیەک و تا تاریکبوون شەرابی سێو دەخۆنەوە. بەڵام لە کاتێکا.. تۆ دەزانیت.. من هەرگیز لە باخەکەدا بێجگە لە تەنکە ئارەقێک کە کاکاوێک دەتوانێت تینوێتییەکەم بشکێنێت ئارەقم نەکردووەتەوە.

**دران:** من لەوەیاندا لەگەڵتا نیم، دەمەوێت لێت بپرسم کێ هەیە ئەوەندە نەگبەت بێت کە پێی خۆش بێت تا خۆر ئاوابوون ئیش بکات؟

**چێرچ:** دەزانیت کە من، هەندێک جار تووشی بێزاری دەبم. من زۆر ناچمە دەرەوە.

**دران:** نازانم، من هیچ هەڵەیەک لەوەدا نابینم؟ ناهێڵێت بچیتە دەرەوە؟

**چێرچ:** نا نا، مەسەلەکە بەو جۆرە نییە.

**دران:** ئەو نایەوێت بچیتە دەرەوە، نایەوێت وا نییە؟ مەبەستم ئەوەیە، من نامەوێت ژنەکەم سواری سەرم بێت.

**چێرچ:** نا، ئەوەش چاک دەبێت. من. من، لە ڕاستییا کەمێک دەمەبۆڵە لە نێوانماندا ڕووی دا.

**دران:** ئۆو ئۆو هۆو.

**چێرچ:** نا، شتێکی ئەوتۆ نەبوو. ئێمە مەسەلەکان زۆر گەورە ناکەین یان ئەوەی کە ڕووی دا تەنیا ئەوەندە بوو کە من گوتم " ئەمشەو کەمێک بێزارم". ئەویش گوتی " بێزاریت؟ بەڵام دنیایەک کار هەیە کە لە باخەکەدا تەواویان بکەیت". منیش گوتم " بەڵێ،



بەڵام نامەوێت خۆم بەئیشی باخەکەوە خەریک بکەم". ئەویش گوتی " پێم وایە تۆ حەز دەکەیت هەردووکمان پێکەوە لە باخەکەدا ئیش بکەین؟ تۆ لە بەشی دواوە و منیش لە بەشی پێشەوە؟"

هەروەها منیش گوتم "پێم خۆشە ئەزیزم، بەڵام تۆ دەزانیت ئەمشەو هەست دەکەم کە ناتوانم هیچ بکەم ". ئەو گوتی " ئێ زۆر چاکە، منیش حەزم پێی نییە. ئەی خۆمان بەچییەوە خەریک بکەین؟ ناتوانین بەتایبەتی لەم مانگەدا بچینە دەرەوە". پاشان من گوتم " من حەزم لە پیاسەیەکە".

ئەویش گوتی " چاکە منیش ئەوەم پێ خۆشە ". لەبەرئەوەی ئەویش حەزی لە پیاسەیە، ئێمە چەندین میل پێکەوە پیاسەمان کردووە. بەو جۆرە ئەویش خۆی حازر کرد و گوتی " با کاڵەکانم لە پێ بکەم " بەڵام من گوتم " نا تۆ مەیە، من دەمەوێت.. بەتەنیا بڕۆم ".

**دران:** ئیتر بوو بەدەمەبۆڵە؟

**چێرچ:** ئەوە هەموو دەمەبۆڵەکە بوو.

**دران:** تۆ لە ژیانێکی پڕ لە ئاژاوەدا دەژیت ڕۆڵە، وا نییە؟

**چێرچ:** بۆ هەموو شتێک جێگرەوەیەک هەیە، وا نییە؟ باخچە بۆ زەوی، بڕوبیانوو بۆ دەمەبۆڵە، لەرزین بۆ بوومەلەرزە.

**دران:** ئەها، تۆ زۆر ژیرانە دەدوێیت. من دڵم بەهاتنت زۆر خۆشە. کە پێرس هاتە ئێرە دەتوانن هەردووکتان پێکەوە گفتوگۆیەکی خۆش دامەزرێنن و منیش گوێتان لێ دەگرم.

**چێرچ:** ئەوەی من دەمەوێت بیڵێم ئەوەیە.. چاکە.. هەرچۆنێک بێت هەر

کەسێک دەگریت چالاکە لە ڕاپەڕاندنی کاروباری ئەرزەکەی خۆیدا، تەنیا من نەبێت کە خۆم دەسخەڕۆ کردووە. من دەڵێم، پێم خۆشە بەکارێکی شایان و زیندوو هەستم. مەبەستم ئەوەیە بەپاکی و تازەیی ڕاگرتنی پەیکەرە پلاستیکییەکان بەدڵنیاییەوە کارێک نییە کە بتوانی لەو ڕێیەوە مانایەک بدەیتە ژیان و مەرگی خۆت.

**دران:** ئەو پەیکەرانەتان زۆر جوانە.

**چێرچ:** ئۆو، بەڵام ئەوەی من مەبەستمە ئەوەیە.. ژیان دەبێت تەواو هەقیقی بێت.

هەر وەک ئەو پیاوانەی کە لە ناو کێڵگەدان. تۆ نازانیت ژیان لە ئۆفیسێکدا لە چێلتنهام مانای چی. " مووچەیەکی باشە". کاتێک باوکم شەوان لە کار دەگەڕایەوە ماڵێ جۆرە هەست و سۆزێک لە.. لە هاوبەشی بەرانبەر ئەو دایدەگرتین. ئەو لە ناو جەرگەی زەمینا بوو، ئەو کابرایە بەرەنگاری سروشت دەبووەوە. من لە کوێم، ها شەوان کاتێک کە من دێمەوە ماڵێ، هەموو ئەوەی کە بەرەنگاری بوومەتەوە قەرەباڵغی و گیرخواردن بووە لە بەردەم چرای هاتوچۆی سەر شەقامەکانی نێوان چێلتنهام و وینجکامب. ئەو لە وێنەی پیاوێکی ڕەنجبەردا دەگەڕایەوە ماڵێ. ژیان دەبێت جارێکی تر مانای هەقیقی خۆی وەربگرێتەوە. ئەگەر خۆم بەراورد بکەم بەباوکم ئەوە من نیوە مەردم. ئەو گاڵتەی بەژیانی من دەهات، ئەو بەژیانێکی پیاوانەی نەدەزانی. بەڵکو بەژیانێکی منداڵانەی دەدایە قەڵەم. تەنیا بوونێکی منداڵانە.



**دران:** تۆ باشیت، تۆ پارەیەکی باش وەردەگریت، وا نییە؟

**چێرچ:** ها، پارەیەکی باش.

**دران:** تۆ ژیانت زۆر باشە، شوێنێکی چاکت لە چێلتنهام هەیە، لە زستاندا تەڕوتووشیت نییە. لەوە زیاتر چیت دەوێت؟

**چێرچ:** ها، گوێ مەدەرێ. لەوە دەچێت بمەوێت پارچەیەک ئەرزم هەبێت..

پارچەیەک ئەرز کە کارێکی هەقیقی تێدا بکەم. خۆمی پێوە خەریک بکەم. پێویستم بەپارچە ئەرزێکە.

**دران:** تەنیا شتێک هەیە، تۆ دەبێت ئەوپەڕی گەمژە بیت ئەگەر بتەوێ بچیت لە چاڵێکا ئیش بکەیت. بەخاتری باوکت بێت یان نا.

**چێرچ:** دران من ئەوە لە ناو جووتیارەکاندا دەبینمەوە، تەنیا ئەو پیاوانە لە مانای ئەوە تێ دەگەن، ئەوانە بەشێکن لە خاک. ئەوانە هەر لە باوکم دەچن کە چۆن لە ناو خەڵوزدا بوو. ئەوانە هەمیشە لەوە تێ دەگەن.

**دران:** من حەز دەکەم پێرس ببینیت. حەز دەکەم، حەز دەکەم پێرس ببینیت.

ئەو ڕێگەت نیشان دەدات.

**چێرچ:** من بڕوا ناکەم تۆ لە من تێ گەیشتبیت.

**دران:** پێرس باشترین جووتیارە لە ناوچەکەدا، ئەو پارچە خاکەی خۆی وا لێ کردووە ببێتە کێڵگەی ئاڵتون. وای لێ کردووە پارە فڕێ بدات، ئێستا کێڵگەی شووشەی هەیە کە وەک ئەڵماس وایە. ئەوە پێرسە، ئەو خاکە پێشتر هیچ نەبوو، بەڵام توانی

وای لێ بکات پارەی بۆ فڕێ بدات. هەر وەرزێکی ساڵ دەگریت پێرس دەبینی لەگەڵ ژنانی دێکەیدا خەریکی کۆکردنەوەی پیاز یان شلک یان توور یان تەماتە یان کاهووە؛ بۆچی ئەمساڵ دوورگەی کەناڵەکەی هەموو کرد بەتەماتە. پێرس جووتیارە، خۆی گوتی کە دێت بۆ ئێرە. وتی " مەرحەبا دران، من دێم بۆ ئەوێ تا ئەمشەو کەمێک لە شەرابی قۆخەکەت بخۆمەوە". لەوانەیە بەم زووانە دەرکەوێت. چاوت لێی نییە؟

**چێرچ:** نا نایبینم.

**دران:** نا، تەواوێک تاریک بووە. ئەها دەمەوێت شتێکی ترت نیشان بدەم.

"دەرگەی ئەستێڵکەکە هەڵدەداتەوە" ئەوە دەبینیت؟ ببینە چۆن ڕەش و ئارامە کاتێک کە ڕووناکییەکە نامێنێت؟

**چێرچ:** وایە.

**دران:** دەبینی هەر دەڵێی بوونەوەرێکی زیندووە؟ من ئاوا دەیبینم وەک بوونەوەرێکی زیندووی زەبەلاح، لە توانایدایە گوندەکە سەرلەبەری نغرۆ بکات.

دەزانیت بۆچی؟

**چێرچ:** بۆچی؟

**دران:** لەبەرئەوەی پێویستی بەقوربانییە تا ئارام بێ و ئۆقرە بگرێت.

**چێرچ:** بەڕاستە؟

**دران:** ئەها ئەی بۆ تۆ نازانیت، پێت وایە من قسەی بێ سەر و بەرت بۆ دەکەم.



**چێرچ:** بەردەوام بە، بۆم باس بکە. داوای قوربانی دەکات.

**دران:** نازانیت ئەم مەسەلەیە چۆنە؟ نازانیت قوربانییەکەی چییە؟

**چێرچ:** نا بۆم باس بکە.

**دران:** تۆ دەزانیت، کە دەتوانیت گوێ لە قسەکانی بگریت. شەوانە ئەگەر بەوردی گوێی بۆ شل بکەیت دەتوانیت گوێت لە قسەکانی بێت.

**چێرچ:** بەڵێ، تێگەیشتم. باوکم دەیگوت چینە خەڵووزەکان قسە دەکەن.

**دران:** دەتەوێت تێ بگەیت لەوەی کە چی دەڵێت؟

**چێرچ:** پێم بڵێ، باسی چی دەکات؟ داوای چی دەکات؟

**دران:** دەربارەی پێویستییەکانی خۆی قسە دەکات، ورتە ورتێتی و لەبەرخۆیەوە دەدوێت. دەزانی بۆچی هاوارێتی؟

**چێرچ:** پێم بڵێ؟

**دران:** تۆ قەت نەتبیستووە لە ئەستێڵکەکەی بلۆکلی چی قەوماوە.

**چێرچ:** نەخێر، لە ئەستێڵکەکەی بلۆکلی چی قەوماوە؟

**دران:** ئەستێڵکەکە پیاوێکی تێدا بوو.

**چێرچ:** پیاوێک؟ بەڕاستە، پیاوێک؟

**دران:** پیاوێکی تێدا بوو. ئەوە لە دوای دروستکردنییەوە بەچەند مانگێک ڕووی دا.

دەنگی ئاوەکە دەبیسترا کە قسەی دەکرد، خەڵکی ناوچەکە تا ئیستاش باسی لێوە دەکەن. گوێیان لێ بووە کە هاواری کردووە و ناڵە ناڵی بووە، تاوەکو داساکاوە و ئارامی گرتووە.

ئەستێلک دەبێت ئارام بگرێت. بەیانییەکیان بەرپرسێکی ئەستێلک، هەر وەک من، بەڵام لە ناوچەی گلاوسسترشێرەوە، دەچێتە ئەوێ و تەماشایەکی دەکات دەبینێت ئەستێلکە ماندووەکە تەواوێک ئارامە.

بەڵام لەوێدا، لە ناو ئاوەکەدا پیاوێک دەبینێت، ئاوا هەڵواسراوە، ئاوا.

**چێرچ:** خنکا بوو؟

**دران:** لەوە دەچوو ئاوەکە خنکاندبێتی، دادوەر گوتبووی خنکاوە. بەڵام خەڵکی ناوچەکە پێیان وایە ئاوەکە بۆ خۆی پیاوەکەی کێش کردووە بۆ ئەوێ و خنکاندوویەتی. ئاویش دەبێت پیاوی خۆی هەبێت. دوای ئەوە ئیتر ئاوەکە ئاسوودە بوو. پیاوی خۆی بەردەست کەوت، پاش ئەوە هەموو هەستمان پێ کرد کە خۆشنوودە. چیتر شیوەن و ناڵە ناڵی نەما. بەشێوەی ژنێک وا بوو کە چۆن مناڵەکەی دەزێت ئیتر پێی شاد دەبێت.

**چێرچ:** بەڵێ، تێگەیشتم. باوکم هەمیشە دەیگوت ئەم چینە خەڵووزانە ڕوحیان تێدایە، ئەو دڵنیا بوو. من حەزم لە ئەستێلکەکەتە، ئەمە ئەستێلکێکی مەزنە دران. ئەستێلکێکی مەزن.

"دران دەرگەکە پێوە دەدات"

**دران:** ئیستا گوێ بگرە، بەپێڵاوی پیسەوە مەیە بۆ ئێرە. هەروەها گوێ بگرە هاوڕێ، هەرگیز بەتەنیا نەیەیت بۆ ئێرە، گوێت لێمە ڕۆڵە؟ هەروەها قەت نەکەی ئەم سەری ئەستێلکە بەبێ بوونی من هەڵبەیتەوە.

بەتەنیا من بۆم هەیە سەری ئەم ئەستێلکە هەڵبدەمەوە. من ئەم



ئاوە دەناسم، ئەم ئاوە من ناخنکێنێ، بەڵکو لێم دەترسێ. بەڵام تۆ لە چاوترووکانێکا لەگەڵ خۆیت دەبا..

**چێرچ:** من کوڕی کانە خەڵووزەکانم، دران من ڕێزی ئاو دەگرم.

**دران:** وەرە ڕۆڵە شەرابی قۆخت بەمێ. گرەو دەکەم باوکیشت حەزی لێیەتی.

**چێرچ:** باوکیشم تۆی خۆش دەوێت دران، باوکیشم تۆی خۆش دەوێت دران.

**دران:** وەرە دەقەیەک ناخایەنێت دەگەین، مەگەر خێزانەکەت بانگت کاتەوە.

**چێرچ:** دەیەوێت بچمەوە لەگەڵیا تەماشای دەنگوباس و فیلم بکەم.

**دران:** تەماشای ڕووناکی تاوەرەکە بکە، تەماشا بکە.

" دەچنە خوارەوە"

## پەردەی دووەم

ساباتەکەی درانە، سێ بەرمیلی گەورەی لێیە

**دران:** شتەکان بەو جۆرەیە.

**چێرچ:** من تەنیا چاوێکم بەئەرزەکەتاندا گێڕا.

**دران:** زۆر خۆت ماندوو مەکە بەچاو گێڕانەوە، ئیستا وەرزێکی باش نییە.

**چێرچ:** دڕک و گژوگیا ئەرزەکەتانی بەتەواوی داپۆشیوە.

**دران:** دەبینی، ئیستا وەرزێکی باش نییە؟ بۆیە شتێکی ئاساییە ئەگەر بۆ ماوەیەک وازی لێ بهێنیت و هیچی تێدا نەچێنیت. ئەوە

شەرابەکەیە، تەنیا یەک پیاڵەم هەیە، ئەوەت پێ ناخۆش نییە؟

**چێرچ:** من گوێ نادەمێ، ئامادەم لەگەڵ هەر کەسێکا بێت لە یەک پیاڵەدا بخۆینەوە. ها ها.

**دران:** شەرابی سوور دەخۆیتەوە یان سپی؟

**چێرچ:** ها؟

**دران:** دەپرسم، شەرابی سوور دەخۆیتەوە یان سپی. دەزانیت ئێمە بەراز نین وەک هەندێک لە خەڵکی دێ کە پێیان وایە.

**چێرچ:** بەڵام ئەوانە کوپەکانن؟ زۆر گەورەن....

**دران:** شەرابی سوور یان سپی؟



**چێرچ:** دەبێت بەدڵنیایی پەنجا گاڵۆن بگرێت؟

**دران:** بەڵێ دەیگرێت، چەند مانگێک دەبێت کڕیومن. ئیستا سوور یان سپی؟

**چێرچ:** کەواتە چەندی شەراب تێدایە؟

**دران:** باشە، ئەمە شەرابی سووری تێدایە و یەک پەرداخیش هەیە.

**چێرچ:** بەڵێ. منیش سوورم دەوێت. سوپاس ...

**دران:** ئەها، دەبینیت ئەوە ئەو شێوازەیە کە لە ئوتێلەکاندا شەرابت پێشکێش دەکەن؟ سوور یان سپی. مەبەستم ئەوەیە کە دەزانیت پیاو ماقووڵان ئەو نەریتەیان پێ خۆشە، ئەو پارێزەر و قەشە و بەگ و مەگانە، شەرابی سوور یان سپی دەخۆنەوە. خۆ ئێمە بەراز نین.

**چێرچ:** لەوە دەچێت زۆر باش بێت.

**دران:** تۆ تامی کە هاوڕێ.

**چێرچ:** ئۆف، شەرابێکی خەست و خۆڵە؟

**دران:** شەرابی هەڵووژەیە. زۆر چاک خەست بووەتەوە، پێت خۆشە وا نییە؟

**چێرچ:** زۆر خۆشە. شەرابێکی خەست و تیژە.

**دران:** وایە، هەڵووژە خەست و تیژە. ئەوە تایبەتمەندی هەڵووژەیە.

تۆ شەرابی خۆت دەناسیت هاوڕێ.

**چێرچ:** لە سەرەتاوە کە هاتمە ئێرە هەندێک شەرابم دروست کرد. لە گوڵە دەمەشێر و پەڕەی گوڵ و گوڵاڵەسوورە.

**دران:** ئای خوای گەورە، ئاوی خاوێن.

**چێرچ:** ها ها.. کتومت باوکیشم هەمان شتی دەگوت. ئەو حەزی بەوە بوو.

ئەوەی نەخواردایەتەوە جووڵەی بۆ نەدەکرا.

**دران:** چەندت دروست کرد؟

**چێرچ:** لەهەر یەکێکیان گاڵۆنێک.

**دران:** ها! کوڕی باش تۆ بەشی خواردنەوەی پشیلەیەکت دروست کردووە.

**چێرچ:** بەڵام ئەوە ڕێژەیەکی زۆرە.

**دران:** لە ڕاستییا وا نییە، من هاوڕێ و برادەر زۆر ڕووم تێ دەکەن. بخۆرەوە.

**چێرچ:** دوای خۆت.

**دران:** باشە، تۆ نیوەی بخۆرەوە. منیش بنەکەی دەخۆمەوە.

**چێرچ:** زۆر بەتامە. من پێم وابوو کە نابێت ئەو شەرابەی لە ماڵەوە دروست دەکرێت بەپیاڵە بخورێتەوە بەڵکو هەر بەشووشەی شەرابەکە.

**دران:** شووشەی شەراب زۆر قۆرە، هەموو لێوت بریندار دەکات. دەزانیت باشترین شتێک بۆ ئەوەی شەرابی تێدا بخۆیتەوە چییە؟

دەتەوێت پێت بڵێم، باشترین شتێک بۆ ئەوەی شەرابی تێدا بخۆیتەوە چییە؟ شووشەی مرەبا باشترین شتێکە بۆ ئەوەی شەرابی تێدا بخۆیتەوە.

**چێرچ:** ئەوە بەڕاستە؟



**دران:** بەڵێ. ئەوە باشترین شتێکە بۆ ئەوەی شەرابی تێدا بخۆیتەوە، بەدڵنیایی شووشەی مرەبا، ئەمشەو میوانم هەبوو بۆیە نەمویست لە شووشەی مرەبادا بخۆمەوە.

**چێرچ:** بەیارمەتی چۆنت پێ خۆشە وا بکە، پێویست بەئەتەکێت ناکات.

**دران:** ئۆو نا. بۆ وا دەزانیت من بەرازم. مەبەستم ئەو گوندەی ئەوێیە کۆمەڵە کەسانێکی خۆش قسەن، نەفرەت لە کەسێک دەکەن کە حەزی زۆر لە شەراب بێت.

**چێرچ:** بەڵام خۆ تۆ ناوبانگێکی خراپت نییە لە دێکەدا، وا نییە؟

**دران:** ناوبانگی خراپ؟ نا.. ئۆو نا. باوکم کاتی خۆی پارچە زەوییەکی لە دۆڵەکەدا هەبوو. نا مەسەلەکە تەنیا ئەوەیە کە ئەوان لێم تێ ناگەن.

ئۆو تۆ دەزانیت مەبەستم ئەوەیە کە من زۆر بەخەمی خەڵکەکەی ئەوێوەم. دڵم بۆیان ژان دەکات. دەڵێم ئەگەر ئاستی ئاوەکە لە نۆزدە واوەتر چێت، ئەوان چییان لێ دێت؟ ئەوان زۆر ڕێزێکی بێ پایان لە مامۆستای گوندەکەیان دەنێن، چونکە ژیانی خۆی بەخشیوە بەمنداڵەکان.

ئەوەی من دەمەوێت بیڵێم ئەوەیە، ئەی من؟ منیش خەمی منداڵەکانیان دەخۆم. ئاو ڕێز لە کەس نانێت و پێویستی بەپیاوێکی فامیدەیە تا سەرپەرشتی بکات. بەڵام ئەوان لەوە تێ ناگەن.

**چێرچ:** ئەوانە مێشکیان نییە دران. پێم وا نییە تەنانەت بیر لە مەسەلە

گرینگەکانی ژیانیش بکەنەوە.

**دران:** شتێکی تر. ئەوان دەڵێن من لێرەدا وەکو بەراز دانیشتووم، بەڵام من شەرابی سوورم هەیە، وا نییە؟ شەرابی سپیم هەیە؟ ئەوە هەڵسوکەوتێکی بەرازانەیە؟

**چێرچ:** ئەوە هەڵسوکەوتێکی ئاساییە.

**دران:** پێکی کەش دەخۆینەوە. ئێستا حەز دەکەم لە شەرابە سپییەکە بخۆینەوە.

تۆ حەزت لە شەرابی سوورە؟

**چێرچ:** پێم وابوو وەکو شەرابی " بۆژۆلێ" وایە.

**دران:** ئەوە شتێکی سەرنج ڕاکێشە. تۆ پیاوێکی شارەزایت لە خواردنەوە. من زۆر جار لە خۆم دەپرسم " جیاوازی لە نێوان شەرابە هەڵووژەکەی خۆم و بۆژۆلێ چییە" بۆچی دەبێت جیاوازی هەبێت. لە کاتێکا کە هەردووکیان سوورن، وا نییە؟

**چێرچ:** بەڵێ. هەردووکیان سوورن.

**دران:** من جیاوازییەکەیت پێ بڵێم؟ جیاوازییەکەیت پێ بڵێم کە ئەوان لەوێ لە یەکێتی دایکان تێی ناگەن؟ جیاوازییەکەی ڕوونە، هەموو جیاوازییەکە لە نێوان ئەو دووانەدا ئەوەیە کە بۆژۆلێ لە فەرەنسا دروست دەکرێت. ئەوان نایانەوێت بزانن کە ئەوەکەی دییان لە گردی ئەستێڵک دروست دەکرێت.

**چێرچ:** بۆژۆلێ بەدڵنیایی لە ترێ دروست دەکرێت.

**دران:** جا ئەوە چییە؟ ترێ هەر هەڵووژەیە و بەبچووکی. ترێی سپیش هەر قۆخە و بەبچووکی. هەر ئەوەیە لێرە قۆخ زۆر و زەوەندەیە



و لە فەرەنساش ترێ.

**چێرچ:** تۆ دەزانیت فەیلەسووفێکی بۆ خۆت؟

**دران:** من ئێرە و ئەوێ گەڕاوم، فەرەنسام دیوە. ئەو یەکێتی دایکانە دوا بڕاوە فەرەنسایان نەدیوە، بەڵام من لە فەرەنسا بووم. من لە فەرەنسا جەنگاوم.

**چێرچ:** باوکیشم لە سەردەمی جەنگی جیهانی یەکەمدا لە فەرەنسا جەنگاوە.

**دران:** هەروەها منیش لە فەرەنسا جەنگاوم، ئەوە ئەو شتەیە کە ئەوان بۆیان ناکرێت بەبیری بێننەوە. ئۆو یەکێتی دایکان وەک ئەو پیاوە ناسکانەن کە چەپکە گوڵ لەسەر قوربانگەی کڵێسا دادەنێن و چیمەن دەبڕنەوە تا کورسی لێ دانێن بۆ ئاهەنگەکان. بەڵام ئەگەر کەسانی وەکو من و باوکی تۆ نەبوونایە ئەوا ئێستا دەبوایە لە باوەشی ئەڵمانییەکاندا بنووستنایە و لەو نووستنە نەفرەتییەش شتێکی باش نە دەخولقا. ڕات بەرانبەر شەرابە سپییەکە چۆنە؟

**چێرچ:** دەکرێ تێکەڵی بکەین؟

**دران:** دەکرێ تێکەڵی بکەیت، بەتێکەڵکردنی شتێکی بەتامی لێ دەردەچێت.

لە ئوتێلەکاندا لە کاتی شێو و ئاهەنگە گەورەکاندا تێکەڵی دەکەن، کەمێک لە سوورەکە لەگەڵ پارچەیەک گۆشت، ئەمجا سپییەکە لەگەڵ پارچەیەک ماسیدا. لە پێشدا شەرابی پۆرت دەخۆیتەوە و پاشان پێکی وێسکی بەدوادا هەڵدەدەن. ئا ئەوە تێکەڵەی تەواوە. دەتوانیت تێکەڵی بکەیت.

**چێرچ:** کەواتە تۆ لە کاتی جەنگدا لە فەرەنسا بوویت؟

**دران:** لە فەرەنسا، لە ئەڵمانیا، لە گەڵێک شوێنی تر هاوڕێ. لەوێ بووم هەمیشە لە ژێر ڕێژنەی گوللەدا بووم. من وەک ئەو گەنجانە نەبووم کە لە ماڵەوە خۆیان شاردبووەوە یان وەک ئەوانەی دەیان میل لە هێڵەکانی شەڕەوە دوور بوون، من لە ناو جەرگەی شەڕدا بووم.

**چێرچ:** باوکمیان وەکو کرێکارێکی کانە خەڵووز بانگهێشت کردبوو و هەولی زۆریان لەگەڵی دابوو تا سەنگەری پێ لێ بدەن، بەڵام باوکم هەڵدێت و جارێکی تر بەناوێکی ترەوە پێوەندی کردبووەوە بە بەشی سەربازی پیادەوە.

**دران:** لە چ تیپێک بوو؟

**چێرچ:** مەشخەڵان.

**دران:** لە مەشخەڵان بوو، وا مەڵێ، لە مەشخەڵە خۆڕاگرەکان بوو.

**چێرچ:** بەڵێ وایە. بەدەنگێکی شادەوە دەیگوت "مەشخەڵە خۆڕاگرەکان" هەمیشە پێ دەکەنی و ئەوەی دووبارە دەکردەوە "مەشخەڵە خۆڕاگرەکان" پیاوێکی بە هێز بوو. کاتێک دەکەوتە تەنگەتاوی و بێ کار دەبوو، ڕۆژە ڕێیەک دەرۆیی و کەژ و کێوی دەدری بەدوای خەڵووزدا و بەپاسکیلەکەی دەیبردە نیوکاسل بۆ فرۆشتن. لەو سەریشەوە شەکەت و ماندوو بەبزەیەکەوە دەگەڕایەوە ماڵێ و دەیگوت "مەشخەڵە خۆڕاگرەکان".

**دران:** من لەگەڵ مەشخەڵان بووم.

**چێرچ:** تۆ لەگەڵ مەشخەڵان بوویت؟



**دران:** من لەگەڵ مەشخەڵان بووم، لەگەڵ کۆماندۆش.

**چێرچ:** تۆ لەگەڵ مەشخەڵان بوویت و لەگەڵ کۆماندۆش.

**دران:** من لەگەڵ کۆماندۆش بووم و لەگەڵ مەشخەڵانیش و لەگەڵ هێزی پەڕەشووتیش.

**چێرچ:** لەگەڵ هەموو ئەوانە بوویت؟

**دران:** من لەوێ لە ژێر ڕێژنەی گوللەدا بووم. ئەوەی کە ژنەکان لەوێ هەستی پێ ناکەن. ئەوەی من لەگەڵ مەشخەڵان، لەگەڵ کۆماندۆ، لەگەڵ هێزی پەڕەشووت لە ژێر گوللەدا بووم، ئەوان نایانەوێت بڕوای پێ بهێنن.

**چێرچ:** تۆ لەگەڵ ئەوان بوویت؟

**دران:** هەموو کاتەکان هەر لە فەرەنساوە تا بەرلین. هیچم پێ مەڵێ دەربارەی ترێ. من ترێ دەناسم. ترێ هەر هەڵووژەی بچووکە.

**چێرچ:** تۆ لەگەڵ کێ بوویت؟

**دران:** من لەگەڵ هەموو ئەوانە بووم.

**چێرچ:** بەڵێ، بەڵام لەگەڵ کێ بوویت؟

**دران:** لە ڕاستییا ئەوە چیرۆکێکی دوورودرێژە. بخۆرەوە، شەرابە سپییەکەت پێ چۆن بوو؟

**چێرچ:** شەرابێکی زۆر نایابە.

**دران:** تۆش ئەم شەرابەت پێ چاکە؟ نایابە وا نییە؟

**چێرچ:** بەڵام هێشتا تەواوێک وەک سوورەکە ڕوون نییە.

**دران:** هەستت بەوە کرد ها؟ تۆ تەواو شارەزایت. من ئەگەر کەسێک شارەزا بێت یەکسەر دەیناسم. کەم کەس هەست بەوە دەکەن

کە شەرابی سپی تۆزێک لە شەرابی سوور خەسترە.

**چێرچ:** ئۆو بەڵێ. هەستم بەوە کرد. تام و بۆیەکی زۆر خۆشی هەیە. تامێکی خۆش. هەر دەڵێی جنە.

**دران:** تۆش پێت وایە؟ دەزانیت من زۆر شادومانم کە تۆ وا دەڵێیت، دەزانیت ئەوە لە قوخی ناو شووشەکان دروست کراوە؟ لە زەردەکانیان.. ئەوەی کە هەروەکو ترێی سپی وایە.

**چێرچ:** ئەوە بەڕاستە؟ زۆر باشە.

**دران:** تۆ شەراب ناسیت.

**چێرچ:** شەراب ناسین لە خوێنمایە.. ئیتر دەبێت بەکەڵکم بێت.

**دران:** باوکت حەزی لەم شەرابە سپییەیە، حەزی لە سوورەکەشە. بەڵام سپییەکە زیاتر. من زۆر خەڵکانی دۆرهام دەناسم، مەبەستم کرێکاری کانە خەڵووزەکانە.

**چێرچ:** ئەو لە ئاشنگتۆن بوو سەر بەناوچەی نۆرزئەمبەرلاند.

**دران:** من زۆربەیان دەناسم، لەگەڵ ئەواندا پێکەوە جەنگاوین.

**چێرچ:** تۆ دەڵێی گوایە لەگەڵ ئەواندا بوویت.

**دران:** ئۆو بەڵێ. باشە لە سەرەتادا لە یەکەی ئەندازیاری بووم، لەبەرئەوەی من جووتیار بووم. خەریکی هەڵکەندن و ئەو جۆرە کارانە بووم. ڕۆژێک نەخۆش بووم. لە دەوروبەری چێشتخانەکە دەسووڕامەوە و هەندێک یاریدەم دان. با بزانیت من ئیستا چێشتلێنەرێکی چاکم، بەتایبەتی سوورکردنەوە لە تاوەدا و ئەو شتانەی کە بەتەنوور دروست دەکرێن. ئیتر بووم بەیەکێک لە دەستەی چێشتلێنەران. چونکە من زۆر شارەزا بووم لە



مامەڵەکردن لەگەڵ تاوە و کەلوپەلەکانی تەباخدا ئیتر منیان ناردە بواری خواردن دروستکردنەوە. باشە، وەک دەبینیت بواری خواردن دروستکردن مانای ئەوەیە لەگەڵ ئەو خەڵکانەدا دەبیت. من لەگەڵ ئەوان بووم. هەر لە فەرەنساوە تا ئەڵمانیا و بەرلین. من لە ژێر ڕێژنەی گوللەی دوژمنا چێشتم لێ ناوە. بەیانی وا هەبووە هێلکە و ڕۆنم داوە بەیەکێک لەو خەڵکانە، بەر لەوەی خواردنەکە هەزم کات کوژراوە. بەڵام ئەوان ئەوە نازانن، بۆچی ئەو خانمە پێیان ناڵێت؟

**چێرچ:** خانم؟

**دران:** ئەو. ژنەکەم. ڕۆیشت و پێوەندی کرد بەیەکێتی دایکانەوە و کۆمەڵێک چیرۆکی دەربارەی من بۆ گێڕانەوە کە چۆن چەندین شەوان ناچمەوە ماڵێ و ئەو جۆرە شتانە. ئەوانەیان بۆ باس ناکات کە من چۆن لە بەرەکانی پێشەوەی جەنگ بووم، ئەوەیان بۆ باس دەکات؟ کە باسی منیان بۆ دەکات هەر لە یەک لایەنەوە باسی دەکات. وەک خۆت دەزانیت کە زۆر لایەنی تریش هەیە.

مانەوەم بەچاودێریکردنی ئێرەوە خۆ هەمووی خۆشی نییە بۆ من.

ئەوە ڕاستە من قەت ئەو نابینم، ئەوە ڕاستە من بۆ نانخواردن ناچمەوە.

بەڵام جار جارێ کە لە ئیشەوە دێم بۆ ئێرە تا بزانم ئەستێڵکەکە درزی نەبردووە، نەختێ دەخۆمەوە. دەچم پێوانەکە بەسەر دەکەمەوە تا بزانم لە نۆزدە واوەتر نەچووە، کەمێک دەخۆمەوە لەوانەیە ئەگەر کەسێکیش لێرە بێت بۆ نموونە وەک

پێرس یان وەک جەنابت، ئیتر بەبێ ئەوەی بزانیت شەو بۆ خۆی تێپەڕیوە، ئیتر شەو تەواو دەبێت. ئۆو ئەوان پێی دەڵێن " ئۆلیڤیای داماو ئەوەندە مێردەکەی نابینێت. " ئۆلیڤیای داماو، ئۆلیڤیای نەگبەت.

بەڵام خۆ ئەوە ئەو نییە کە خەم و بەرپرسیاری ئەم ئەستێڵکەی بەسەر شانەوەیە. بەڵێ " هاوار دەکات " ئۆلیڤیای داماو ئاوا دەبێت؟ ژن دەبێت پشتی مێردەکەی بگرێت و لە خەم و بەرپرسیارییەکانیدا لەگەڵیا بێ نەک بچێت لە لای ئەو مریشکە پیرانە فیتنەیی لێ بکات.

ئەی ئۆلیڤیای داماو دەزانیت لە پەیمانی هاوسەرگیریدا ژن دەبێت دڵسۆزی پیاوەکەی بێت و نابێ دەمشڕ بێت و شتەکانی بگەیەنێتە ئەندامە دوا بڕاوەکانی دایکان لەو دۆڵە وێران بووەدا.

**چێرچ:** کەواتە دەربارەی تۆ قسەیان بۆ دەکات؟

**دران:** ڕۆڵە، تۆ لەوە ناگەیت. باوەشیان بۆی کردەوە. لە نموونەی ئەویان زۆرە.

چاوەڕێ کە تا ژنەکەت بۆی لەبار دەبێت پێوەندییان پێوە بکات، ئەوسا مەرحابەیەکت لێ دەکەم. ئەوان یەکسەر وەری دەگرن. تۆ پێت وایە ئیستا ژیانێکی ئارامت هەیە، چاوەڕێ بکە ڕۆڵە تا دەچێتە پاڵیان. تەنیا یەک منداڵ و هیچی تر، هەموو ئەوەی کە پێویستی پێیەتی، یەک منداڵ و ئیتر خۆیان بەدایک دەدەنە قەڵەم، دایک.

**چێرچ:** بەڵێ، چاوەڕێی منداڵمان کرد. هەشت ساڵ چاوەڕێمان کرد.



هەرچۆنێک بێت منداڵێکمان دەبێت. ئەمە ئەوپەڕی حیکمەتە، بەپێی ئەو پیلانە تۆکمەیەی کە دامان ناوە. ئای خوایە من تینوومە. باوکم تا ئیستا پێنجی هەیە.

**دران:** تا ئیستاش بەهێزە، گرەو لەسەر ئەوە دەکەم.

**چێرچ:** بەڵێ وایە. بەڵێ وایە. ئەم شەرابە زۆر نایابە.

**دران:** بخۆرەوە، هی تریش دەخۆینەوە.

**چێرچ:** تەماشای ئەستێڵکەکەت بکە لە شەوا.

**دران:** هێشتا هەر لەوێدایە؟

**چێرچ:** هەر لەوێیە. ترس پەخش دەکاتەوە.

**دران:** بڕۆ بنوو گوڵەکەم. تۆ هەر وەک پاکیزەیەک دەمێنیتەوە. شوێن تووڕەبوونی خۆت مەکەوە درز بەریت و بتەقێیت. ئەوە دەزانیت کە ئێمە یەکەمین کەسێک دەبین کە تیا دەچین.

**چێرچ:** بەڵێ، ئەوە هەمان شت بوو کە باوکم دەربارەی خەڵووز دەیگوت. تۆ لەسەر پشتی ئەژدیهایەک دانیشتوویت. ئەمجا بەپێکەنینەوە دەیگوت " ئەژدیهایەک لە ناو جەرگەی زەمین دا" ئەو هێزەکانی ناو ژیانی دەناسی.

**دران:** ئەوە دەزانی کە ئاو خانووەکەی تۆش لووش دەدات.

**چێرچ:** بەخێر بێت. بەخێر بێت.

**دران:** هەموو پەیکەرە پلاستیکییەکان و بەردە ڕەنگاوڕەنگەکانیش لەگەڵ خۆی ڕادەماڵێت.

**چێرچ:** بەڵێ، باخچەکەی پێشەوە، ئارەزوویەکی بچکۆلەی ئەوە. من پیاوی ماڵەکەم. ئەو بەشەی سەوزە و میوەکە من خەریکیم کە

هەر ئەوەندەی پوولێکی دوو سەنت و نیوی دەبێت.

**دران:** کەواتە بەشەکەی پێشەوە هی ئەوە، ها؟ لەوانەیە داوای لێ کردبی بەردەکان بەڕەنگی سپی و گوریسەکانیش بەڕەنگی زەرد بۆیاخ بکەیت.

**چێرچ:** ئۆو بەڵێ، بەڵێ. پێت وا نییە ئەوە شتێکی زۆر بێت، پێت وایە؟

**دران:** زۆر بێت؟ مەزنە هاوڕێ.

**چێرچ:** منیش پێم وابوو تا ڕادەیەک ناسک بێت.

**دران:** مەزنە، دەتوانی پێم بڵێی کاتت چەند پێوە بەسەر بردووە.

**چێرچ:** کاتێکی زۆر، تەمەنێک.

**دران:** پێم وایە ئەو پەیکەرە پلاستیکیانەتان شتێکی جوانە. بەخاڵێکی پرشنگداری گوندەکە دەستنیشان دەکرێت. بەلای یەکێتی دایکانەوە شتێکی گرینگە و ڕێزی زۆری لێ دەنێن.

**چێرچ:** ها، سەرکەوتووە.

**دران:** بەڵێ، پێیان خۆشە. پێیان وایە باخچەیەکی لە بەرچاوی گوندەکەیە.

ئەوان پێشبڕکێیەکی بچکۆلەیان هەیە بۆ نموونە، بۆ باشترین باخچەی گوندەکە و بۆ خستنە ڕووی باشترین تووی پایزانە و چەند شتێکی تری لەو بابەتانە. پیشانگەی گەورە دەکەنەوە کە هەموو " تووەوانەکان" کۆ دەکەنەوە. یەکێکی تر لە شتەکانیان دروستکردنی باخچەیەکی بیرەوەرییە. پێم وایە ئەگەر ژنەکەت لەبار بێت بۆ ئەندامێتی، ئەوا لەو پێشبڕکێیەدا بیباتەوە.

**چێرچ:** ئەوە شتێکی پێکەنین هێنەرە، ئەی بۆچی وای لە من دەکرد کە





زۆر هەست بەبێزاری بکەم؟. ژیانی خۆم نەبەخشم بەباخچە، نەبمە جووتیارێکی گەورە. ها. ئەوە چ جێگرەوەیەک بوو. لەگەڵ ئەوەشدا من باوکم باخچەیەکی هەبوو. ئەوەم زۆر باش لە بیرە. لە تەنیشت تەیمانێکەوە بوو ڕووی کردبووە چاڵێک. ئەو پارچە زەوییە هی خۆی بوو.

کە شەوان لە شوێن کارەکەیەوە لە کانە خەڵووزەکەوە دەگەڕایەوە بۆ ماڵێ، لەگەڵ ئەوەشدا کە هەشت منداڵ لە ماڵەکەدا بوو، دەچوو حەمامێکی دەکرد و بەر لەوەی بچێت بۆ نادی دەچووە ناو باخچەکەوە. لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەوە باخێکی گەلێک بچکۆلە بوو، ئەو پیاوێکی زەبەللاح بوو، کەچی زۆر ڕێکوپێک ڕای گرتبوو.

**دران:** کەواتە ئەوە بۆ تۆ مایەوە؟

**چێرچ:** بەڵێ، بەڵام بەلای ئەوەوە لەوە نەدەچوو شتێکی بێ مانا بێت.

بەر لەوەی بچێتە دەرەوە بۆ خواردنەوە، بینیم لەوێدا لەگەڵ تانجییەکەی و قەفەزی کۆترەکەی کە بەهێڵی سپی و ڕەش ڕەنگ کرابوو لە شێوەی یەکێتی نیوکاسڵ، دانیشتبوو بەناخی خۆیدا ڕۆچوو بوو بیری دەکردەوە. هەرگیز لەوە نەدەچوو ئەوە بێ مانایی بێت بەلای ئەوەوە.

**دران:** ئارەزووی کۆتربازی هەبوو؟ حەزیان بەکۆتر بوو بەم ناوەدا فرەیان بێت.

**چێرچ:** نا بەوێدا، لە نۆرزئەمبەرلاند، لەوێ کۆتربازی جۆرێک بوو لە شێوازی ژیان.

ئێواران کۆترەکان بەپۆل دەور و خولیان بەنێو ئاسماندا دەدا و

هەندێکیان لای چاڵەکەوە دەگەڕانەوە و دەڕژانەوە ناو یەکتری. شێوازێکی ژیان بوو.

ئەو پیاوە گەورەیە کە لەوێدا لە ناو زەویەکەیدا دانیشتووە، هەرگیزا و هەرگیز ڕەفتارێکی نەنواندووە کە دژایەتی منی پێ بکات.

**دران:** بەڵام ئەو بەدرێژاییی ڕۆژە نەفرەتییەکان کاری دەکرد، وانەبوو؟

**چێرچ:** کاری دەکرد؟ بەڵکو تێ دەکۆشا.

**دران:** پیاو کەمێک پێویستی بەحەسانەوە و بێدەنگی و هێمنی هەیە، خەڵوەتگەیەک هەر وەک دەڵێن. کاتێک کە دەیەوێت بحەسێتەوە ئەوا باخچەیەکی هەیە. بەڵام ئەوەی تۆ شتێکی ترە. ئەوەی تۆ پێی هەڵدەستیت کار نییە، کاری پیاو نییە. تۆ باخچەکە دەکەیتە کاری خۆت.

**چێرچ:** دران، قسەکانت جوانن. من باخچەکە دەکەم بەکاری خۆم. من سەرقاڵی مەشقکردنم. ئەو وزە زیادەیەی هەمە بەکاری دەهێنم. پیاسەیەکی دوورودرێژ دەکەم هەر بۆ ئەوەی کە ئارەق بکەمەوە.

**دران:** پیاسەکردن ها، من پیاسەکردنم پێ خۆشترە تا ئیشکردن. دانیشتنم پێ خۆشترە تا پیاسەکردن. ڕاکشانم پێ خۆشترە تا دانیـــشتن. بەڵام تۆ دەبینیت من بەتەواوی چاودێری ئەم ئەستێڵکە دەکەم، ئەوە لەبەرئەوەیە من ئەم کورسییەم لێرەدا داناوە تا بتوانم بەدانیشتنیشەوە چاوم لێی بێت.

**چێرچ:** ئەوە لەگەڵ پیاوێکی سروشتیا دەگونجێت.

**دران:** من چاودێری دەکەم. ئەگەر هاتوو بتەقێت هەموو شتێک لەگەڵ



خۆی ڕادەماڵێت. کابرا دەبێت خۆت بەو گوریسە زەردەوە هەڵبواسیت تا ژیانی خۆت قوتار بکەیت. لافاوێکی گەورە لەم گوندەدا هەڵدەستێت.

**چێرچ:** دەتوانی گوێت لەوە بێت؟

**دران:** لە چی؟

**چێرچ:** ئەستێڵکەکە؟

**دران:** ششششش.

**چێرچ:** گوێت لێیەتی. دەنگەکە لە سەروو ئێمەوەیە.

**دران:** من تا ئیستا پیاوێکم نەدیوە بێجگە لەوانەی کە لە بواری ئاودا کار دەکەن گوێیان لە دەنگی ئەو ئاوە بووبێت.

**چێرچ:** بەڵام کابرا، من لە شاخی خەڵووزدا ژیاوم. لەوێدا جووڵاوم و ژیاوم و هەناسەی ساردم هەڵکێشاوە.

**دران:** تۆ حەزت لە شەرابی قۆخ بوو.

**چێرچ:** زۆرم پێ خۆش بوو.

**دران:** ڕێگەم بە ئەو شتانە لای خۆم ڕێک بخەمەوە، تۆ گوتت شەرابی هەڵووژە تامی خۆشترە و ڕوونترە تا قۆخ کە تۆ پێت نایابترە.

**چێرچ:** من وام گوت.

**دران:** کەواتە من دەمەوێت ئەوەت پێ بڵێم کە تۆ پیاوێکی لە شەراب ناسیندا هەستێکی زۆر گەورەت هەیە.

**چێرچ:** زۆر سوپاست دەکەم.

**دران:** ئەوەش با بخەینە لاوە. من دەمەوێت شتێکت پێ بڵێم کە کورتکراوەی سەرنجەکانی منە.

**چێرچ:** پێم وایە من زۆرم خواردبێتەوە. لە ماوەیەکی زۆر کەمدا زۆرم خواردەوە.

**دران:** هیچ نییە، هەرئەوەیە گەیشتوویتەتە هەوای خۆت. ئەوە ئەو شتەیە کە کۆلونێل و سەرۆک قەشەکان لە ئوتێلەکاندا بەکاری دەهێنن. خەریکە بگەمە هەوای خۆم. وای دەڵێن هەروەکو ئەوەی لەگەڵ ئافرەتانا بیڵێن.

دەبێت چەند ئافرەتێکت هەبێ کە لەگەڵ هەر یەکێکیاندا بێ دڵی خۆت نەکەیت. لەوە دەچێت تۆ تەنیا هەر لەگەڵ ژنەکەی خۆتا بیت. جـــا تۆ پێت وایە ئەوە ژیانە ڕات بواردووە. تۆ قـــەت کیژۆڵەیەکی ئەڵمانی دۆستت بووە؟

**چێرچ:** بەداخەوە نەخێر.

**دران:** ناسکن هەر زۆر ناسکن. لەچاو کـــچی ئینگلیـــزیدا ئەوانە جۆرێکی ترن. خۆشترن. هەر وەک ئەوەی چۆن شەرابێک تامی شەرابێکی تر نادات. ئەگەر تۆ تەنیا کچی ئینگلیزیت ناسیبێت، ئەوا ناتوانیت بەخۆت بڵێیت کەوا تۆ کەسێکیت لە دەرگەی دنیات داوە، شتی وا نییە. ئافرەتی ئەڵمانی تەواو جیاوازن، زۆر جوانن.

**چێرچ:** ئەوە لە کاتی جەنگەکەیا بوو؟

**دران:** بەڵێ بەڵێ. ناتوانی چاوەڕێی ئەوە بکەیت دوژمنەکەت بگلێنی بەبێ ئەوەی ئافرەتەکانیان بۆ خۆت نەبەیت، دەتوانیت؟ یەکێتی دایکان لەو دەڤەرەدا پێیان وایە قارەمانن، بەڵام خوایە ئەگەر ڕووسەکان ئەم وڵاتەیان داگیر بکردایە ئەوسا خۆیان دەبینی چ قارەمانێکن. تۆ هیچ لە ئافرەت نازانیت کە لەلایەن سەربازەوە



داگیر دەکرێن چییان لێ بەسەر دێت. ئەو یەکێتی دایکانە، ئەوانە ئافرەت نین. ئەوانە فێڵبازن. بەڵام هەر چۆنێک بێت تۆ گەیشتیتە هەوای خۆت؟

**چێرچ:** تامەکەی ئیستا زۆر خۆشترە.

**دران:** پێم خۆشە، ئەوە باشترین شەرابە.

**چێرچ:** زۆر خەستە، وا نییە؟

**دران:** بەڵێ وایە. خەستە. من ئاسوودەم کەسێکم ناسیوە کە شەراب ناسە.

**چێرچ:** نا ببەخشە. من ئەوەندە نازانم.

**دران:** شـتـێک بدۆزەرەوە لە سەری دانیشیت. لەوێ، لەسـەر ئەو تەنەکەی ڕۆنە. ئەو گۆشـەیەی لەسـەر دانێ. ئەوەندە نابێت شوێنەکەم ئاوا پەرش و بڵاو بووەتەوە، هێشتا ڕێکم نەخستووە و خاوێنم نەکردووەتەوە. تۆ لە کاتێکی لەناکاوا پەیا بوویت. من لەسەر تەنەکەی ڕۆنەکە دادەنیشم و کورسییەکەش بۆ تۆ.

**چێرچ:** ئۆوو من گوێ نادەمێ. فەرموو لەسەر کورسییەکە دانیشە. خۆم پێم خۆشە.

**دران:** ئەها زۆر چاکە، ئەگەر لەبەر دڵت گران نەبێت من پێم خۆشە لەسەر کورسییەکەی خۆم دانیشم. تۆش شوێنێک بدۆزەرەوە لێی دانیشیت.

**چێرچ:** " لای دەرگەکەوە ڕادەوەستێت" ماڵئاوا ئەی هاوڕێکەم، هەوڵ بدە پشوو بدەیت.

ئەی خاتوونە خڕپلانەکەم، بنالێنە بۆ حەزەکانی خۆت. ماڵئاوا،

ئەی دیوارە پتەو داڕێژراوەکان. من ئەوەندە سەرخۆشم لەگەڵ ئەستێڵکەکە دەدوێم.

**دران:** تۆ سەرخۆش نیت، خەریکە سەرخۆش دەبیت.

**چێرچ:** ماڵئاوا ئەی دایکە زەبەللاحەکە. ئای خوایە، بەسەر سەرمانەوە هەر وەک مەرگ ڕاوەستاوە. بەڵام من دەزانم، دران. دەزانم. باوکم ڕاهاتبوو لەگەڵ زەمینا بدوێ " تۆ ئەی زەمینی نەفرەتی تاوێ ناسرەوێیت" یان دەیگوت " ئەمڕۆ لەوە ناچێت زەمین سەر و دەماخی خۆش بێت" هەندێ جار دەترسا لەوەی لە کاتی خۆیا بچێت بۆ ئیش، ئەمڕۆ ڕۆژێکی سەختە.

**دران:** پیاوێکی فامیدەیە، ڕێزی هێزە سروشتییەکانی گرتووە. هەر وەکو سەباز.

بیر لەوە بکەرەوە تا ئەو کاتەی لە ژیاندان پێیان وایە گوللە نایانبڕێت. من گوێم لێ بووە یەکێک لەوانەی کە لە ڕیزی پێشڕەواندا بوون گوتوویەتی " ئەمڕۆ ڕۆژی منە، دران" لەگەڵ ئەوەشا تۆ دەزانیت هاوڕێ کە ئەو شەوە ناگەڕێتەوە.

**چێرچ:** من زۆر شادومان بووم دران کە ئەمشەو لەگەڵ تۆ بووم.

**دران:** هەروەها منیش شادومان بووم.

**چێرچ:** تۆ زەمینت لەگەڵ خۆتا هەڵگرتووە بەڕێزم، تۆ خاوەنی گیانێکی ئازادیت.

ئەمە ئەو شتانەیە کە من لە دەستم چوون. من زەمینم ون کردووە، من ئەو گیانە ئازادەی خۆمم ون کردووە.

**دران:** ئافرەتان وەک سەگ وان لە ناپووتکردنی پیاواندا.



**چێرچ:** دەزانیت دران هاوسەرەکەم کیژۆڵەیەکی ناسکە، بەڵام سەیرە. من ئەو کاتەی کە ماڵی باوکم بەجێ هێشت و خێزانم پێکەوە نا ئەمجا زانیم شتێک ڕووی داوە و وا خەریکە هەڵدەخزێمە ناو بارودۆخێکەوە کە هیچ شتێکیم لا ڕوون نییە. پێوەندییەکی نا دروست. باوکم گوتی " تۆ ئیتر بەرەو ئەوە دەچیت ژیانی خۆت بگۆڕیت، لەم دۆزەخەی تێدا دەژیت خۆت ڕزگار بکە".

هەمووومان خێزانمان پێکەوە نا، براکانم و خوشکەکەشم، هەموومان. بەڵام من هەستم بەوە دەکرد کە ون دەبم، باوکیشم هەستی بەوە کردبوو. باوکم دەیزانی. لەسەر ئەوە ڕاهاتبوو سەردانمان بکات و بمان بینێت. بەڵام ئەوە کەڵکی نەبوو. زۆر بەڕێز و نەوازش و ڕوو خۆشییەوە، خێزانەکەم نیو کارتۆن بیرەی شووشەی لە بەردەم دادەنا تا هەست بەخۆشنوودی بکات. بەڵام ئەوە کاریگەری نەبوو. ئەو هیچ کاتێک بۆی تەواو نەدەکران. ئەو پیاوێک بوو کە لە شەوێکدا دە دانە بیرەی دەخواردەوە. ئەو هەرگیز بۆی تەواو نەکران. دوای هەفتەیەک بەسەر ئەو ڕۆژەدا کە ئەو لای ئێمە بوو، ئیدی دیار نەما. جانتاکەی کۆ کردەوە و ڕۆیشت. گەڕایەوە بۆ پشت چاڵەکەی خۆی. ئای خوایە. حەزم دەکرد لەگەڵیا بگەڕێمەوە ئەوێ، بەڵام ئەوە کارێکی شیاو نەبوو. خێزانەکەم گوتی " ئەوە کارێکی شیاو نییە" بەڵام ئەو لەوەدا ڕاستی دەکرد.

**دران:** ڕۆڵە تۆ تەواو مەست بوویت.

**چێرچ:** ئێمە هەموومان تاڵە شخارتەیەکین بەسەر ڕووی ئەم زەمینەوە. تاڵە شخارتە. ئەوە ئەو شتە بوو کە هەمیشە دەیگوتەوە.

لەبەرئەوەی بەردەوام لە ناوەوەی زەویدا بوو. ئاگات لێیە؟

ئەو هەمیشە لە هەناویا بوو.

**دران:** بێگومان ئەو ڕاستی گوتووە. ئەو پیرەمێردەی لەمەڕ ئێوە پیاوێکی زیرەک بووە. ئەگەر ئەو ئاوە هەستا چی دەبێت، هەموومان لەگەڵ خۆی بەرەو کاتسوڵدز ڕادەماڵێت. ئەو خەڵکە پێی وایە کە ئەو ئاوە بەری پێ گیراوە و گوێڕایەڵە، بەڵام ئەوە وا نییە هاوڕێ. تۆ دەزانیت کە ئەو هەزاران تەن ئاوەی کە لەوێدا ڕاگیراوە تەنیا دیوارێکی شەش ئینجی چیمەنتۆی نەفرەتی بەری پێ گرتووە؟

**چێرچ:** هەرگیز ئەوەم نەزانیوە.

**دران:** هەر ئەوەندەی دیواری ئەستێڵکەکە لە ئاقارێکا تەنک بێتەوە یان درزێک بەرێت.. بەهەرحاڵ لە شوێنێک دانیشە ڕۆڵە. وا خۆت دابنێ کە لە ماڵی خۆتانایت.

**چێرچ:** ماڵئاوا خانمەکەم، زۆر خۆشحاڵم کە لەگەڵ تۆ بووم. وزە سروشتییەکانم لە یاد کردبوو.

**دران:** بەڵام وزە سروشتییەکان تۆیان لە یاد نەکردووە هاوڕێ. پێت وایە تۆیان لە یاد کرد بێت؟.

**چێرچ:** نا نا.

**دران:** خۆت وا دابنێ کە لە ماڵی خۆتانایت.

**چێرچ:** بەڵام ماڵەکەی من وەک ئێرە شوێنی حەوانەوە نییە.

**دران:** ئەم شوێنەت حەز لێیە؟

**چێرچ:** حەزم لێیەتی؟ شوێنێکی زۆر خۆشە.



**دران:** مەبەستم ئەوەیە لە ئوتێلەکاندا سەردابیان هەیە کە هەر وەک ئێرە وایە. نییانە؟ لە هەر لاوە بەرمیلی تێدایە، وەک ئەوانەی ئێرە.

هیچ کەلوپەلێکی تێدا نییە، هەر هیچ. خواپێداو و لۆرد و سەرۆک قەشە و ئەوانە لە دەور و خولی دانیشتوون و خەریکی شەراب نۆشینن، هەر وەک ئەمە.

بەمە دەڵێن چێژ وەرگرتن. ئەگەر پێت ئاسایی بێت سەرۆک قەشەی تێدایە.

لەوێش ئەو قەشە بێ مێشکە سەرۆکایەتی پەیمانگەی ژنان دەکات لە دژی خواردنەوە. هەموویان حەزیان لە شەرابە. ئەویش و هەمووانیش. سەرۆک قەشەکان تامی دەکەن.

**چێرچ:** هەموویان.

**دران:** ئەوە دانیشتنی شەراب نۆشینە. شەرابی سپی و شەرابی سوور، شەرابی سپی لەگەڵ ماسی و پەنیر. دەبینیت. شەرابی سووریش لەگەڵ گۆشت. ماوەیەکی تر کە ئێرەم تەواو ڕێک خست لێرە ئەوەم دەبێت.. لە ڕاستییا.. لەم شوێنە قاشی گەورەی پەنیر بۆ شەرابی سپی و هەروەها ڕەنگە یەک دوو قوتووی گۆشتی مانگام هەبێت. ئیستا پارچەیەک نان و تۆزێک شێلمم هەیە. بەخەیاڵما دێت کە ژەمێکی خۆش دروست بکەم بەڵام ناتوانم ئەوە پێشکێش بەمیوان بکەم.

**چێرچ:** لەوە دەچێت خۆش بێت.

**دران:** من پێم وایە لەگەڵ ئەوەشدا کە ئێوە پیاوێکی ڕۆشنبیرین، بەڵام خاکین.

**چێرچ:** ئای خوایە تا ئیستا هەستت بەوە نەکردووە؟

**دران:** بەڵێ. دەتوانم ئەوە ببینم کە ئێوە پیاوێکی ڕۆشنبیرن. بەڵام سەرەڕای ئەوەی کە پیاوێکی باشن و خۆتان لە کەس بەگەورەتر نازانن. ئەگەر هاتوو ئەمشەو هەستتان بەبرسێتی کرد و حەزتان بەپارچەیەک نان و شێلم کرد هەر ئەوەندە پێم بڵێ " دران".. بڵێ " من حەزم لە پارچەیەک نان و شێلمە" لەو بارەیەوە بیرێک دەکەینەوە. بۆ من ئەوە باشترین ژەمە خواردنێکە.

بۆ من، مەبەستم ئەوەیە هەروەها هەندێک خواردنی سروشتی تریشی لێیە وەک گەنم و هەندێک خواردنی ڕەگی ڕووەکیش. ئەوانە دیاری سروشتن. ئەگەر حەزت بەخواردنێکی سووکەڵە بوو هەر ئەوەندە ئاگەدارم بکە.

**چێرچ:** پێم وابێت ئیستا خێزانم لە ماڵەوە شێوی بۆ ئامادە کردبێتم.

کاکاو و هەندێک خواردنی سووکە. لەگەڵ تەماشاکردنی تیڤی، بەرنامەی ڕۆشنبیری لە کەناڵی دوو.

**دران:** کەناڵی بی بی سی. وایە؟

**چێرچ:** بەڵێ.

**دران:** دەزانی بیرم لەوە دەکردەوە کە ڕادیۆیەکی بچکۆلە بکرم بۆ ئەوەی گوێ لە بی بی سی بگرم. لە بابەتی بێ ئەرزش نا. ئاوازە باشەکان هەر وەک گۆرانی مارش و لیلی مارلین و ئەو شتانە. ئۆرکسترای باکوور و هەندێک بابەتی شایستە. هەموو شتە باشەکان. ئەوانەی کە هۆشت فراوان دەکەن. پێویستە بەردەوام هۆشت فراوان بکەیت. بەر لەوەی بزانیت کە خۆت لە



کوێدایت خەڵکانی لادێ دەتدەنە بەر تیر و توانج.

**چێرچ:** تیر و توانج؟

**دران:** بەڵێ. دەربارەی خواردنەوە پێیان وایە هۆشت لا ناهێڵێت. باشە. من حەزم لە خواردنەوەیە، بەڵام هۆشیشم هەر لای خۆمە.

**چێرچ:** ئۆو بەڵێ، من سەرسام بووم پێت، دەتوانم بڵێم تۆ هاوڕێیەکی قووڵ بیر دەکەیتەوە.

**دران:** تۆ پێت وایە؟

**چێرچ:** من تۆم بینی پیاوێکیت بەتەواوی گوێ بەشتەکان دەدەیت.

ئەوە بەو جۆرەیە دران. تۆ خەمی ژیان دەخۆیت. خەمی ئەو شتانە دەخۆیت کە گەوهەرین. هەروەکو هونەرمەند، لەگەڵ ژیانا تەبا دێیتەوە بەهەموو ناجۆرییەکانییەوە.

**دران:** باشە، دەمەوێت بگەمە ئەو بڕوایەی کە من ئیشێکی باش دەکەم.

**چێرچ:** دران تۆ پیاوێکیت لە نێو شەپۆلەکانی ژیاندایت. نەک وەک من کە دوورم لە شەپۆلە بنچینەییەکانی ژیانەوە. لە خانۆچکەیەکدام تەنانەت دوور لە شەقامە سەرەکییەکەشەوە بنیات نراوە. ئەو حەزی بەکەنارگیری بوو. چەندێک دوورتر دەتوانین پاشەکشە بکەین؟

**دران:** بخۆرەوە ڕۆڵە، بخۆرەوە. گوێ مەدەرێ.

**چێرچ:** ئای خوایە دوا قوم تامی هەر وەکو تامی جن وابوو.

**دران:** ئیستا گوێ بگرە. پێت دەڵێم کە من چی دەکەم. من ئەوە دەکەم، چونکە وا دەبینم کە تۆ پیاوێکی خاوەن ئەزموونیت. ئیستا ئەوە

ئەو شتەیە کە من دەمەوێت بیکەم... تۆ گوتت کە قۆخەکە شەرابێکی چاکە، ئەوە ڕاستە؟

**چێرچ:** ڕاستە.

**دران:** هەروەها تۆ گوتت کە ئەوە تەواوێک خەستە؟

**چێرچ:** ڕاستە، پڕ بۆن و بەرامەیە.

**دران:** بۆن و بەرامە، زۆر باشە.

**چێرچ:** بۆن و بەرامەی هەیە.

**دران:** بۆن و بەرامەی هەیە.

**چێرچ:** بۆن و بەرامە.

**دران:** بۆی نەفرەتی. ئیستا لەبەرئەوەی کە تۆ پیاوێکیت شەرابی خۆت دەناسیت.

من کۆکتێلێکت بۆ دەکەم. بەڵێ کۆکتێلێکت بۆ دەکەم. لە شەرابی سوور و سپی، تاقی بکەرەوە.

**چێرچ:** ئەوە هەر زۆر پڕ فەڕ و شکۆیە.

**دران:** بێگومان تۆ دەزانیت کە چی دەبێتە بنچینەی ئەم کۆکتێلە، وا نییە؟

**چێرچ:** بەڵێ، بەڵێ بەدڵنیایی. سپییەکە دەبێتە بنچینە بۆ ئەم کۆکتێلە.

**دران:** کابرا تۆ شەرابی خۆت دەناسیت.

**چێرچ:** ئۆو بەڵێ، هەر وەک دەڵێن سپییەکە دەبێتە بنچینە و ئەوەی تریش دەبێتە تام و بۆکەی.

**دران:** تۆ هەر بەخۆرسک زانای لە شەراب، ئەوە دەزانیت؟

**چێرچ:** هەندێک لە شارەزاییی باوکم پەڕیوەتەوە ناو من، ئەوە چۆن



ڕووی دا؟ من چۆن ئەمەم وەرگرتووە؟

**دران:** وەک ئەوە؟ شێواویت؟

**چێرچ:** نا نا، تەندروستی. نەزۆکی. خۆت دەزانیت کە ئەو خاتوونێکی جوانە. من لەگەڵ فەرمانگەکەم بۆ کۆرسێکی مەشق گوزاری چوو بوومە گلاستەر. لەوێ ئەوم ناسی. کیژۆڵەیەکی جوان. کیژۆڵەیەکی خانەدان و پەروەردەکراوی ناوچەی باشوور، جۆرێک لە جوانی، خۆشم دڵنیا نەبووم کە ئەوە چیم لێ بەسەر دێت. بەڵام دران، بەتەواوی ئاگام لە خۆم نەما.

**دران:** باشە هاوڕێ بەهیوام بەدەستی بهێنیتەوە.

**چێرچ:** من بەسەر دنیاوە نیم. هەر بەناو دەژیم. ئەوە گوناهی ئەو نییە، گوناهی منیش نییە. ئیدی ئەوە ڕووی دا. من بەتەواوی دووچاری نەزۆکی هاتووم.

**دران:** چێرچ من زۆرم پێ ناخۆشە کە ئەوە دەبیستم. زۆر زۆرم پێ ناخۆشە.

**چێرچ:** ئۆو من مەبەستم ئەوەیە کە بەشێوەیەکی مەجازی دەدوێم.

**دران:** بەهەر شێوەیەک بدوێیت، ئەوە شتێکی ناخۆشە کە ڕووی داوە.

**چێرچ:** بەر لەوەی ئەوە ڕوو بدات، ئێمە لە چێلتنهام بووین، لە چەند ژوورێکدا دەژیان.

من هەستێکم هەبوو کە پێی دەگوتم " ئێوە لە دەرەوەی وزەی شتەکاندان" دەیگوت " ئەو هێزەی کە لە ناو گەلایەکی سەوزدا ژیان دەخولقێنێت" یان شتێک کە پێم وابوو ئەگەر بێینە ئێرە ئەوا لەگەڵ جووتیارەکاندا و لەگەڵ پشکووتنی گوڵ و

خونچەکاندا، لەگەڵ شەونمی بەیانیاندا تیاما زیندوو دەبێتەوە. بەڵام باخچەکە ئەوەی پێ نەبەخشیمەوە، نا پێی نەبەخشیمەوە. بەڵام ئەمشەو هاتنم بۆ ئێرە ئەوەی تێدا زیندوو کردمەوە. کە ئێوەم بینی بە تەواوی لە نێو ناخی زەویدان لە ناو هێزی شتەکاندان، جێی بڕواکردن نەبوو. ئەو شەرابە زۆر نایابە کابرا هەر زۆر نایابە. هەر دەڵێی باشترین جنە. تۆ داهێنەریت.

**دران:** تۆ دەزانیت گەلێک خەڵکانی تر سەردانم دەکەن بۆ ئێرە. کەسانێک سەردانیان کردم کە بۆ خۆیان ئەندامی کۆمەڵەی شەراب دروستکەرەکانن.

**چێرچ:** ئەها، دەریان کە دەرەوە، دران. دەریان کە دەرەوە. دەیانەوێ خۆیان لای تۆ وا دەربخەن کە زۆر لە تۆ باشترن. پیاوێکی سروشتی بە. ئەوە هەموو شتێکە. دەبێت ئێمە پیاوێکی سروشتی بین. ئاودەست لە کوێیە؟

**دران:** ئەوەتا لە پشتی بەرمیلەکانەوە، یان بچۆ دەرەوە ئەگەر حەزت لە هەوای سروشتییە.

**چێرچ:** بەڵێ دەچمە دەرەوە.

"چێرچ دەچێتە دەرەوە، دران پێکێکی تر ئامادە دەکات. چێرچ دێتەوە"

ئەوە ژیانە.

**دران:** ئەستێڵکەکە چۆنە؟ خۆ درزی نەبردووە؟

**چێرچ:** مەهێڵە ئەو سەگە زۆڵانە ملت پێ کەچ بکەن دران، وەک چۆن ملیان بەمن کەچ کرد. ڕێگەیان پێ مەدە، بواری ئەوەیان



مەدەرێ کە مەرجەکانی خۆیان بەسەر شەرابەکەتدا فەرز بکەن.

**دران:** خۆ لە ئەستێڵکەکەدا تێبینی هیچ درز و شتێکی واتان نەکرد؟

**چێرچ:** لە دەرەوە هەوای بەفرە.

**دران:** چێرچ، تۆ هێشتا تەواو نەتخواردووەتەوە؟

**چێرچ:** تەواو نەمخواردووەتەوە؟ باوکم دەیگوت " تۆ شەوێکی خۆشت نەبردووەتە سەر ئەگەر بەتەواوی نەخۆیتەوە" بۆ ئاهەنگ دەیگوت " ئەگەر بۆت نەکرا زۆر ئاسوودە بیت ئەوا هەر هیچ نەبێت هەوڵ بدە کاتێکی خۆش بگوزەرێنی".

پێکێکی دیم بدەرێ دران.

**دران:** چێرچ کەواتە ئەستێڵکەکە درزی نەبردووە؟

**چێرچ:** جارێکیان من لەگەڵ کچە کرێکارێکی خەڵووزدا کەوتمە خۆشەویستییەوە.

ئەو گوتی " تۆ منت خۆش ناوێت، چونکە تۆ کوڕێکی جوان پۆشیت" بیستم جارێکیان باوکم پێی گوتبوو " ئۆه خۆ تۆ شوو بەلۆرد فۆنتولۆی بچکۆلە ناکەیت، تۆ بۆ ئەم باشیت. تۆ شوو بەکەڵە پیاوێکی کرێکاری خەڵووز دەکەیت"

**دران:** ئەوەی کە نائارامم دەکات ئەو درزانەیە. ئەوانەی کە لە خوارەوەن لە گوندەکە ئەوە تێ ناگەن کە چۆن لێرە پیاو دەتوانێ تەنیا بۆ خواردنەوە دانیشێت " لەگەڵ ئەوەشا من ئاماژەم بۆ دەکرد کە حەزم لە خواردنەوەیە"

بەڵام من هەر بەتەنیا بۆ خواردنەوە لێرەدا دانەنیشتووم. من گرینگی بەوان دەدەم. بەڵام تۆ دەزانیت ئەوان ڕێگە

بەپیاوەکانیان نادەن کە سەردانی ئێرە بکەن. ئا بەڵێ. زۆر جار گەلێک لە پیاوان ڕوویان کردووەتە ئێرە، بەڵام ئیتر ئەوە تەواو. ژنەکان ئەو هاتوچۆیەیان ڕاگرت. بەڵام من چاوەڕێم دەکرد پێرس بێت. پێرس دێت بۆ ئێرە. جووتیارێکی چاکە ئەو پێرسە. دەڕوێنێت؟ ئەو پیاوە دەتوانێت گەنمە شامی لە ناو چیمەنتۆدا بڕوێنێت. ئەو زەوییەی ئەو هەیبوو، زەوییەکی بەیار بوو. ئۆو من دەزانم لە نزیکی ڕووبارەکەوە بوو. بەڵام زەوییەکی بەیار بوو. پێرس وای کرد ئەو زەوییە بەر ببەخشێت.

**چێرچ:** تۆ ئەو زەوییە دەزانیت؟

**دران:** ئەو زەوییە دەزانیت؟ ئەوە زەوی خۆم بوو.

**چێرچ:** زەوی خۆت؟

**دران:** زەوی من بوو، زەوی باوکم بوو. خەڵکانی ئەو گوندە گوتیان من ئەو زەوییەم بۆ خواردنەوە فرۆشتووە. بەڵام ئەوە ڕاست نییە. ڕاستی تێدا نییە. من فرۆشتم لەبەرئەوەی، لەبەرئەوەی، ئەو زەوییە بەیار بوو. هەروەها ئیش و کاری ئەم ئاوە گەلێک خەریکی کردبووم. پێرس جووتیارێکی سەرکەوتووە. بەڵام ئەو پارچە زەوییە لە کاتی مندا سارایەک بوو بۆ خۆی، هیچی لەگەڵ نەدەکرا.

پێرس ئەمشەو دێتە ئێرە. پرسیاری لێ بکە. خۆی بۆت باس دەکات.

پارچە زەوییەکی هیچوپووچ بوو.

**چێرچ:** دران، من برسیمە.

**دران:** تۆ پێرست خۆش دەوێت، ئەو منی خۆش دەوێت.





**چێرچ:** ئەوە ئیشتیهات بۆ خواردن دەکاتەوە.

**دران:** هەر کاتێک کە ئەم شوێنەم چاک کرد و هەندێک مێز و کورسیم لێ دانا و چەند تابلۆ و شتێکم لێ هەڵواسی. ئەوسا پەنیر و گۆشت دەهێنم بۆ ئێرە.

پەنیر بۆ شەرابی سپی و گۆشت بۆ شەرابی سوور.

**چێرچ:** من دەتوانم نان و شێلم بخۆم دران.

**دران:** نان و شێلم؟ تۆ دڵنیایت؟ مەبەستم ئەوەیە تەنیا نان و شێلمە.

**چێرچ:** من دەتوانم نان و شێلم بخۆم دران. باوکم دەیگوت ئەوان لە ناو سەنگەرەکاندا شێلمیان دەخوارد.

**دران:** ئەوە هەمووی زۆر ڕاستە. زۆر تەواوە، بەڵێ وابوو. من لەوێ بووم لەگەڵ کۆماندۆ و هێزی پەڕەشووت.

**چێرچ:** هەروەها لەگەڵ مەشخەڵان.

**هەردووکیان:** مەشخەڵانی خۆڕاگر.

**دران:** ئەو پیاوانە بێباک بوون لەوەی شیاکەی ئەسپیش بخۆن، بەڵام من لەوێ بووم تا خواردنیان بۆ دروست بکەم. من لەوێ بووم. ئەوان پەیمانگەی ژنان، هەرگیز ئەوەیان لە بەرچاو نییە. من بینیم کە ژنان پشیلەیان خوارد، ژنانی ئەڵمانی هەر بەکاڵی پشیلەیان خوارد. خەڵک دەیانگوت کە گوایە بەو جۆرە نەیان خواردووە. بەڵام خۆم ژنانی ئەڵمانیم بینی، نازدارترین کیژۆڵەیان، باشترین و خانەدانترین کچ و ژنیان لە هەموو ناوچەکەدا دەپاڕانەوە لە سەربازەکان تا لەفەی خواردنیان بۆ فڕێدەن.

**چێرچ:** ئەوە ترسناکە.

**دران:** لەفەی خواردن.

**چێرچ:** ئەوە ترسناکە.

**دران:** ئەها، بەڵێ ژنانی گوندەکە پێیان وایە کە ئەوان بەحیشمەت و خاوەن ڕێز و بەویقارن، بەڵام من ژنانم لەو کاتانەدا دیوە کە بێ دەرەتانن. گــوێ بگرە، هەر وەک چۆن تۆ باسی هێــزە سروشتییەکان دەکەیت. ئەوانە هەمیشە لە ڕاستییەوە دوورن. هەر ئەوەندەی پێچی برغوویەک، ئەو پەیمانگەی ژنانە هەر هەموویان بۆی دەقوچێن. بۆچی ئەوان بیر لەو شتانە ناکەنەوە کاتێک لە پیاوێک نزیک دەبنەوە؟ ئەوەتا، تۆ دڵنیایت کە پارچەیەک شێلمت دەوێت؟

**چێرچ:** هەر زۆر باشە.

**دران:** پێم وابێت منیش هاوبەشیت دەکەم، ئەم شەرابە ئیشتیهات دەکاتەوە.

**چێرچ:** بەڵێ وایە، بەڵێ وایە، بەخۆشیت. دران ! بەخۆشیت. لەوەتەی من هەم لە تافی گەنجیمەوە، هەرگیز ئاوا نانم نەخواردووە. هەرگیز ئەزیزم، خوایە. لەو باوەڕەدا نەبووم، ژەمێکی ئاوا خۆش هێشتا لەسەر ڕووی ئەم زەوییە مابێت.

باوکە گوێت لێم بێت.

**دران:** من خۆشحاڵم کە تۆ بەخواردنەکەم رازی بوویت. ها ئیستا ڕات چییە بەرانبەر کاکاو و بسکیتەکەت.

**چێرچ:** دەتوانی هەڵیان گریت، نمایشەکەش. هەر وەک چۆن بەردەوام



بەو کارە هەڵدەستێت. ئەو بەردەوام خەریکی بەرنامە دانانە، کەسێکی سارد و وریایە. دایکم تەنیا باوکمی خۆش دەویست، منداڵەکانی بۆ بەخێو دەکرد، بەو هەموو هەڵە و گوناھ و زۆر خواردنەوەیەی، بەدیاریەوە مایەوە و خۆشی ویست. ئێمە خانوومان هەیە، ئەوان خانوویان نەبوو. ئێمە ماشێنمان هەیە، ئەوان ماشێنیان نەبوو. ئەوان ژیانیان هەبوو، ئەوان یەک بوون، دران. ئەم خواردنەم پێ خۆشە، ئەم شەوەم لا خۆشە.

**دران:** من بەوە ئاسوودەم کە تۆ دڵخۆش بوویت.

**چێرچ:** گوێ نادەمە ئەوەی، مەست بووم یان نا، دران. من پێم وایە ئەو خەڵکە هەقی خۆیانە کە بەڕادەیەک مەست دەبن کە شتەکان زۆر ڕۆشنتر دەبینن لەوەی کە لە ژێر تیشکی ڕۆژێکی ساردا دەکەونە ڕوو. من لقێکی بێ خێری باوکمم، لقێک کە وازی لە ژیان هێناوە. ئەگەرچی ئەو کرێکارێکی کانەخەڵووز بوو، هەموو ژیانی خۆی لە ناو جەرگەی زەویدا گوزەراند. ئەوەشی دەزانی کە ژیان زوڵمێکی گەورەی لێ کردووە، کەچی چرکە بەچرکە خــۆشی دەویست. دەیخــواردەوە، ئەها هەر وەک مــاسی دەیخواردەوە. ڕۆژی شەممان دەهات و بەگێژ خواردن و بێزاری و تووڕەییەوە دەچووە دەرەوە.

دەرۆیشت. بەتووڕەییەوە بەسەر ئەو چاڵەدا هاواری دەکرد، لەگەڵ زەویدا قسەی دەکرد.

**دران:** پیاوێکی بەهێز بووە؟

**چێرچ:** بەڵێ دران، هەر وەک گامێشێکی بریندار.

**دران:** بریندار؟

**چێرچ:** بەڵێ، خەڵووز ڕەنگ و ڕووی پێوە نەهێشتبوو. هەموو گیانی ڕەشـایی خەڵووز بوو. بەڵام هەر وەک پاڵەوانێک بەرەنگاری دەنواند و دەجەنگا. بەردەوامیش دەجەنگێ.

**دران:** نەمردووە، وا نییە؟

**چێرچ:** نا، لەو تەمەنەی خۆیدا ریشێکی سپی هێشتووەتەوە. ئای پیرەمێردە ئازیزەکەم ئیستاش جگەرە دەکێشێت، دەخواتەوە و بۆن دەکات. لەگەڵ ئەوەشا ژیا. بە هەشت منداڵەوە ژیا.

**دران:** من لە جەنگدا بریندار بووم.

**چێرچ:** ئەگەر ئیستا لە کونێکەوە چاوی لە من دەبوو.

**دران:** من سووتام، سەرلەبەری قاچێکم لە خوار ئەژنۆوە سووتا.

**چێرچ:** شەرابێکی نایابە.

**دران:** من خەریکی لێنانی مەنجەڵێک فاسۆلیا بووم، لەبەری پێشەوەی هێزی کۆماندۆ بووم. ئەوان بەگاڵتەوە دەیانگوت " دران، ئێمە لە ناو فاسۆلیادا دەمرین". لەو کاتەدا گوللە هاوەنێک تەقییەوە. ئەوان هەموو خۆیان دا بەئەرزا، بەڵام من خۆم نەدا بەئەرزا و چێشتخانە مەیدانییەکەشم بەجێ نەهێشت. تەقینەوەکە لە بەردەم منا بوو، قاچێکم بەتەواوی سووتا.

ئیتر بەوپەڕی ڕێز و ستایشەوە بەخشییانم لە خزمەتی سەربازی. ئەوە ئەو شتەیە کە خەڵکی گوندەکە ئاگایان لێ نییە.

**چێرچ:** ئەمەش ئەو شتەیە کە من کردوومە، قبووڵم نەبووە بیزانم.

قبووڵم نەکردووە بیزانم.



**دران:** ئەوە یەکێتی دایکانە کە پێم دەڵێن " هۆشی خۆی لە دەست دەدات" بەڵام هەرگیز ئەوە ناڵێن " خەریک بوو قاچێکی خۆی لەدەست بدات".

**چێرچ:** دران با یەکێتی دایکان بچن بۆ دۆزەخ. من ئەم شەرابەم زۆر پێ خۆشە.

**دران:** ئەگەر وریای خۆت نەبیت، ناو و ناتۆرەیەکت شوێن دەخەن.

**چێرچ:** من هیچ گوێیەک بەو یەکێتی دایکانە نادەم.

**دران:** هاوڕێ هەر ئەوەندە چاوەڕێ بکە تا ژنەکەت هەلی ئەندامێتی بۆ هەڵدەکەوێت، ئەوساکە دەتبینم چۆن گوێ دەدەیتێ. لە ڕاستییا ئەوانە کێشەن.

**چێرچ:** بەڵام دران، ئێمە لێرەدا ئەوپەڕی ڕێزمان هەیە.

"دران هەڵدەستێت و هەست دەکات میزی دێت. خەریکە لە پشتی بەرمیلە شەرابەکانەوە بیکات، بیری دێتەوە کە ئەو میوانداری کەسێکی بەڕێز دەکات"

**دران:** بەڵێ. بەڵێ ئەوە ئەو شتەیە کە من دەیڵێم.

" دەچێتە دەرەوە"

" چێرچ بەرەو لای بەرمیلە نیوەکە دەچێت و تەماشای ناو بەرمیلەکە دەکات.

پەنجەیەکی تێ دەکات و بۆنی دەکات. دران دێتەوە ژوورێ"

**دران:** لێرە گوشارێکی زۆر لەسەر ئەم ئەستێڵکە دەبینرێت.

**چێرچ:** دران تۆ ئاژەڵێکی بۆگەنی. ئەوە چییە؟

**دران:** ئەوە شەرابی ڕێواسە خەریکی ئامادەکردنیم، دەیبینیت؟

**چێرچ:** ئا، بمبوورە.

**دران:** لەبەرئەوەی وەک دەبینیت ئێستا وەرزی ڕێواسە، ئەگەر گوێچکەتی لێ نزیک بخەیتەوە گوێت لە فسە فسی دەبێت.

**چێرچ:** من دەبێت داوای لێبووردنت لێ بکەم، بۆ تاوێک پێم وابوو ئەو بەرمیلە وەک ئاودەست بەکار دەهێنیت.

**دران:** نا، تۆ دەزانیت ئاودەستێکی تەواو کە شوێنی دانیشتنی ڕێکوپێکی هەیە و هەموو کەرەستەیەکی پاک و خاوێنی تێدایە لە پشتی ساباتەکەوە هەیە.

من زۆر دەمێکە بەکارم نەهێناوە، چونکە کەمێک ڕێگەکەی دوورە. بۆ دواین جار کە من لەوێ بووم زۆر پاک و خاوێن دیار بوو. من کەسێکم تا ڕادەیەک تایبەتمەندی خۆم هەیە. ئەوە شەرابی ڕێواسە.

**چێرچ:** ئەو بەرمیلە ئەوەندە گەورەیە پیاوێکی تێدا نقوم دەبێت.

**دران:** نقومبوونم بیر مەخەرەوە. نقومبوون هەمیشە ئاشنا بووە بەڕوحم.

**چێرچ:** بمبەخشە، خۆ ئەوە پڕە وا نییە؟

**دران:** بەڵێ وایە، ئەوە پڕە. پڕە لە باشترین شەراب. هێشتا بەتەواوی نەبووە بە شەراب. دەزانیت ئێستا وەرزی ڕێواسە؟ لە دەرەوە ڕێواست بینی لە ناو ئەو هەموو ڕووەک و گژوگیادا. بەڵام ئەوە زەرەر بەشەرابەکە ناگەیەنێت. هەموو ئەوەی کە من دەیکەم ئەوەیە کە ڕێواسەکە بخەمە ناو بەرمیلەکەوە و پڕی بکەم لە ئاو و شەکری تێ بکەم و وازی لێ بهێنم تا تەواو خۆی دەکێشێتەوە و دەترشێت.



**چێرچ:** دەترشێت؟

**دران:** دەترشێت.

**چێرچ:** دەترشێت؟

**دران:** دەترشێت و دەبێت بەشەراب. لەم وەختەی ئێستایدا دوور نییە ئەوە بتکوژێت.

یەکێتی دایکان پێیان وایە من خۆم بەخواردنەوە دەکوژم. بەڵام من خۆم بەخواردنەوە ناکوژم. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە من دەتوانم بەسەر خۆما زاڵ بم. دەتوانم ئەوە بخۆمەوە، چونکە تەڕ و تازەیە، هەروەکو مەشروباتی گازی، بەڵام ئارەزووی ناکەم. چاوەڕێ دەکەم تا تەواو دەگەڕێتەوە و پێ دەگات، ئیتر ئەو کاتە دەیڕژێنمە ناو ئەو بەرمیلەی ترەوە کە خاڵییە.

**چێرچ:** تێگەیشتم، ئەی دوای ئەوەی کە ئەوەت بەتاڵ کرد؟

**دران:** ئەها، باشە ئیتر دوای ئەوە پڕی دەکەمەوە بەمیوەی وەرزی داهاتوو کە ئەویش هەڵووژەیە. ئیتر بەو جۆرە من هەرگیز بەرمیلم بەتاڵ نابێت.

**چێرچ:** دران، دران، تۆ سەرخۆشێکی بەرەڵایت. من دڵخۆشم بەناسینی تۆ.

دران، دران، ئەی هاوڕێ کۆنینەکەم تۆ بەرازێکی سەرخۆشیت و منیش گوێ نادەمێ. من هاتوومەتە دەرەوە بۆ نێو جەرگەی ژیان.

" بەرەو لای دەرگەکە دەڕوات، هاوار دەکات"

هاتوومەتە دەرەوە بۆ ناو جەرگەی ژیان. گوێت لێمە. ئێمە هەڵە

بووین، تا ڕادەیەکی زۆر هەڵە بووین. ئێمە دەبوو لە پێشا بژیاینایە، ئەمجا لە دواییدا بەرنامەمان بۆ دابنایە.

" بەرەو دواوە لەتر دەدات"

**دران:** ئەستێڵکەکە چۆن دەبینی؟ خۆ درزی نەبردووە؟
تەنیا شەش ئینچ کۆنکرێتە.

**چێرچ:** کۆنکرێتەکەی هیچ نییە.

**دران:** منیش هەروا دەڵێم، بەڵام ئەوان باکیان بەوە نییە.

**چێرچ:** تۆ گوتت ئەو پیاوە سکوتلەندییەی کە ئەم ئەستێڵکەی دروست کرد لە ئیشەکەی دەریان کرد؟

**دران:** بەڵێ دەریان کرد.

**چێرچ:** لەسەر چی، خواردنەوە؟

**دران:** بەڵێ، لەسەر خواردنەوە. ئەو حەزی بەخواردنەوە بوو.

**چێرچ:** ناتوانی سەرزەنشتی پیاوێک بکەیت تەنیا لەبەرئەوەی حەزی لە خواردنەوەیە. ئەها پێکێکی دیم لەوە بەرێ، مەبەستت ئەوەیە پیرێکی هیچوپووچ بوو.

**دران:** پێکێک تێکە.. بۆ خۆت پێکێک تێکە.. دەتوانی بخۆیتەوە.. کوڕە.. دەتوانی بخۆیتەوە.

**چێرچ:** ئێمەی پیاوانی سروشت پێویستیمان بەخواردنەوەیە.

**دران:** ئەها، ئا ئەوەیە قسەی تەواو، وا نییە؟ ئەوەی کە من دەمەوێت بیڵێم، بەوپەڕی دروستی و تەواوی و دڵنیاییەوە دەیڵێم، ئەوەیە کە پیاو تینوویەتی لە دوای کاری قورس و تاقەت پڕووکێنەوە بۆ دێت. نیعمەتێکە لە دوای کاری سەختەوە.



**چێرچ:** ئەوە ژیربێژییە، دران ئەوە ئەوپەڕی ژیربێژییە.

**دران:** ئەوەی کە تۆ گوتت بۆ نموونە پیاوێک دەگرێتەوە، کە بەدرێژاییی ڕۆژ لە ناو زەوییەکانی ئەستێڵکەکەدا ماندوو نەناسانە کار دەکات و خەریکی هەڵکەندن و ڕاکێشانی بۆرییەکانی ئاوە. ئەوە پیاوێکە کە سیستەمەکەی وا هەڵکەوتووە کە پێویستی بەخواردنەوە بێت، بەڵام پیاوێک کە بەدرێژاییی ڕۆژ لەسەر کورسی و مێزێکی نەفرەتی دانیشتووە و خەریکی ژمێریارییە و دوای ئەوەش کە دێتەوە بۆ ناو باخچە بچکۆلەکەی، ئەوەندە پێویستی بەخواردنەوە نییە. ئەگەر تۆ بەدرێژاییی ڕۆژیش لەسەر مێز و کورسیش ئیش بکەیت ئەوە کاکاوێکی شووشە تینوویەتیت دەشکێنێت.

**چێرچ:** دران ئەوە ڕاستە. هەر زۆر ڕاستە.

**دران:** خواردنەوە هیچ زەرەر و زیانێکی نییە. لە کاتێکا یەکێتی دایکان و ئەو قەشەیەش لە گەڵیاندا لەوێ دانیشتوون و نەفرەت لە خواردنەوە دەکەن.

**چێرچ:** بۆ خۆشیان نازانن باسی چی دەکەن.

**دران:** ئەها تۆ باسی چی دەکەیت؟ لە خوارەوە ئەوان لە من زیاتر چا دەخۆنەوە، وا نییە؟ ئەوان دەڵێن خواردنەوە بۆ تۆ خراپە. بەڵام ئەی چا؟ ئیستا بۆیان دەرکەوتووە کە چا زۆر خراپە بۆ ناو سک، ناو سکت دادەڕزێنێت.

**چێرچ:** ناو سک؟

**دران:** بەڵێ، ناو سکی ئەوان، ناو سکی ئەوان دادەڕزێنێت. ئەوە نییە دەریاوانی پاشایی شەرابی ڕەم دەدەن بەپیاوەکانیان؟ شەرابی

ڕەم دەدەن یان نایدەن بەدەریاوانەکانیان؟

**چێرچ:** دەیدەن.

**دران:** ئەوە لەبەرئەوەیە کە باشترین هێزی دەریاییمان لە دنیادا هەیە ڕۆڵە.

بەدڵنیاییی هیچ هێزێک نییە شان بدات لە شانیان. من لەگەڵ دەریاوانی بەریتانی هاوبەشی شەڕم کردووە. بەڵام ئەوان لە خوارەوە نایەنەوێت ئەوە بزانن. ئەوە هەقیقەتێکە کە ئەوان نازانن کێ چاودێری ئەو ئەستێڵکە دەکات بۆیان. ئەوان هەر سوورن لەسەر نەفرەتی خۆیان.

**چێرچ:** دران، بەڵام ئەوان بیر لەوە ناکەنەوە کە پیاوێکی بەهێز و گەورەی وەک تۆ تەندروستیت لە سەر ئەوە ڕاهاتووە؟

**دران:** کەواتە من پیاوێکی بەهێز و گەورەم؟ ئیستاش هەر وام؟ مەبەستم ئەوەیە لەو شوێنەوە کە تۆی لێ ڕاوەستاوی، من پیاوێکی بەهێز و گەورە دەنوێنم؟

**چێرچ:** تۆ لە ڕاستییا پیاوێکی بەهێز و زەبەلاحی.

**دران:** باشە، من وا دەنوێنم، وا نییە؟ کاروباری ئاو منیان قبووڵ نەدەکرد ئەگەر من وا نەبوومایە، دەیانکرد؟

**چێرچ:** قبوڵیان نەدەکرد.

**دران:** ئەو پیاوە پیاوە کە حەزی لە خواردنەوە بێت.

**چێرچ:** باوکم دەیخواردەوە.

**دران:** پیاوە سکوتلەندییەکەش دەیخواردەوە.

**چێرچ:** نەگبەت بوو، لە ئیشەکەی دەرکرا.



**دران:** " بێدەنگی، بەنهێنییەوە" دەتوانم شتێکت پێ بڵێم؟

**چێرچ:** هەر شتێک تۆ دەتەوێت، دەتوانیت پێمی بڵێیت.

**دران:** دەمەوێ ئەوەت پێ بڵێم کە ئەوە بارێکی قورسە، هەر ئەوەندەی ئەو بابەتە زانی ئیتر هەرگیز ناحەوێیتەوە.

**چێرچ:** بەڵام من زۆر حەساومەتەوە، پێم بڵێ.

**دران:** ئەگەر ئەوەت پێ بڵێم، ئیتر جارێکی تر ئارامی نابینیتەوە.

**چێرچ:** ئارامیم ناوێت.

**دران:** نەفرەت لەو ڕۆژە دەکەیت کە ئەوەم تیا پێ گوتوویت، ئاخ بۆ ئەو ڕۆژانە هەڵدەکێشیت کە بۆت دەکرا لە خانووە بچکۆلەکەدا بەدڵێکی ئارامەوە دانیشیت و تەماشای تیڤی بکەیت و کاکاوی تێدا بخۆیتەوە.

**چێرچ:** فەرموو پێم بڵێ.

**دران:** ئەوە دەربارەی پیاوە سکوتلەندییەکە و ئەستێڵکەکەیە. پیاوێک بوو زۆری دەخواردەوە و واش ڕاهاتبوو زوو زوو دەهات بۆ لای من.

ڕۆژێکیان پێی گوتم، دران گوێ بگرە. لەبەرئەوەی ئێمە دوو هاوڕێی دڵسۆزی یەک بووین. " دران، ئەمە باشترین شەرابێکە کە من لە ژیانما تامیم کردبێت. بەڵام ئەم شەرابە وای لێ کردم کە دیوارە کۆنکرێتییەکە زۆر تەنک تێ بکەم" من پێم گوت " کۆنکرێتەکە تەنک تێ بکەیت؟ ". ئەو گوتی " بەڵێ کۆنکرێتەکە تەنک تێ بکەم" ئەمجا گوتی " کاتێ کە دێن بۆ ئەوەی پڕی بکەنەوە ئا لەوێدا درزی تێ دەچێت". بەپارچە دەباشێرێک

بەتەواوی ئەو شوێنەی پێ نیشان دام کە درز دەبات. ئیدی دەریان کرد، بەڵام بێگومان من لێرەیا دانرام و ئاگام لێ بوو کە چیمەنتۆیان تێ کرد، لەو شوێنەی کە ئەو بەدەباشیر نیشانی کردبوو ڕێک درزەکان دەرکەوتن.

**چێرچ:** واو، ئەوە شتێکی ترسناکە.

**دران:** هەروەها ئەو گوتی " دوای ئەوەی کە یەکەمین درزەکان دەردەکەون، پڕی دەکەنەوە" بەڵێ بەدڵنیایی ئەوە ڕووی دا. بەڵام هەروەها گوتی، ئەوەی کە ئەو گوتی ترسناکترین شتێکە. " ڕۆژێ لە ڕۆژان، لەوانەیە درەنگ یان زوو، ئەم ئەستێڵکە بەو پەڕی تووڕەیییەوە درز بباتەوە و ئەو کاتەش ئەو گوندە بەرەو دۆزەخ ڕادەپێچێت و منداڵانیش لەسەر بێشکەکانیانەوە بەرەو کێڵگە ساردەکان ڕادەماڵێت " هەوڵم دا کە ئەوە بەو ئەندازیارانە بڵێم کە جێی ئەویان گرتەوە، بەڵام هەموویان پێم پێکەنین.

پێیان وابوو خۆیان هەموو شتێک دەزانن. بەڵام ئەو سکوتلەندییە پیرە زۆرزان بوو، ئەوەی ئەو لە بیری دەچووەوە ئەوان بەهەموو ژیانیان بۆیان نەدەکرا بیزانن. ڕۆژێک ئەو گوتی " لەوانەیە بەم زووانە، لەوانەشە لە داهاتوودا، ئەم ئەستێڵکە درز ببات" ئەوە لەبەرئەوەیە من لێرە سەرقاڵم بەچاودێریکردنیەوە.

" دەنگی بەرز دەبێتەوە، تا ڕادەیەک دەگری"

**چێرچ:** تۆ پیاوێکی باشیت دران، پیاوێکی باشیت بۆ چاودێریکردن. ڕێگەم بە هاوبەشی خەمت بم.



**دران:** ئەها تۆ دڵنیایت چی دەڵێیت؟

**چێرچ:** ڕێگەم بە هاوبەشی خەمت بم.

**دران:** شەرابەکە گەیاندمییە ئەم بارودۆخە، من هەست بەبەرپرسیاری دەکەم.

**چێرچ:** تۆ پیاوێکی باشیت دران، پیاوێکی باش.

**دران:** یەکێتی دایکان ئەوە نازانن، ئەوان پێیان وایە من گوێ بەهیچ نادەم.

من خەمی ئەوان دەخۆم. خەمی ئەوان دەخۆم. بەڵام ئەو ڕۆیی بۆ لای ئەوان و پێوەندی پێوە کردن.

**چێرچ:** خێزانەکەت؟

**دران:** بەڵێ، ئێمە تا ڕادەیەک لێک جیا بووینەتەوە. " ئەگەر تۆ دەتەوێ بەدرێژایی ڕۆژ لەوێ بمێنیتەوە" ئەو گوتی " وا باشترە کە بیکەیتە ماڵی خۆت" چاکە من دڵخۆش بووم، چونکە دەمتوانی چاودێری درز و ئاستی ئاوەکەش بکەم و بشنووم. ئەگەر لە ئەرکەکەمدا نوشوستی بهێنم، ئەوا خۆم یەکەمین کەسێک دەبم کە تیا دەچم. ئەوان پێیان دەگوتم کە زیادەڕۆیی دەکەم. ئەوان نازانن کە من هەست بەچی دەکەم چێرچ. ئەوان نازانن کە من هەست بە چی دەکەم. من حەزم دەکرد پێیان بڵێم کە ئێوە باشترین ژنانێکن. من حەزم دەکرد پێیان بڵێم. بەڵام ژنان ڕێگەیان پێ نەدام. کاتێ ئێمە گواستراینەوە بۆ ئەڵمانیا چەندین ئافرەتانم بینی کە تەنیا بۆ ڕابواردن دەهێنران.

هەرکەسێک لەوێ بوایە دەیتوانی جوانترین ئافرەت بەلەفەیەک بکرێت.

جوانترین ئافرەت دەکرا بەرانبەر بەلەفەیەک. تۆ دەچوویتە ماڵێکەوە، باوکەکە و دایکەکە و منداڵەکان تەماشایان دەکردیت. کچەکە یان ژنەکە دەیبردیتە ژوورەکەی ئەودیو و تۆش لەفەکەت لەسەر مێزەکە دادەنا.

بەرانبەر بەلەفەیەک بۆت دەکرا هەر کەسێکت لێیان دەوێ، بیبەیت. دەتتوانی لەگەڵ کچێکی دوانزە ساڵانا بیت بەرانبەر بەلەفەیەک. پیاوەکان وەک بەرازیان لێ هاتبوو، لە بەردەم چێشتخانە بزۆکەکەم ریزیان گرتبوو بۆ لەفە. منیش لەفەم دەدانێ. ئەگەر چی هەندێک جار لەفەکە گۆشتیشی تێدا نەبوو. من گۆشتەکەم لا دەدا و دەمگۆڕینەوە بەجگەرە. ئەو کاتەی کە پارچەیەک گۆشتم دەخستە ناو لەفەکانەوە زیاتر هەستم بەئاسوودەیی دەکرد. بەم جۆرە من چاودێری ئەم ئەستێڵکە دەکەم. لەوە زیاتر دەتوانم چی بکەم؟ من دەمەوێت پاداشتیان پێ بدەمەوە. پیاو دەتوانێت لەوە زیاتر چی بکات؟ بەڵام ئەوان لایان وایە من تەنیا بۆ خواردنەوە دێم بۆ ئێرە.

**چێرچ:** تۆ باشترین پیاوی دران، ئەم ئەستێڵکە زۆر ترسناکە.

**دران:** ئاوەکە هاژوهوژی دێت.. دەجووڵێت. هەندێک جار شەوان دەتوانم گوێم لە دەنگی بێت. هاژەی دێت. گوێ بگرە. گوێت لە جووڵە و ناڵینێتی.

**چێرچ:** بەڵێ.. بەڵێ..

**دران:** پێم وایە پێویستی بەپیاوێکە. پیاوێکی دەوێت بۆ ئەوەی ئارام بگرێت.

**چێرچ:** من هەست بەزرنگانەوەی ژیان دەکەم. چۆن باوکم خەڵووزی



دەناسی منیش ئاوا ئەم ئەستێڵکە دەناسم.

**دران:** ئەو لە پیاوێک دەگەڕێت. ئەم ئەستێڵکە گەورەیە و گوڕوتینێکی زۆری هەیە پێویستی بەوەیە کە ئارام بگرێت.

**چێرچ:** دران من دەمەوێت شتێک بکەم. ئەمشەو، شەوێکی گونجاوە بۆ ئەوەی شێوەی باوکم بچمەوە بۆ ماڵێ. لەگەڵ زەمینا دەجەنگا، باوکم. کە دەینەڕاند ماڵەکە دەلەرییەوە. هەر وەکو شێر دەینەڕاند. شەقامەکە دەلەرییەوە. دار و بەرد لەرزەی دەگرت. دەیتوانی بچێتە دەرەوە بۆ ئەوێ و بەرەنگاری دوژمن بێتەوە. ئەگەر لێرە بوایە دەچوە دەرێ و گۆرانی بۆ دەگوت. ئێستا ئەگەر لێرە بوایە بەسەر ئەو ئەستێڵکەدا هەڵدەزنا و گۆرانی بۆ ئەو دنیا نەفرەتییە دەگوت. جەربەزە بوو.

**دران:** ئەگەر ئەوە دڵخۆشت دەکات، ئەوا دەچینە سەرەوە و گۆرانی بۆ دەڵێین.

**چێرچ:** چۆن، بەڕاستە دران.

**دران:** بەڵێ، مادامەکێ تۆ گەند و پیسی بەپێڵاوەکانتەوە نییە.

**چێرچ:** دەتوانین دران؟ دەکرێت بچینە ئەوێ و گۆرانی بۆ بڵێین؟ دەتوانین؟

**دران:** دەمەوێت ئەوەت پێ بڵێم کە من دەنگم زۆر خۆش نییە.

" کۆتایی پەردەی دووەم "

## پەردەی سێیەم

لە بەشی سەرەوەی ئەستێڵکەکە

**دران:** پووتەکانت لە گەند و پیسی پاک بکەرەوە.

**چێرچ:** پیس نین، پێشتر لێرە بووم.

**دران:** لەگەڵ هاوڕێیەکدا لێرە بوون، وا نییە؟

**چێرچ:** لە سەردانی هاوڕێیەک بووم لە هوتێل، لە ساباتێک.

**دران:** ئەها، تامی شەرابتان دەکرد؟

**چێرچ:** بۆن و بەرامەکەی زۆر خۆش بوو.

**دران:** وتت چەندت داوە بەو پووتانە؟

**چێرچ:** زۆرم پێ داوە.

**دران:** دەبوو تۆ بچوویتایە بۆ کۆمەڵەی هاوپشتی کشتوکاڵی.

**چێرچ:** بەڵام من جووتیار نیم.

**دران:** ئەوە کێشە نییە، هەموو کەسێک دەتوانێ ڕوو بکاتە کۆمەڵەی هاوپشتی کشتوکاڵی بۆ کڕینی جووتێک پووت. تەنانەت قەشەیەکیش دەتوانێت بۆ جووتێک پووت بچێتە ئەوێ.

**چێرچ:** تەماشای ئەو دیمەنە بکە.

**دران:** تەماشای تاوەرە بێتەلەکە بکە، ڕۆشنە.

**چێرچ:** لە ڕاستییا ئەوە دیمەنێکی زۆر دڵگیرە.



**دران:** گردی کاتسۆڵد بەرانبەرتە، تۆ بەسەر کاتسۆڵدا دەڕوانیت.

**چێرچ:** تۆ ڕاست دەکەیت. گردەکان گرینگ نین، ئەوەی گرینگە ئەوەیە کە پیاو چۆن تێیان دەڕوانێت.

**دران:** تەماشای ئەو فڕۆکەیە بکە، ببینە چۆن دەڕوات.

**چێرچ:** جوانە، دران. پیاو هەر بەسروشت هێزێکی ترسناکە. ئەوە ئێمەین. دران تۆ هەستێکی سروشتیت هەیە بۆ جوانی.

**دران:** بەڵێ، هەمە. تەماشای ئەو ئەستێڵکە بکە هەر دەڵێی پاشەڵی بەرازە.

**چێرچ:** هەر دەڵێی ڕانی سۆزانییەکی ڕوسییە.

**دران:** ژنەکەت خەریکە پیر دەبێت، وا نییە؟

**چێرچ:** زۆر گوێ بەخۆی دەدات، بۆ ئەوەش پارەیەکی زۆر بەفیڕۆ دەدا.

**دران:** ژنەکەی من بەم دواییە بوو بەئەندامی یەکێتی دایکان.

**چێرچ:** بۆ دۆزەخ یەکێتی دایکان و هەر وەکو پێشڕەوە خۆڕاگرەکان یەکی لەفەیەکیان بدەرێ گۆشتی تێدا نەبێت.

**دران:** چێرچ دەتوانم بەوە پێ بکەنم؟

**چێرچ:** پێ بکەنە، بەڵێ پێ بکەنە. کابرا ئێمە ئەمشەو دەفڕین بەرەو سەرکەوتن. تۆ بەهەموو ویژدانتەوە گۆرانی بۆ دۆزەخ بڵێ و منیش گۆرانی بۆ سروشت و وزەی ژیان دەڵێم. کەواتە با بەرەو سەرەوە بڕۆین.

**دران:** پووتەکانت خاوێنن؟

**چێرچ:** بەدڵنیاییەوە، خاوێنن.

**دران:** ئیستا سەنگین بە، هەست دەکەم شتێک دەقەومێت. هەست

بەکارەساتێکی گەورە دەکەم.

**چێرچ:** منیش دەڵێم کارەساتێکی گەورە بەڕێوەیە. پێوەندی بەڕوحی مرۆڤەوە هەیە و لەوەشەوە سەرکەوتن بەدی دێت.

**دران:** هەموو شتەکان وەک یەک وان، پووتەکانت لە گەند و پیسی خاوێن بکەرەوە.

**چێرچ:** باشە، باش.

**دران:** چێرچ، ئەوە یاسایەکی ژیرانەیە؟

**چێرچ:** ژیرانەیە.

**دران:** تۆ دەزانیت ئەوان پێیان وایە من دەستم لێ شۆراوە. دەڵێن خواردنەوە هۆشی لەبەربڕیوم، بەڵام ئەوە ڕاست نییە، ئەوە ڕاست نییە، چێرچ من بەتەواوی ئاگام لە خۆمە.

**چێرچ:** بێگومان وایە، تۆ ئەمشەو هەندێک قسەی زۆر زیرەکانەت کرد.

**دران:** تۆ پێت وایە ها؟ تۆ وای دەبینیت.

**چێرچ:** زۆر زیرەکانە. ئیستا با سەرکەوینە سەرەوە. دەبێت لەوێ گۆرانی بڵێین.

**دران:** ئەی نابێت لێرە گۆرانی بڵێین؟

**چێرچ:** نا ناکرێت، نا ناکرێت.

**دران:** دەبوو لێرەدا پەیژەیەک هەبوایە، پیاوە سکوتلەندییەکە پەیژەیەکی دادەنا.

**چێرچ:** لەوە دەچێت ئەو پیاوە زۆر باش بووبێت.

**دران:** بەڵێ، وابوو. بەڵام گەلێک تەنک دروستی کرد. ئەو گوتی درزەکان جارێکی تر دەردەکەونەوە و ئەوەش کۆتاییە.



**چێرچ:** وەرە. ئەوە لە بیر بکە. با درز بەرێت. وازی لێ بهێنە با درز بەرێت.

"بەرەو سەرەوە دەڕۆن"

**دران:** بەرەو سەرەوە ڕێکەوە، ئەها ها.. ئەوە گەیشتین. تەماشای ئەو دیمەنە.

گوندەکە زۆر جوان دیارە، هەموو گڵۆپەکان کەوتوونەتە ناو درەختەکانەوە.

**چێرچ:** تێبینی بکە چۆن گڵۆپە نیئۆنەکان بەدرێژاییی ڕێگەکە دیمەنێکی ئەفسووناوییان خوڵقاندووە.

**دران:** زۆر جوان و دڵگیرە.

**چێرچ:** بۆ ئەوەی پێکەوە هێلانەیەکی بچکۆلە فەراهەم بکەین، ئەوەمان پشتگوێ خست کە مناڵ بخەینەوە. ژنەکەم گوتی" با جارێ مشووری هەموو شتێک بخۆین" مشوور بخۆین؟ باوکم مشوورخۆر نەبوو، بەڵام کەسێکی زیندوو بوو. کاتێک کە مناڵ دێت بەژیانی ئەم ماڵە خەنی نابێت. لەبەرئەوەی بەنەفرەت بێت ئەم ماڵە هیچ دڵم خۆش ناکات. با جارێ مشوور لە هەموو شتێک بخۆین. نا با هەموو شتێک بەهەوانتە بگرین و بەختەوەربین. باوکە، ئەی باوکە من دەمەوێت لێت بپرسم بۆ نەفرەتت لێ کردم؟

**دران:** ئەها ئەوە گەیشتین.

**چێرچ:** ئەو هەمیشە بەو جۆرە بوو، دران. شەوانە بەشێوەیەکی سروشتی نەدەهاتەوە ماڵێ بۆ نووستن. لە دەرەوە دەمایەوە و هاواری بۆ مانگ دەکرد و گاڵتەی بەو شاخی خەڵووزە دەهات.

هەر وەک ئێمە لەگەڵ هێزە سروشتییەکان دەژیا، دران. ئەوە گەیشتینە جێ، دەی با گۆرانی بۆ ئەژدیهاکەمان بڵێین.

**دران:** چ گۆرانییەک بڵێین؟ پێشبڕکێی بلەیدن؟

**چێرچ:** نا نا، ئەوە خۆش نییە. ئەو، ئەو گۆرانییەی دەگوت، بەڵام ئەو بەکوڵ ئەو گۆرانییەی دەگوت. ناکرێ ئێمە لاسایی بکەینەوە. تەنانەت ئەو گۆرانییەی پێشبڕکێی بلەیدن لە ورزستیشێریش ناگوترێت.

**دران:** نا، ئەوە ڕاستە.

**چێرچ:** گۆرانییەکەی تۆ دەڵێینەوە. گۆرانییەکەی تۆ کامەیە؟

**دران:** گۆرانییەکی ورزستیشێر؟ لەو باوەڕەدا نیم گۆرانییەکەمان بیر بکەوێتەوە.

**چێرچ:** گۆرانی ورزستیشێر نا؟ گۆرانییەکی بەکوڵ. گۆرانییەکانی خۆیان بۆ خۆیان دانێ. باوکم هەموو ئەوانەی دەزانی هەروەک چۆن کۆڵانەکەی خۆی دەناسی. " هەنگاوەکانت ئارام بن" ی جۆردی هینی. " کەشتی خەڵووز".

" پێشبڕکێی بلەیدن ". هەموو ئەوانەی دەزانی. هەموو گۆرانییە نۆرزەمبێرییەکانی دەزانی، لەبەرئەوەی ئەوان لە ناو زەوی و ئاسمان و دەریا بوون. ئەوان پارچەیەک بوون لەو کەلەپوورە. من ئەو کەلەپوورەی خۆمم کوشت. ئەمە ئەوپەڕی ناپاکییە ئەگەر من ئێستا بیانڵێمەوە.

**دران:** وایە، ناهەموارە.

**چێرچ:** دەی کابرا، تۆ دەبێت گۆرانییەکت لە یادەوەرییا مابێت کە بۆ



ئەو ڕۆژانە دەگەڕێنەوە کە لە ناو کێڵگەکەتا خەریکی کار بوویت. ئەوە کامەیە؟

**دران:** گۆرانی " کوڕی جووتیار" ەکەم دەگوت.

**چێرچ:** دەی با بیڵێین. باشە. " با ببینە کوڕە جووتیار".

**دران:** ئێمە ئەوەمان لەو کاتەدا دەگوت کە خەریکی زەوی کێڵان بووین، ئەمە بەر لەو کاتە بوو کە شەرابی سێو بتوانێت تینوێتیم بشکێنێت.

**چێرچ:** شەرابی سێو بتوانێت تینوێتیت بشکێنێت؟

**دران:** شەرابی سێوم دەخوارد تا ئەو کاتەی کە شەرابی هەڵووژەم دروست کرد.

لە پێشدا من تەنیا بۆ دەم تەڕکردنێک دەهاتم بۆ ئێرە، ئەمجا دەچوومە خوارەوە بۆ مەیخانە. شەرابی سێو بۆ من وەک ئەوە وا بوو ئاو بخۆمەوە.

لەگەڵ ئەوەشا کە من هەمیشە لێرە بووم و ئەو شەرابی سێوە مەستی نەدەکردم، چێرچ. تۆ یاسای پووتت بیستووە.(*)

**چێرچ:** یاسای پووتم بیستووە. یاسای پووت یاسایەکی زۆر زیرەکانەیە.

**دران:** مەبەستم ئەوەیە کە مێشکم بەخۆی نەزانیوە. ئەوان بۆچی دەبێت باس لەوە بکەن؟ ئەی بۆچی ئەوان هیچ لە درزەکان نازانن؟

(*) یاسای پووت، خواردنەوەی شەرابە لە پێکێکی شووشەیی درێژ لە شێوەی پووت دا. زیاتر ئەو کەسانە لەو پێکانەدا دەخۆنەوە کە لەسەر شەراب خواردنەوەی زیاد لە حەد ڕاهاتوون. " وەرگێڕ "

ئەوە بارێکی زۆر قورسە بۆ پیاوێک کە بتوانێ شانی بداتە بەر.

**چێرچ:** با گۆرانییەکەت بڵێین. باشە. ئایا ئێمە ئامادەین. یەک، دوو، سێ.

" چەند پارچەیەک لە گۆرانی (با ببینە کورە جووتیار) دەڵێن. دران دەگری" دران تۆ دەگریت؟

**دران:** ئەو ڕۆژانە تێپەڕین.

**چێرچ:** دران تۆ پیاوێکی زۆر باشیت.

**دران:** من دەمتوانی وا بکەم کە زەوییەکەم بەر بگرێت، دەمتوانی ئەوە بکەم. من گێزەر و توور و پیاز و کاهووم دەچاند.. بەڵام هەرچۆنێک بوایە دەرامەتی خۆم دەردەهێنا. هیچ شتێک لە تێگەیشتن خۆشتر نییە. خانووی شووشە بەبیری کەسا نەدەهات، وەک ئیستا نەبوو کە خانووی شووشە وەک خۆڵی لێ هاتووە.

لە هەموو ناوچەکەدا خانوویەکی شووشە نەبوو. لە ڕاستییا لەو ڕۆژگارەی ئێمەدا دەبوو ڕەنجی فەرهادت بدایە. کە ماندوو دەبووم شەرابی سێوم دەخواردەوە. بەدڵنیاییی شەرابی سێوم دەخواردەوە.

لەوێ لە داوێنی شیوەکەدا زۆر گەرم بوو. ژنەکەم دەستی کرد بە بۆڵە بۆڵ و گوتی " تۆ زۆر شەراب دەخۆیتەوە؟".

" نا زۆر شەراب ناخۆمەوە، لە کاتی جووت کردنا تەنیا پێکێک لەگەڵ برادەرێکا دەخۆمەوە و پێکەوە گۆرانی کورە جووتیار دەڵێین"



ئەو گوتی " هیوام وایە واز لە خواردنەوە بهێنیت". منیش گوتم " من ئیشی سەخت دەکەم، بۆیە زۆر دەخۆم و دەخۆمەوە".

لەگەڵ ئەوەشا دەبینیت هەموو شتێک بەرەو خراپی دەڕوات، مەبەستم ئەوەیە کە ئەمساڵ ساڵێکی نەهاتە. ساڵێکی نەهاتە. وشکە ساڵی و گرانی بازاڕ و سەرما و سۆڵەش بەروبوومی داڕزاندووە. پێم گوت " زۆرم بەرگە گرت، ئەمساڵ هیچ شتێکم بۆ نایەتە بەر. ئەم پارچە زەوییە دەفرۆشین و لە شوێنێک ئیشێکی تر دەدۆزمەوە. ئەو پارچە زەوییەی تر کە دەکەوێتە سەر گردەکە، بۆ هەندێک سەوزە و پێویستی ماڵ دەهێڵمەوە".

بەڵام ئەو گوتی " تۆ هەمیشە جووتیار بوویت مەهێڵە ئەو زەوییە ورەت بڕووخێنێت" منیش گوتم " ورەم ناڕووخێت، ورەم پێ ماوە.

فەرموو ئەوە ئەرز و ئەوە گەز، ئەگەر هەر پیاوێک بتوانێت پارە لەو ئەرزە پەیا بکات"

**چێرچ:** ئیتر فرۆشتت؟

**دران:** بەڵێ، دوای ئەوە ئیتر گواستمەوە بۆ لادێ.

**چێرچ:** بە کێت فرۆشت؟

**دران:** بەو پێرسە نەفرەتییەم فرۆشت. پێرس تۆ بەرازێکی زیرەکی، وا نییە؟

دەتوانیت گوێت لێم بێت پێرس؟ بیر لەوە بکەرەوە کە تۆ نەفرەتییەکی گەورەیت. چەندەها کێڵگە لە پارچە شووشە و کۆنکرێت. من پێم وابوو کەوا ئەمشەو تۆ دێیت بۆ ئێرە؟ بەتەما بوویت بێیت بۆ ئێرە، وانەبوو؟

**چێرچ:** بەستەزمان دران. وەرە دران.

" بەرەو لای دەرگەی ئەستێڵکەکە دەڕوات و گوێی لێ دەگرێت"

ئەستێڵکەکە نا ئارامە؟

**دران:** دەناڵێنێت.

**چێرچ:** ناتوانیت هیچ بکەیت. ئەی جانەوەر دەتوانیت؟ گوێی لێ بگرە چۆن هاژەی دێت.

شەق بەرە، شەق بەرە، ئەی نەفرەتی شەق بەرە. با سەمای بۆ بکەین.

" لەسەر دەرگەی ئەستێڵکەکە سەما دەکات و گۆرانی (هەنگاوەکانت ئارام بن)ی جۆردی هینی دەڵێت"

**دران:** نا، نا، دەرگەکە دەپسێت.

**چێرچ:** با بپسێت، با بپسێت، وەرە سەما بکە.

"هەردووکیان پێکەوە سەما دەکەن، گۆرانییەکی تێکەڵ لە (کوڕە جووتیار و جۆردی هینی ) دەڵێن".

ها، ها، بردمانەوە. دران ئیستا شەق نابات. ئەوەی پێمان خۆش بوو، کردمان.

**دران:** تۆ ئاسوودەت کردم.

**چێرچ:** بەدڵنیایی. دران تەنیا پێویستی بەپیاوێکە بتوانێت بجووڵێت. هەر وەک چۆن باوکم سووکایەتی بەو شاخی خەڵووزە دەکرد کە بەسەریا دەڕۆیشت. ئیستا دران من ئازادم و تۆش ئازادیت. ئێمە هەردووکمان ئازادین.

ئەمشەو کاتێک دەچمەوە بۆ ئەو ماڵە، دەبێت بەگریان و



نیگەرانی چاوەکانی سوور هەڵگەڕابێ. بەسەرخۆشی و شانازییەوە پێ دەخەمەوە ماڵێ، دەکەومە شەق لێدانی ئاگردانە پاک و خاوێنەکەی و ئەگەر بەختەوەریش بێت، ئەوا دەیبەمە نهۆمی سەرەوە و لەفەیەکی دەدەمێ.

**دران:** هەروەها چێرچی، جارێکی تر دێیتەوە بۆ ئێرە؟

لە بارەی زۆر شتەوە قسە دەکەین.

**چێرچ:** قسە دەکەین و دەخۆینەوە و گەلێک قسەی قۆڕیش دەربارەی ئەم ئەستێڵکە دەنووسین. بنوو ئەی فریشتەکە بنوو.

**دران:** دەمەوێت دەربارەی ئەو کچە ئەڵمانییانە قسە بکەم.

**چێرچ:** کەواتە منیش دەمەوێت دەربارەی ئەو کچە ئەڵمانییانە گوێ بگرم.

**دران:** ها ها ها.

**چێرچ:** لەفەیەکمان بدەرێ، لەفەیەکمان بدەرێ.

**دران:** تۆ دەزانیت من چیم لە گۆشتەکە کردبوو؟

**چێرچ:** نا، چیت لە گۆشتەکە کردبوو؟

**دران:** دەمگۆڕینەوە بەجگەرە. جگەرەم پێ پەیا دەکرد. زۆر زەحمەت بوو جگەرەت دەست کەوێت. سەدان جگەرەم پێ پەیا کرد. من تەنیا پیاوێک بووم لە یەک ساتا ئەو ژمارە جگەرەیەی پێ بێت. بەڵام من خۆشیم لێ وەرنەدەگرتن. بەڵام من خۆشیم لەو جگەرانە وەرنەدەگرت، چونکە وازم لە جگەرەکێشان هێنابوو .

**چێرچ:** خەمت نەبێت دران، ڕۆڵە تۆ هەقی ئەوەت کردووەتەوە. بڕوا ناکەم پیاوێکی وەک تۆ، کابرا بیری لە ویژدان کردبێتەوە. ئێمە

دەبێت دڵڕەق بین. تەماشا بکە دران تەماشا بکە. بەهێز بە. کابرا بەئاگا وەرەوە. تەماشای من کە.

من دەچمەوە و شەقێک لە حەوزەکەی هەڵدەدەم.

**دران:** سەدان جگەرەم هەبوو لە کاتێکا هەموو پیشەوەرەکانی تری سوپا، هەر هەموویان پێکەوە شیاکەی مانگیان دەکێشا.

**چێرچ:** تۆ بەراز بوویت. سەیرە ویژدانت ئازاری نەداویت.

**دران:** ئەو پێرسە پیرەش ئەمشەو نەهات بۆ ئێرە.

**چێرچ:** نەفرەت لەو پێرسە پیرەش کە ئەمشەو نەهات بۆ ئێرە.

**دران:** شەتڵی تەماتەکانی بەوپەڕی خێرایی پێ دەگات.

**چێرچ:** وەک هاووڵاتییەکی گەورە تێی دەڕوانین.

**دران:** تۆ دەزانیت ئەو پارچە زەوییەی خوارەوەی هی من بوو؟

**چێرچ:** بەڵام لەو ڕۆژگارەدا بەخت یاوەری تۆ نەبوو، دەزانین کەشوهەوا باش نەبوو.

**دران:** ئەو بەخت یاری بوو.

**چێرچ:** هەموو شتێک سەخت بوو.

**دران:** ئەمشەو نەهات.

**چێرچ:** تەماتەکانی بەڕاکردن پێ دەگەن.

**دران:** باوکت ئەمشەو شانازیت پێوە دەکات چێرچ.

**چێرچ:** من باشم ها؟ من باشم.

**دران:** تۆ زۆر مەزنیت.

**چێرچ:** ئەو ژنەی من، دەزانیت کەی دەتوانێت پێوەندی بەیەکێتی دایکانەوە بکات؟ لە کاتێکا دەتوانێت پێوەندی بەیەکێتی



دایکانەوە بکات کە خاوەنی دە مناڵ بێت. بەو جۆرە دەتوانێت پێوەندی بکات، بەیەک مناڵ ئەو نابێتە دایک تەنیا هەر ئەوەیە کە پەردەی کچێنی لە دەست دەدات.

**دران:** بەڵێ وایە ڕۆڵە.

**چێرچ:** دەربارەی ئەستێڵکەکەش، ئێمە بەرەنگاری دەبینەوە. بەرەو ڕووی دەبینەوە. لێ بگەڕێ با هەر بنووزێتەوە.

**دران:** سسسسش.. گوێ بگرە.

**چێرچ:** ئەوە هیچ نییە.

**دران:** هەستێکی سەیرە.

**چێرچ:** نا، نا.

**دران:** سسسسش.

" هەردووکیان گوێ دەگرن" چێرچ با بڕۆین، با بڕۆین.

**چێرچ:** بڕۆین؟ نا نا.

**دران:** ئەو نەفرەتییە بەئاگا هاتووە.

**چێرچ:** وەرە. با تەماشایەکی بکەین.

**دران:** تەماشای بکەین؟

**چێرچ:** بەڵێ. با ئەو دەروازەیەی بکەینەوە. دەی وەرە.

" بەرەو لای دەرگەکە دەڕۆن و بەوریاییەوە دەیکەنەوە"

تەماشا بکە. ڕەشە. ئەها تەماشا بکە.. ئەستێرەکان هەموو لەوێن.

**دران:** ترسناکە، وا نییە؟

**چێرچ:** تۆ چەمی بچووکت نەبینیوە، چەمی بچووکت بینیوە؟

**دران:** نا. من چەمی بچووکم نەدیوە چێرچ.

**چێرچ:** هەر وەک مرەکەب، قووڵ و ڕەشە. بنی نییە. باوکم ڕاهاتبوو بەماندوویی دەگەڕایەوە ماڵێ و لە چەمێکی بچکۆلەدا مەلەی دەکرد.

**دران:** بەتوانا بووە.

**چێرچ:** بۆی دەکرا لێرەدا مەلە بکات.

**دران:** هەرگیز، هەرگیز لێرەدا بۆی نەدەکرا.

**چێرچ:** پێت دەڵێم، بۆی دەکرا لێرەدا مەلە بکات.

**دران:** پیاوێکی بەهێز دەتوانێت لێرەدا مەلە بکات.

**چێرچ:** ئەو دەتوانێت لە نێو کەڵبەی ئەژدیهاشدا مەلە بکات.

**دران:** ئای لەو پیاوە.

**چێرچ:** بەڵام تەماشای من بکە، پیاوی شیر و کێکم.

**دران:** وایە، هەندێ پیاو دەبێت هەڵبژاردە و سروشتی بن تا بۆیان بکرێت لەم ئەستێڵکەدا مەلە بکەن.

**چێرچ:** باوکی ئەزیزم، پاڵەوانەکەم من تۆم زۆر خۆشویستووە.

**دران:** بەڵام بۆ ئەوەی لێرەدا مەلە بکات.

**چێرچ:** ئەو دەتوانێت لە ژێر ئەستێرەدا، لە ناو درەوشانەوەی ئەستێرەدا مەلە بکات.

**دران:** پیاوێکی بەتوانا بووە...

**چێرچ:** ئەو دەیتوانی لێرەدا مەلە بکات.

**دران:** ئەو پیاوانە نەمان کە بۆیان دەکرا لێرەدا مەلە بکەن.

**چێرچ:** ئەو پیاوانەی کە بۆیان دەکرا لێرەدا مەلە بکەن ژمارەیان زۆر



کەم بووەتەوە.

**دران:** ئەو پیاوە ڕەسەنانەی کە بۆیان دەکرا لێرەدا مەلە بکەن، نەمان.

**چێرچ:** ئەو پیاوەی کە بتوانێت لێرەدا مەلە بکات ئەوا لە ناو خەڵکدا سەری بەرز دەبێت.

**دران:** ئەو پیاوەی کە لێرەدا مەلە بکات دەتوانێت بەخۆی بڵێت کە پیاوێکە نموونەی نییە. بەڵام پیاوێک نەماوە کە بتوانێت لێرەدا مەلە بکات. پیاوێک ماوە؟

**چێرچ:** من کوڕی باوکی خۆمم.

**دران:** نا، تۆ ناتوانیت لێرەدا مەلە بکەیت. دەتوانیت؟ ئۆو نا. تۆ ناتوانیت لێرەدا مەلە بکەیت.

**چێرچ:** ڕێگەم بە تەماشای بکەم. با تەماشای بکەم. بەڵێ ئەو دەتوانێت لە ناو کەڵبەی ئەو شتە ترسناکەدا مەلە بکات.

**دران:** نا، نا، تۆ کوڕێکی بەشیرو کێک گەورە کراویت و بێ لەوەش سەرخۆشیت.

**چێرچ:** سەرخۆشم؟ سەرخۆش نیم. بەئاگام و زپ و زیندووم.

**دران:** بڕوا ناکەم شان و شەوکەتی تۆ ئەوە هەڵبگرێت. ئەوە لە توانای تۆدا نییە.

**چێرچ:** من خوێنی باوکم لە دەمارەکانما دێت و دەچێت. گیانی باوکم لە مندایە. گیانە چوست و چالاکەکەی. با جلەکانم داکەنم.

**دران:** نا، من ڕێگات پێ نادەم کە لێرەدا مەلە بکەیت، بەقسەم دەکەیت؟

**چێرچ:** تۆ ناتوانیت ڕێگەم لێ بگریت دران. تازە کات بەسەر چوو.

کابرا تازە دەبێت مەلە بکەم. ئەوە شتێکی مەزنە. وەک شوڕبوونەوە وایە بۆ ناو گەردوون. وەک ئەوەی بەسەر زەمیندا بنەڕێنیت. ئەوە گەڕانەوەیە بۆ ناو ژیان. گەڕانەوە بۆ ژیان.

" خۆی شۆڕ دەکاتەوە"

ها. چەند قووڵە، هەر دەڵێی پارچە زێڕێکی ڕەشە.

ئای خوای من، ئەگەر بەرگەی ئەو تاریکییە بگرم، لەوێدا ژیان هەیە. چاوەڕێم بکە دران، چاوەڕێم بکە.

ئەها باوکە، ئیستا تەماشام بکە، باوکە من ڕوحی خۆم و تۆشم دۆزییەوە. چاوەڕێم بکە دران، چاوەڕێم بکە.

" شلپەیەک دەبیسترێت، غەرغەرەیەک دێت و ئەمجا خنکان و بەدوایدا بێدەنگی دێت. دران دەرگەکە پێوە دەداتەوە، لاسایی جەستەی خنکاوەکە دەکاتەوە کە باڵەکانی والا کردووە"

**دران:** " بەڕقەوە" دەبوو پووتە نەفرەتییەکانت دابکەندایە.

" کۆتایی پەردەی سێیەم "



## پەردەی چوارەم

ساباتەکەی درانە. دران دێتە ژوورەوە

**دران:** بەیانیتان باش خانمان. هەمووتان بەیانیتان باش. شەش، ئەمە کاتێکی بە شکۆیە. کەمێک نەوازش. من تەواوێک ئارامم و بەوپەڕی ڕێزەوە ڕاوەستاوم.

ئەمە ئەوپەڕی ڕاچڵەکینە بۆ پیاوێک کە دەبینێت ئیشەکەی بەو ڕادەیە کوژەرە.

لە کاتی ئیشکردنما بینم کە خنکابوو. ئەوە بەیداخێکی ناسکە لەوێدا خانمان.

بەدەست چنراوە، ئەگەر پرکێشی ئەوە بکەم دەڵێم بەهەزاران دەست و پەنجەی پاکیزەیی چنراوە. نیشانەی درەختی هەڵووژە و سیمبولی هەرمێی " ئیڤە شەمی" لەسەرە. ئەوە زۆر جوانە. بەڵام ئیستا ئێوە پێویستان بەوەیە کە نیشانەی ئاویشی بخەنە سەر. دەبینن کە ئاویش هێزێکە، هێزێکی سروشتی، خانمان کە ئێوە باوەڕتان پێی نەبووە و خۆی لەو ئەستێڵکە مەزنەدا نیشان دەدات کە توانی ئەو پیاوە بەڕێزە بۆ خۆی ببات. بەڵام ئەو، خانمان، ئەو مافەی نەبوو کە ئەوەندە لێی نزیک بێتەوە. مەبەستم ئەوەیە کە من تەنیا پیاوێکم کە هەموو دەسەڵاتێکی ئەم ئەستێڵکەم پێدراوە خانمان. لەبەرئەوەی من ڕێسای خۆمم

هەیە. قەشەش لەوێیە لەناو درەوشانەوەی ڕەنگی سپی و ڕەشی ماتەم گێڕاندا کە دەچێت پەند و ئامۆژگارییەکانی خۆی دەربارەی یونس پێغەمبەر و حووتەکە، دەبەخشێتەوە. بەیانی باش لە قەشە دەکەم و ئەویش فەرمووم لێ دەکات بۆ دانیشتن.

" گۆرانی دەڵێت"

ئۆو ئەی ئۆقیانووسە مەزنەکە بنوو، لە پێناوی ئەوانەی لە قووڵاییدا وا لە ختوورەتدان، بنوو. ئەوا ئیستا دێن، هاتن وا نییە؟ ئۆو خنکاوەکە لەلایەن دەستەیەک لە فەرمانبەرە بەڕێزەکانی چێلتنهامەوە، هەڵدەگیرێت. ئەو پیاوە باشانە هاوڕێکەیان بۆ دواماڵی خۆی دەبەن.

ببین خانمان، ئەستێڵکەکە چەندێک ئارام و لەسەرخۆیە. بەڵام دران گەورەی تۆیە. هەموو شتێک باش دەبێت خانمان. دران گەورەی ئەم ئەستێڵکەیە. ئیتر هیچ درز و شەقبوونێک ڕوو نادات و ئاشتیش سەرتاپای دێکە دادەپۆشێت.

"دادەنەوێتەوە بۆ نوێژ"

ئیستا ئیتر درز نابەیت، ئەوەتا پیاوی خۆتت برد. ئەمشەو ئەو ئاوە دەیویست هەموو شتێک لەگەڵ خۆی ڕابماڵێت و دێکە بخاتە کەنارەوە و منداڵانیش بەرەو کێڵگەکان ڕابفڕێنێت. بەڵام ئەوەتا ئیستا ئارامە. دران، ئەو پیاوەی کە لاشەکەی دۆزییەوە ئەوەتا سەرقاڵی چاودێرییە. خانمان ئێوە پێتان وابوو، کە من هۆشم لە دەست ئەدەم، بەڵام ئەوەتا هۆشم لە دەست نەداوە. تەماشاکردنی درزەکان تەنیا تێبینیکردنی دەوێت. ئەو بەدەباشیر شوێنەکەی نیشان کردووە.



بەڵێ، دیاری کردووە و بەدەنگە سکوتلەندییەکەی خۆی گوتی کە لێرەدا دەردەکەون. گوشاری ئاوەکە گەلێک بەهێز بوو خانمان. ڕاستە من دەمخواردەوە، بەڵام ئیتر ناخۆمەوە. ئەوەتا من ئیستا لەگەڵ خێزانەکەم پێک هاتوومەتەوە و ئەویش لە چێشتخانەی نەخۆشخانەکە کار دەکات. ئیستا خانمان بێدەنگی ڕاگرن. کەمێک ڕێز و نەوازش، بەیارمەتی لێرەدا گارە گار مەکەن. ئەوا دران دێتە دەرەوە و خۆی نیشان دەدات، خانمان بەیداخەکە ڕێک ڕاگرن و مەهێڵن بشەکێتەوە. بەیارمەتی وێنەم بگرن. دران، ئەو پیاوە چاکە، شەرافەتمەندە، کە ئۆلیڤیای خێزانیشی ئەندامی خۆمانە لە یەکێتی دایکان، هەتا بڵێی هاووڵاتییەکی نەجیب زادە و چاکە. من مەبەستم ئەوە نەبوو کە گۆشتەکە لە لەفەکانیان دەربهێنم. خانمان من سەرپەرشتی ئێوە هەمووتانم کردووە لەگەڵ منداڵەکانتان. من مەبەستم ئەوە نەبووە گۆشتەکە لە لەفەکانیان دەربهێنم. من تەنیا پیاوێک بووم لە بەرلینا کە چەندەها جگەرەی هەبێ و چێژی لە تاقە دانەیەکیشیان وەرنەگرتبێت. فسە فسی ئەو شەرابی ڕێواسە چەند خۆشە.

تامی هەر دەڵێی تامی نۆبەرەی شەرابی سێوە لە ناو ڕەزی مێوژدا، دەی گڕەت بێ و تینوێتیت بشکێنە... یەک پێک هەڵدە و ئیدی دوا پێکت بێت.

ئاوەکە ئارامە و هەراسانی مەکە، کابرا. هەراسانی مەکە دەنا ژنان و منالان، لە ژووری نووستنەکانیانەوە ڕادەماڵێت و باوکە داماوەکانیشیان لێرە و لەوێ لە ناو پاشماوە و کەلوپەلی

ڕامالڕاودا، دەکەونە چنگە کرێ بەدوای کەسە ئازیزەکانیاندا. بەدوای تەوقە و ملوانکە و یاری و بێشکەی منالەکانیاندا، کە هێزێکی گەورە ڕای مالیون.

خەمتان نەبێت، خانمان. دران سەرقالی چاودێرییە. ئەوەتا لە ڕۆژێکی بێ تینی ساردا چێرچمان هێنایە دەرەوە. ئایا ئەو خانمە لەوێیە؟ بەلێ ئەوەتا ئەو خانمە لەوێیە. ئەی خانمە مەزنەکە، تۆ پیاوی خۆتت بەردەست کەوت. دران پیاوێکی پاکژ و بەڕێزە و لە چۆلەوانیدا ناژی. پاش نیوەڕۆت باش پێرس. پێرس ئەی جووتیارە چاکەکە. من ئەم پارچە زەوییەت دەدەمێ، بەبێ ئەوەی هیچ ڕقێک لە دەروونما بێت بەرانبەرت ئەی جووتیارە چاکەکە. ئەوەش هەر ئەوە نییە کە بۆ تاقیکردنەوەیەک بێت، خانمان، بەلکو خواوەند بۆ خۆی منی بۆ کارە گەورەکان خولقاند. پیاو دەبێت شوێن ئارەزووەکانی خۆی بکەوێت.

کەسانێک هەن کە بۆ کاری گەورە خولقاون و هەمان ڕێگەی پێرسیان گرتووە.

ئەها ئەوە خێزانەکەیەتی، هەموو جلیان ڕەشە و خەمبارن بۆ کۆچی دوایی ئەو.

یەکێتی دایکانیش باوەشیان بۆ خێزانەکەی گرتەوە، ئەگەرچی هێشتا بەتەواوی ئەو مەرجانەشی تێدا نەبوو. ئەی ئەو پیرەمێردە بەڕێزە کێیە بەخۆی و ڕیش و قژە چەرمووەکەیەوە هاتووە؟ باوکی جوانەمەرگە؟ پیرەمێردێکی بەڕێزە. هاتووە کوڕەکەی بەخاک بسپێرێت، بەو خاکە ساردە. ئەو پیاوەی کە



شارەزای زەوییە.

پاش نیوەڕۆت باش، گەورەم. ئەوە منم دران. ئەو پیاوەی شارەزای زەوییە و کوڕەکەشتی لەو قەبرە ئاوییە دەرهێنایە دەرەوە. زەوی زۆر بەتوانایە گەورەم، دنیایەک هێز هەن کە من و تۆش دەیانناسین " خۆلەمێش بۆ خۆلەمێش و تەپوتۆز بۆ تەپوتۆز و ئاو بۆ ئاو "

" دادەنەوێتەوە و تەماشای ئەستێلکەکە دەکات"

تۆ ناتوانیت پشتگوێم بخەیت، تۆ ناتوانیت پیاوێک پشتگوێ بخەیت کە بەدلسۆزی کاری خۆی ڕاپەڕاندووە. من پێکێکی تر دەخۆمەوە. یەک پێک و ئیتر دەنووم. تەنیا یەک پێک. ئیتر درز نابەیت، تۆ ئارام بوویت.

" بەرەو لای شووشەی شەرابەکە دەچێت و دواین چۆڕی هەلدەدات کە کاریگەری لەسەر جێ دەهێلێت و هاوارێکی لێ بەرز دەبێتەوە.

هەردوو دەستی بەرز دەکاتەوە بۆ مێشکی و بەتوندی دەیگوشێت تاوەکو مێشکی هێمن بکاتەوە. دەنگە دەنگێک لە نزیک ئەستێلکەکەوە دێت.

گوێی دادەپۆشێت و سەری دەجوولێنێت تا خۆی لێ گێل بکات.

تارمایی چێرچ دەردەکەوێت"

**چێرچ:** ئەوە منم دران.

**دران:** من دەمزانی ئەگەر دوایین پێکی خۆم هەلبدەم تۆ دێیت.

**چێرچ:** ئەوەت دەزانی دران؟ دەتزانی؟ ئەوەت دەزانی کە من لە قەبرە ئاوینەکەمەوە دێمە دەرەوە؟

**دران:** بەڵێ، پێش خولەکێک لەمەوبەر هەموو شتێک جوان بوو. من لە خــوارەوە، لە گــوندەکــە بەو پەڕی ڕێز و نەوازشـــەوە لە پرسەکەی تۆدا ڕاوەستا بووم. پاشان دوایین پێکم خواردەوە، دەمزانی کە تۆ دێیت.

**چێرچ:** من خۆشحاڵم کە چاوەڕوانی هاتنی من بوویت، دران.

**دران:** کە دوایین پێکم خواردەوە، هەمــوویان لێرە بوون. ئەوە زیرەکی منە هەستی پێ دەکەیت چێرچ.

**چێرچ:** بەڵێ هەست دەکەم، ڕۆیشتن؟

**دران:** بەڵێ، ڕۆیشتن. هەر هەموویان لێرە بوون. هەموو خەڵکەکە.

لەوەوبەر تەنیا مشک و قالۆنچەی ڕەش دەهاتنە ئێرە، بەڵام ئیستا خەڵکان هاتن و خەمبار بوون. دایکم لە ناو هاتووەکاندا بوو، کــە پشــتی بەهۆی چنینەوەی توور و پیــاز و ڕنینەوەی گیاوە، چەمابووەوە و جلی کاری پۆشیبوو، گوتی " کوڕەکەم تۆ خــــاوەن زەوی خـــۆت بوویت، زەوی باوکت، ئەوەت بۆ بەجێ هێشت بۆ ئەم کارە" خێزانم هات بۆ ئێرە جوان و ڕازاوە بوو، باجی ئەندامێتی یەکێتی دایکانی کردبوو بەپاڵتۆکەیەوە و مناڵەکانی بەباوەشەوە گرتبوو و گوتی " چەندم قوربانی بۆ تۆ دا کەچی تۆ خواردنەوە بۆ خۆی بردی".

هەروەها ژنەکانی تری یەکێتی دایکان لێرە بوون دەیانگوت " گارە گار.. گارە گار. سەرخۆش و ماڵ بەباکەر، ژنەکەی بەجێ



هێشتووە و تەمەڵ و بۆگەن شەرابی سێو دەخواتەوە و شەرابی هەڵووژە دەفرۆشێت".

هەروەها هەموو کچە ئەڵمانییەکان، خۆیان و خێزانەکانیان لێرە بوون بەبێدەنگی ڕاوەستابوون و تەماشایان دەکردم. کوڕان و باوکان و برایان و دایکان و داپیرە و باپیرەکانیان. کچەکە بەئاماژە و چرپەوە دەیگوت

" لەفەکەت لەسەر مێزەکە دانێ"

لەفەکەم لەسەر مێزەکە دانا و هەموویان تەماشایان دەکرد، وەک ئەوەی هەموویان بڵێن " ئەها گۆشتی تێدا نییە، گۆشتەکەی شاردووەتەوە تا بیگۆڕێتەوە بەجگەرە".

**چێرچ:** کەواتە دران تۆ لێم ناترسیت؟

**دران:** نا، نا. ئەو کاتەی کە هۆشم لەدەست دا دەمزانی کە تۆ دێیت.

**چێرچ:** بەستەزمان دران.

**دران:** یاساکەم، جارێکی تر پێم بڵێ یاساکەمت پێ چۆن بوو؟

تۆ گوتت کە یاسایەکی چاکە. تۆ گوتت کە یاسایەکی ژیرانەیە.

**چێرچ:** بەدڵنیایی یاسایەکی ژیرانەیە دران.

**دران:** جارێکی تر پێم بڵێرەوە کە چییە؟ پێم بڵێ کە چییە؟

بۆ ئەوەی یاساکەم بیر بکەوێتەوە. مەگەر تەنیا جارێکی تر ژیرییەکەم، وەک باڵندەیەکی تەختە بۆ بگەڕێتەوە.

ئای خوایە یاساکەم.. ژیرییەکەم.

**چێرچ:** تۆ تەنیایت و خەریکە بەرەو شێتبوون دەچیت، دران.

**دران:** نا، نا، لەبارەی منەوە قسە مەکە. لەبارەی خۆتەوە قسە بکە.

ئەو شـوێنەی کـە بۆی ڕۆیشـتیت، چۆنە؟ هەمـوو شـتێک لەوێ باشە؟

**چێرچ:** تۆ لێ بوویتەتەوە، دران.

**دران:** ئۆو چێرچ، دەزانی تۆ پووتەکانت هەر لە پیا بوو.

چێرچ، دەزانیت تۆ پووتەکانت هەر لە پیا بوو.

من یاسایەکم هەبوو دەربارەی پووت، ئەوە کامە بوو چێرچ؟.

ئەوە کامە بوو؟ ئەوە یاسایەکی زیرەکانە بوو چێرچ، کامە بوو؟

**چێرچ:** یاساکەت؟ تۆ تەنیا ئاژەڵێکی سەرخۆشیت.

لێرەیا دانیشتوویت، دوور لە ماڵ و ژنەکەت تەنانەت خۆشت ناشۆیت.

پیاوانێک هەڵدەخەڵەتێنیت و کێشیان دەکەیت بۆ ئێرە تا خۆت وا نیشان بدەیت کە کەسێکی بەڕێزیت. بەڵام تۆ بەڕێز نیت. تۆ هەر ئیستا پیاوێکت بەکوشت دا. بەڕاستی تۆ لە کێشەیەکی گەورەدایت.

**دران:** بەڵام من یاسایەکم هەبوو، یاسایەکم هەبوو چێرچ.

**چێرچ:** هەمیشە پووتەکانت لە گەند و پیسی خاوێن بکەرەوە.

**دران:** ئەوە یاساکەی من بوو؟

**چێرچ:** ئەوە یاساکەی تۆ بوو.

**دران:** هەمیشە پووتەکانت لە گەند و پیسی خاوێن بکەرەوە.

**چێرچ:** بەڵام ئەوە هیچ کاریگەرییەکی نییە، وا نییە؟

**دران:** بەڵام تۆ ئەوەت بەدڵ بوو، چێرچ. کە یەکەم جار هاتیتە ئێرە، تۆ ئەوەت بەدڵ بوو. من ئەوەم لە بیرە کە تۆ ئەوەت بەدڵ بوو.



**چێرچ:** بەڵێ وابوو. تۆ هەندێک شتی وا دەڵێیت کە گەمژەیەکی پێ خۆش خەیاڵ کەیت.

**دران:** کەواتە ئەوە وابوو؟ هەمیشە پووتەکانت لە گەند و پیسی خاوێن بکەرەوە.

**چێرچ:** خواردنەوەکە کاری کردووەتە سەر مێشکت.

**دران:** مێشکم؟

**چێرچ:** لە پێشا بیرکردنەوەت لەدەست دەدەیت و دەکەویتە وڕێنە و دوای ئەوەش هۆشت نامێنێ.

**دران:** هۆشم نامێنێ؟ نا، هەرگیز شتی وا ڕووی نەداوە. من نامەوێت هۆشم نەمێنێ. من تەواو ئاگام لە خۆمە. من هەرگیز نەگەیشتوومەتە ئەو ئاستەی هۆشی خۆم لەدەست بدەم، چێرچ.

با قسە بکەین.

با قسە بکەین. باوکت لەسەر هەق بوو، وا نییە؟

تۆ ئەو پیاوە نەبوویت کە لە ناو ئەو ئەستێڵکەدا مەلە بکەیت.

ئیستا ئەو، بەڵێ.. پێم وایە ئەو کرێکارە پیرە دەتوانێت.

بەڵام ئیتر ڕێگە بەکەس نادەن. بەهیچ جۆرێک.

**چێرچ:** تۆ بۆت ناکرێت دوای بخەیت، دران. هۆشی خۆت لە دەست دەدەیت.

ئەوەتا بۆ خۆشت نازانی چی دەڵێیت. تۆ هۆشت لە دەست دەدەیت.

**دران:** من بەخانمانم گوت کە چۆن ئەو کاتەی من لێرە نەبووم تۆ هاتوویتە ناو ساباتەکەی منەوە و لە شەرابەکەمت خواردووەتەوە.

**چێرچ:** ئیستا هیچ درۆکردنێک بەفریات ناکەوێت...

**دران:** من لەوێ بووم، لەوێ قسەم بۆ ئەوان دەکرد. هەروەک خۆت دەزانیت پێم گوتن، گەنجێک هاتووەتە ناو ساباتەکەوە و نەیتوانیوە هەر وەک چۆن دران دەخواتەوە، ئەویش ئاوا بخواتەوە...

**چێرچ:** پیاوێکی خانەدان هاتبووە سەردانی تۆ و تۆش بەشێتی خۆت کوشتت.

**دران:** چێرچ، ڕۆڵە ئێمە شەوێکی خۆشمان بردە سەر. بەڵام تۆ ئەو هەقەت نەبوو کە دەرگەی ئەستێلکەکە هەڵبدەیتەوە. ئەوە شتێکی مەزنە.

**چێرچ:** لەوانەیە خۆی لە خۆیدا نمایشێکی خۆش بووبێت.

**دران:** هەروەها ژنەکەت لەوێ لەگەڵ کاکاو و خواردنە سووکەکەیدا، دانیشتووە و هیوا دەخوازێت کە بگەڕێیتەوە بۆ لای. سبەینێ لە گوندەکەدا هەلامەیەکی گەورە ڕوو دەدات. دەبێت ئەوان چی بکەن؟ دەبێت ئەوان چی بڵێن؟

لێکۆڵینەوە دەست پێ دەکات.

**چێرچ:** دەڵێن گەنجێک دەسخەڕۆ کرا بچێتە نێو ئەو ساباتە و بەگەمژەیی خۆی لەو ژەهرە بخواتەوە.

**دران:** شەرمە چێرچ، تۆ حەزت لێی بوو.

**چێرچ:** لێرە دەرت دەپەڕێنن دران، سبەینێ لەم ساباتەت دەبەنە دەرەوە و لێکۆڵینەوەت لەگەلا دەکەن. بەڵام دران گوێ بگرە، ئیدی سبەینێیەک بۆ تۆ نییە. بەردەوام بە لە خواردنەوە با پێت بڵێم.



**دران:** نا، نا، بەبێ خواردنەوەش دەتوانم. ئاگام لە خۆمە. توانا و بڕستم هەیە.

**چێرچ:** ئۆو، ئیدی شەرابەکە کاریگەری نەما لەسەرت. تینووتە. لەو شەرابی ڕێواسە بخۆرەوە کە هێشتا فسە فسی دێت. ئیستا تۆ دەبێت گڕی ناو دەروونی خۆت دابمرکێنیت. تۆ دەبێت فێنک بیتەوە.

**دران:** نا، نا، ڕاستە من تینوومە. بەڵام توانام بەسەر خۆما هەیە.

نابێت دەست لە ڕێواسەکەوە بدەم.

**چێرچ:** کەواتە تینوێتییەکەت بشکێنە.

**دران:** ئەو تینوێتییە لە کاتێکا دەتوانین بەتەواوی بیشکێنین کە کار دەکەین.

هەر وەکو یەکەم فیشکەی هەڵپچڕینی شەرابی سێو، کە تۆ مناڵێکیت و لەگەڵ دایکتا کە لەسەر کورسییەک دانیشتووە و کڵاوێکی پووشی لەسەردایە لە ناو ڕەزێکی گەرمدا مێوژ کۆ دەکەیتەوە، باوکیشت لەوێ یەکەم قومی شەرابی سێوت دەداتێ. شەرابێکی خۆشە. کەواتە تینوێتیت بشکێنە. خۆشە پاڵی لێ بدەرەوە و هەڵی قوڕێنە. بەڵام من پێویستم بەخواردنەوەی نییە، چونکە ئاگام لە خۆمە و گوڕوتینم هەیە.

**چێرچ:** دران، شەرابێکی ئەوەندە زۆر لێرەدایە کە کیفایەتە بۆ ئەوەی تێدا بخنکێیت.

**دران:** نا، مەخنکێ. پێویست ناکات باسی خنکان بکەیت.

**چێرچ:** دران، هاتووم دەربارەی ئەوێ ئاگەدارت بکەم.

**دران:** بەڵێ، دەربارەی ئەوێ. ئۆو، لەوە دەچێت لەوێ ترسێکی زۆر هەبێت.

**چێرچ:** ئەوە هاتووم بۆت باس بکەم. دەربارەی ئەوێ. ئەوێ.
ناو ئەستێلکە مەزنەکە. ئەوە ڕاستە دران کە داوای
پیاوی خۆی دەکرد.

**دران:** من دەمزانی کە داوای پیاوی خۆی دەکات.

**چێرچ:** کێشی کردم بۆ خوارەوە، بۆ ناو زوقمەکەی خوارەوە کە هەر دەتگوت پارچە گەوهەرێکی ساردە وەک سەهۆڵ. دران، ڕای کێشام بۆ خوارەوە بۆ ناو باوەشە زوقماوی و ساردەکەی خۆی، کە شێوەی خەڵووز ڕەش بوو.

**دران:** ڕەش وەک خەڵووز...

**چێرچ:** بەڵام دران، من هاتووم تا ئاگەدارت بکەم. کە شۆڕ دەبوومەوە خوارێ بینیم ئەستێلکەکە پارچە پارچە دەبوو، پارچەکان گەورە دەبوون و لەتوکوت دەبوون و درزیان دەبرد.

**دران:** درز.

**چێرچ:** درزێکی گەورە، دران. دران تۆ ڕاستت دەکرد. درزێک کە هێواش هێواش شێوەی مڵە تەشەنەی دەکرد.

**دران:** درز.

**چێرچ:** لە سەرەوە تا خوارەوەی، دران لەگەڵ چەندەها چڵلورەی سەهۆڵینی سەر ئەستێلکەکە کە دەیویست کەرتی بکات و لێکی هەڵبوەشێنێت.

**دران:** درز، ئیستا نا دوای تەواوبوونی کاری من. من دوا پێکی خۆمم خواردەوە. ئیستا نا.



خانمان، من تا کاتژمێری دوانزە چاودێریم کرد.

**چێرچ:** دران، ئەستێلکە مەزنەکە وا بەهێواشی درز دەبات. ئاو دزە دەکات.
وەک کارتۆنێک ئەتلیسێتەوە و ئاوی لێ دەتکێتەوە. گوێ بگرە، گوێت لە چرپاندنێتی. ئەوە ئاوەکەیە. بەرەو سنووری گوندەکە هەڵدەستێ و منداڵان لە ژووری نووستنەکانیانەوە ڕادەماڵێت بەرەو ئەو کێڵگانەی کە لە ژێر ئەستێرەکاندا ڕاکشاون.

**دران:** شووتی ئاگەدارکردنەوە. شووتی ئاگەدارکردنەوە.

**چێرچ:** بەڵێ، دران بگەرە ئەوێ. خۆت بگەیەنەرە ئەوێ.

**دران:** ناتوانم بجووڵێم. لە پەلوپۆ کەوتووم.

**چێرچ:** بجووڵێ دران، بجووڵێ. دران بجووڵێ تا منداڵان و ژنانی گوندەکە
ڕزگار بکەیت، ئەی پاڵەوان !

**دران:** ناتوانم بجووڵێم. جێمی پێکێ شەرابم بدەرێ.
" هەوڵ دەدات، شووشەی مرەباکە پڕ بکات لە شەراب، بەڵام ناتوانێت. فرێی دەدات. تەماشای ئەملا و لای خۆی دەکات و سەری دەخاتە ناو بەرمیلێکەوە. دەنگی خواردنەوە بەروونی دەبیستریت. تا زیاتر بخواتەوە دەنگەکە زیاتر دەبیستریت"

**چێرچ:** ئاوەکە هات، دران.

**دران:** بخۆرەوە ! بخۆرەوە !
" سەری دەخاتەوە ناو بەرمیلەکە و دەنگی خواردنەوەکە بەرز دەبێتەوە.

دەنگەکە بەرە بەرە زیاد دەکات تا لە ناو شەرابەکەدا دەخنکێت.

دەوەستێت".

**چێرچ:** ئایا ئەوە تەنیا سەرتە، دران؟ ئایا ئەوە تەنیا لە سەرتایە؟

ئایا ئەوە تەنیا...

" بەردەوام دەبێت".

**دران:** نا. ئەستێلکە مەزنەکە. ئەوە ئەستێلکە مەزنەکەیە.

" دەنگی خواردنەوە و قوڵپە قوڵپ بەرەو بەرزبوونەوە دەچێت تا دران دەخنکێت و ئیدی دەنگەکە نامێنێت. تارماییەکەی چێرچ ون دەبێت دەنگی باڵندەیەک دەبیسترێت. خۆری بەیانی هەڵدێت.

ئەستێلکە مەزنەکە سەلامەتە ".

" کۆتایی "